# بەیان

ژ ١٢٣، ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٦



هەواڵنامەی کتێب

حاجی قادری کۆیی

# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی‌یە

سەرەکی ئەنجومەنی گارگێرو سەرنووسەر

مصلح جەلالی

دەستەی نووسەران

سکرتێری نووسین فؤاد حسین احمد

دکتور احسان فؤاد

دکتور کارس قفتان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

محمود زامدار

صلاح شوان

مصطفی زیمال

عبدالرزاق بیمار

حمد مصطفی حمەبۆر

عبدالکریم فلکی یحی

سگڤان عبدالحکیم

محمد سلیم سواری

مونتێف وخۆش نووس: نزار بەزاز


## لەم ژمارەیەدا


● تۆماری جەنگ ●

- نامەکەی سەرکردەی قارەمان بۆ فەرمانڕەواکانی ئێران علی حسین کریم ٢
- عیراقەکەم خۆشەویستم.. شیعر... علی ابراهیم ٤
- مۆم و کاروانی تاریکی.. چیرۆك... عثمان خواکەرەم ٥
- هۆ نیشتمان... شیعر.. عبدالرزاق بیمار ٧
- دڵ بۆتە سکڵ.. شیعر هوشیار بەرزنجی ٨
- تێکچوونا سەرۆبەرێت ئێرانێ.. حمید علی ١٠

● رەخنە ●

- حاجی قادری کۆیی‌و رەخنەکان... محمد جمیل رۆژبەیانی ١٢
- دیوانی گۆران و چەند سەرنجێك... کاکەی فەلاح ٢٤
- پێداچوونەوەیەکی شانۆنامەی.. حیدر عبدالرحمن٣٣
- گۆتنێت مەزنان.. عزت فندی ٤٥

● چیرۆك و شانۆگەری ●

- گریێ پیرەدار... احمد سالار ٤٩
- موسیبەتی خولەو تالە.. کمال رەؤوف ٥٣
- مەلە لە گێژاوی نەفامی‌دا هیمداد حسین ٦١
- خۆت بە خۆت بیت... عبدالکریم حسن ٦٣
- ریکێش... شعبان مزیری ٦٧

● شیعر ●

- شیعر نامری... پیربال محمود ٦٩
- ئەستێرەی پەروین... علی ناجی عطار ٧٠
- کۆن و نوێ... محمد امین پێنجوێنی ٧٢
- رەشە بایەکی‌تر... لەتیف هەڵمەت ٧٣
- غەریبی‌ی شاعیر.. ئامادەکردن عبدالقادر عزیز ٧٥
- نالەی هۆزاریکی گیراو. ئامادەکردن شەماڵ ٧٧
- گزنگباران.. پەخشان جەزا علی امین ٧٨
- هەر بالای لەیل.. فۆلکلۆر نعمة علی سایە ٨٠
- چاڤێت تە... نزار بەزاز ٨١

● لێکۆڵینەوە ●

- شاعیری ناوچاق شاتری مصطفی نەریمان ٨٢
- چیخۆف خەڵکی شاری سلێمانی‌یە... مصطفی صالح کریم ٨٥
- رکاوی‌و هۆزانەکا سروشتی وصفی حسن رەدینی ٨٩

● چاوپێکەوتن ● لەگەڵ عبداللە سراج دا سعید زەنگنە ٩١

● کەلەپوور ●

- کاڤاڤی... پەخشان علی عزیز ٩٧

● بەرهەمی لاوان ● ......... ٩٩

● راپۆرتی رۆشنبیری ● شیرزاد عبدالرحمن ١٠٦

● پاتەی بەیان ● ئاسۆ ١١١



دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

ئەنیشت

«المعهد القضائی» ت ٤٢٥١٨٤٦ پێنج خەتە


تکاوگلەیی : -

تکـایـە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.


ئابوونەی ساڵانە لەناو عیراقدا

7,000 دینار


بەرگی یەکەم: وێنەی دەسکردی حاجی قادری کۆیی

بەرگی دووەم: وێنەی هەوارەکانمان.



# نامەکەی سەرکردەی قارەمان صدام حسین

## بۆ فەرمانڕەواکانی ئێران چی دەگەیەنێت؟

● علی حسین کریم ●

لەنێوان چەند مانگێك جارێك دەستەچەپەڵەکەی ڕژێمی ئاخوندی ئێران هەڕەشەی توندو تیژ و گەورەگەورە ئاراستەی گەلی عیراق دەکەن و قسەکانیان زۆر لە خۆیان گەورەترە.. وادەزانن بەم شێوازەیەیان دەتوانن کار بکەنە سەر مەعنەویاتی عیراقیەکان و ئیتر ڕێگا بۆیان والادەبێت بۆ گلاوکردنی خاکی پیرۆزی عیراق.. بێ ئەوەی بیرلەهیچ لایەنێکی تر بکەنەوە و لێکی بارەکانی تری عیراق و ڕەچاوی ئیعتباراتی تربکەن.

بیر لەوە ناکەنەوە کە عیراق گەیشتۆتە ئاستێك هەرگیز بەدەم ئەم وئەو نابێتە پارویەکی ئاسان بۆ قووت دانی..

بیر لەوەناکەنەوە کە عیراق ئێستا ماوەی ١٨ ساڵە پاڵەوانێك ڕابەرایەتیی دەکات هەرگیز هیچ دوژمنێك ئەو هێزەی نیيە بتوانێت زەفەری پێ بەرێت و خۆشی بکەوێتە دڵیەوەو ئارام بگرێت..

سەرکردەی قارەمان صدام حسین دەزانێت لە چ کات و وەختێـــك دا گورزی کوشنـدەی خۆی بوەشێنێت و کەللەی دوژمن پان بکاتەوە..

ـ صدام حسین قارەمـــانی ئەم میللەتـــە دلێـــرە بەویـــەری ووردی‌و بەســـەلیقـەتـەوە کات و جێگـا هەڵـدەبژێـرێت بۆ وەشـانـدنی شمشێری تیژ کە لەت لەتی دوژمن بکـاتەوەو خۆیـان و نەخشـەو پیلانەکانیان گۆڕبکات.. گەلی عیراق لەسایـەی شۆڕشی تەممـوزو سەرکـردە دڵسۆزەکەی صدام حسین لەپیلان و نەخشەی ناپاکی دوژمنان گەلی بەهێزترو بەتـوانـاتـره بەو چەشنـەی کە باکی لە هە ڕەشەو گوڕەشەی چەنـد نەفـام و بێ‌مێشکێـك وەکـو خومەینی‌و داردەستەکەی نەبێت.. چونکـە ئەم تاقمـە گەوجـە ئەمـە یەکـەم جاری نەبـووە کە هەڕەشـەی وابکـان.. گوایـە ئەم هێـرشـەیـان هێرشێکی فاسڵە.. بە ئەوەنـدە ژمـارە دێنـە پێشەوە ئە ئاوا دەکەن وئیمپراتۆریەتێکی ئەفسانەیی دروست دەکەن...

دیســان باشیش دەزانن کەوا کۆتـایـیـان چۆن دەبێت هەروەکـــو جاری جاران.. هەروەکـو سالآنی رابـوردوو.. وەرزەکـانی پێشـوو چۆن بەدەستی سەربـازەکـانی قادسیەی صدام تەفروتوناکران و بوونە خۆڵەمێش بە هەزاران هەزار لە سەربـازو ئەفسـەرو پاسـدارانی خومـەینی ڕەوانـەی ئاگـری دۆزەخ کران، بەهەزاران هەزار تائەم ساتە کەس هەواڵیان نازانێت و بە وونبـوون داویـانـەتـە قەڵـەم و لە بنچینەش دا بوونەتە خواردەمەنیی مەل وجانەوەرو خوراکی ماسیی دەریا..

سەرشـۆڕی‌و کەســاســی‌و زەلـیـلی بۆ خومـەیـنی‌و داردەستەکـەی ، ئایـا تاکـەی وا بە فروفێـڵ مامـەڵەو ڕەفتار لەگەڵ گەلانی ئێران دا دەکەن.. تاکەی خۆیان بەم شێوەیە لەڕاستی‌و حەقیقەت دەشارنەوەو پەردە لە سەر دەم و چاوی قێزیان دادەنێن. ئایا هەموو درۆیەك کۆتایی نی‌یە؟

بەڵێ پەتی درۆکـــورتـــەو زوو دەپچـــڕێت.. مەلاکـــان هەرچـــەنـد هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی خۆیـان بەپـاکی پیشـانی گەلان بدەن، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ زیـــاتـــر ڕووڕەش و تاوانبارو بەدفەساڵییان دەردەکەوێ..

قارەمـان صدام حسین لە نامـەکـەی‌دا بۆ فەرمانڕەواکانی ئاران ئەم ڕاستیانەی بۆیان ڕوون کردەوە..و

ئامـۆژگـاریی بەنـرخ پێشکـەشیـان کرد.. کەوا دەبێت لەگەڵ ڕاستی‌دا مامەڵەبکەن و واز لە هیچ وپووچ بێنن..

کە فەرموویەتی «لەم هەوڵدانە دوژمنکاریەیەی ئەمساڵتان بەســەر شۆڕی دەردەچـــن، هەم خۆتـــان و هەم ئەوانـــەی یارمەتیدان دەدەن»

چونکە هەروەکو قارەمان صدام حسین فەرموویەتی:

«ئێوە هەموو جار پەیمان بە ئێرانیەکان دەدەن گوایە ئەم هێـرشـەتـان دوا هێـرش دەبێت، ئێمـە بە ناوی عیراقیەکان تەحـــەداتـــان دەکـــەین و هەرگیـز شتی وا ڕونـادات و ئێوە درۆدەکەن لەگەڵ ئێرانیەکان دا.. ئێوە پاڵ بە ئێرانیەکانەوە بەرەو ئاگری مردن دەنێن..»

دەبێت دەستـــەو دایـــەرەی خومـەینی‌ی تەڵـەکـەبـازدان بە ئەم ڕاستیانە بنێن کەوا هەرگیز ناتوانن زەفەر بە عیراقیەکان بەرن چونکە عیراقیەکان خاوەن حەق و مافی خۆیانن بەرگری لە خاکی خۆیـــان دەکـەن. بە ئیمـان و بڕوا دەجـەنگێت و تەمـــاعیـان بە خاك و سامـانی کەسـەوە نی‌یـەو دەیـەوێ بە ئاشتـی‌و خۆشـــەویـستـی لەگـــەڵ گەلانی تردا بژیت..

هەروەکو قارەمان صدام حسین فەرموویەتی:

«داوای ئاشتی دەکـــەین و حەزمــــان لە جەنـگ نی‌یـە، لەکـاتێـك دا ئامـادەین و توانـای ئەوەمان هەیە بە شمشێری تیژمان پەل پەلی دوژمن و نییەتە دوژمنکاریەکانی بکەین»

بەڵێ گەلێـك خاوەن ڕابـەرو سەرکـردەیـەکی مەزن وەکو صدام حسین بێت هەرگیز باکی لە دوژمنان و چاوچنۆکان نابێت، هەرگیز گوێ نادات هەڕەشەی کورتە بالآکان وەکو خومەینی‌و داردەستە گومڕاو نەفامەکەی.. با ئاگری دۆزەخ بەشیـــان بێت کە بەریـزو هەر ڕۆژ بە دەستی عیـراقیـەکـان ڕەوانەی ئەو جێگایە دەکرێن.. ڕەوانەی دۆزەخ...

# عیراقەکەم خۆشەویستم

● علی ابراهیم درویش ●

عیراقەکەم وڵاتی جوان
خۆشەویستی دایك و بابان
لەم خاکە پاکە دروست بووم
لە باوەشی تۆگەورە بووم
بەشیری تۆگەش کراوم
بەسەر بەرزی نراوە ناوم
وڵاتەکەم عیراقی جوان
جێگەی خەبات و تێکۆشان
دایکم کاتی بانگی کردم
وڵات پەروەری فێر کردم
بازی بەندی لە قوول کردم
وتی کورم ژیام یاخود مردم
ئەوە ئاڵای عیراقی جوان
بۆ خۆت بیکە بە ناونیشان
سوێند بە خودا شورشگێرم
نیشتمان قەت جێت ناهێڵم
ناوت ئەنێمە سەر چاوم
بە باشیت ڕۆیشتووە ناوم
عیراقەکەم وڵاتی جوان
جێگەی هەڵمەتی پاڵەوان
بە یەکێتیت پشت ئەستورم
پاسەوانی سەر سنورم
تێشك چی پاکی ئەم خاکەم
منی کوردو عەرەب کاکم
وڵاتەکەم عیراقی جوان
چقڵی چاوی گشت دوژمنان

# هۆمەر و کاروانی تاریکی

○ عثمان خواکەرەم ○



لە یەکێ لە شەوەزەنگەکانی سالی (١٩٦٧) لە عێراق دا، لە ناوجەرگەی ڕەشی دا. گێتی تاریك بوو. چاو چاوی نە دە بینی. جیهانیش ڕەشی قەترانی.. نە ڕۆشنایی، نە تروسکایی.. نە سامالێك، نە ئاسۆیەك تاریکی یە.. تاریکی یە. هەموو چاوێك نووقابوو، هەموو چاوێك خەوت بوو، هەموو چاوێك مردبوو. کپی یە، خامۆشی یە!.

تاریکی شەو دوو کلۆ خەلووز لە چاوەکانی دا بوو، هەر خۆیشی پێشڕەوی کاروانێکی تانوپۆ ڕەش بوو. دروشمێکیان هەڵ کردبوو «ئێمەین دژی ڕووناکی، دەبێت هەموو لایەك تاریك ببێت»

ئەم کاروانە سوپایەکی زۆرو بێ ژمارە بوون، دەگەڕان بەدوای ڕووناکی دا، بۆ ئەوەی دەست بخەنە بیناقاقەی و بیخنکێنن.. بیتاسێنن.. هەناسەی ببڕن.. لەناوی ببەن.. بیکوژێننەوە پەردەیەکی تاریکی بدەن بەڕوویدا.

تاقمی خێوەکان و جادووگەرەکان لەدوای پێشڕەوی کاروانەوە دەڕۆیشتن. تیپی کونەبەبوو و، شەمشەمەکوێرەو، قەلەڕەشەو، قاژووو، سیسارکەکەچەڵەش بەدوای ئەمانەوە بوون.. ئەمجا قامچی وەشێنەکان و مارو دووپشك و دڕکی ڕێگەش یەك بەدوای یەکەوە بوون.. دوای ئەمانیش دوڕوندە خوێن خۆرەکان و، پشیلە دەم سوورو نینۆك تیژەکان کەوت بوونە ڕێ.

کاروانچی یە تانوپۆ ڕەشەکان بەختیار بوون، شادومان بوون.. چونکە نەتیشکی مۆمێك، نەڕۆشنایی یەك نەبوو بەرهەڵستیان بکات.. ناوجەرگی تاریکی دەربهێنێت چاوە لێڵەکانی کاروانچی یەکان بهێنێتە ژان.

گەڕان، زۆر گەڕان.. سوپاسی بێ پایانی تاریکی یان کرد، چونکە وایان زانی ڕۆشنایی یان لەهیچ لایەك نەهێشتووە.. باڵە ڕەشەکانیان هەموو لایەکی گرتۆتەوە، بۆیە لەخۆشی دا هەموویان بەیەك دەنگ کەوتنە خوێندنەوەی سروودی (سەرکەوتنی تاریکی)

هەر ئەو شەوەبوو قامچی وەشێنە مل ئەستوورەکانی ئەم کاروانە تانوپۆ ڕەشە ڕێیان گرت لەدایکێکی ڕووسپیی ڕێبوار، زۆریان لێ کرد بیبەن بۆکۆشکی سەرگەورەکەیان.. بۆئەوەی سەمایان بۆبکات.. بۆئەوەی گۆرانیان بۆبلێت، تا مەستیان بکات.. بۆئەوەی

سەرگەورەکەیان بەچاوە خەلووزەکانی لەشە سپی یەکەی ڕەش بکات.

ئافرەتەکە گریا، پەلەقاژێی کرد.. بەرگەکەیان (شیتاڵ) کرد، کەچی هەر خۆی نەدا بەدەستیانەوە!. هاواری کرد: «من کۆشکی ڕەشی ئیوەم ناوێت. لێم بگەڕێن دەچم بۆلای منداڵەکانم، لەلای تیشکی مۆمێك دام ناون تیشکی ئەو مۆمە چاوەکانتان دەهێنمە ژان، دەتان سووتێنم!..»

قامچی وەشێنەکانی تاریکی بەیەك دەنگ زریکاندیان: «چی ی ی؟!.. تیشکی مۆم؟!.» لەترسا خێرا بەرەڵلایان کرد.. لێی دوور کەوتنەوە. ئەویش بەبەرگی شیتاڵی یەوەو، بەپێی پێخاوس، بەڕاکردن چوو بۆلای مۆمەکە.

هەر ئەو شەوە لەو تاریکی یەدا منیش بەدوای مۆمێك دا دەگەڕام، بۆئەوەی لەبەر تیشکەکەی شتێك بنووسم.. قامچی وەشێنەکان ڕێگەیان لێ گرتم، ئابلۆقەیان دام، دامیان بەزەوی دا، چوارمێخەیان کێشامەوە، چاکەتەکەمیان داکەند، کراسەکەمیان برد.. کەخەریك بوون پێنووسەکەشم بشکێنن، بەدوورەوە تیشکی ئەو مۆمەم دی کە ئافرەتە پێخاووسەکە بەپەلە ڕای دەکرد بۆلای!. قیراندم بەسەریان دا «چاکەتەکەم بدەنەوە.. کراسەکەم بدەنەوە.. ئەگەرنا بەپێنووسەکەم دەڵێم بەتیشکی ئائەومۆمە چاوەکانتان بهێنێتە ژان، بتان سوتێنێت!..»

قامچی وە[illegible]ێنەکانی تاریکی لەترس دا بەرەڵلایان کردم.. بەخۆم و چاکەت و کراس و پێنووسەکەمەوە ـ بەسنگەخشکێ چووین بۆلای مۆمەکە.

لەوێ خەرمانێك گەنم هەڵ درابووەوە، منداڵەکانی ئافرەتەکەش لەڕووناکی یەکەدا بێباکانە یاری یان دەکرد.. ئافرەتەکەش بەدەم هەناسەبڕکێوە باسەکەی بۆمۆمەکە دەگێڕایەوە: ـ من و چاکەت و کراس و پێنووسەکەم کڕنووشمان بۆمۆمەکە برد.

ـ قامچی وەشێنەکان، هاواریان برد بۆتاریکی ـ شەو..

وتیان: «ئەی پێشەوای کاروانی تانوپۆ ڕەش فریامان بکەوە.. ئەهاها لەدوورەوە مۆمێك داگیرساوە، چاومان دەهێنێتە ژان.. دەمان سووتێنێت: ـ ناوجەرگی تۆش دەردەهێنێت»

تاریکی شەو بە هەڵ لەرزینەوە وەلامی دانەوە: «سەبازەکانم، ئەو مۆمە کزو لاواز بووە.. ماوەیەکی دیکە دەکوژێتەوە، ئەوکاتە باڵی ڕەشی خۆم دەدەم بەسەری دا. ئیتر گەنمەکانیش بەبێ تیشك ناڕوێن منداڵەکانیش لەترسی تاریکی دەمرن، لەشی ئافرەتەکەش ڕەش دەکەین!. هەر لەو تاریکی یەش دا نووسەرەکە چاوی نابینێت و پێنووسەکەی لێ دەدزین.

کاروانچی یە تانوپۆ ڕەشەکان چاوەڕێیان کرد مۆمەکە بکوژێتەوە: ـ

مۆمەکە لاوازبوو. تیشکەکەی کزو لەرزۆك، کەوتە گیان دان.. تاریکی شەویش وردە وردە باڵە ڕەشەکانی لێ نزیك کردەوە

کاروانچی یە تانوپۆ ڕەشەکان لەخۆشی گیان دانی مۆمەکە کەوتنە سەماو گۆرانی.

بەلام لەپڕێك دا دەستێك، بەدواهەناسەی گەرمی مۆمە سووتاوەکە مۆمێکی نوێی داگیرسان.. ئەو ناوە هەمووی ڕووناك بووەوە.. باڵەکانی تاریکی شەو سووتا. لەسەر مۆمە نوێ یەکە مێژووی (١٧)ی تەمووزی (١٩٦٨) نووسرابوو.

تاریکی شەو لەترس دا زریکاندی و هاواری کرد لە کاروانچی یە تانوپۆ ڕەشەکان: «ڕابکەن، ڕابکەن. دووربکەونەوە، هەڵ بێن.. ئەوا مۆمێکی نوێ داگیرسا»

ئەمجا بەدەم ڕاکردنەوە لەتاو ئازاری باڵە سووتاوەکانی دەگریاو دەی وت:

تادەستێك هەبێت مۆم دابگیرسێنێت، تاریکی جێی نابێتەوە لەوڵاتی عێراق دا.

× × ×



# هۆنیشتمان

عبدالرزاق بیمار

خۆشم دەوێی
ئەی قاووتی پڕ بەدەمم
ئەی شەکرو شیر

ئەی سوێرایی پەنیرەکەی
کلۆرایی ددانی پیر!
شوێن پێڵاوی سەر ڕوومەتت

بە برژانگم دەسڕمەوە
بە نەختی گیان
نازی دیلت دەکڕمەوە.

هۆنیشتمان
بۆ گەلێکی قوڕ لە گەردی چیای بێباك
بە فرمێسکی فرشتەی پاك
شێلراو، ـ گەلی خاك و هەتاو ـ
بۆ ڕەنجبەرانی بێستان و

کان و بان و دۆڵ و دەشتت
بۆ باڵدارانی دۆزەخ و ناو هەشتت
نازدارترین پشکۆی وشە
هەستی خەمبار، سۆزی مشە
نایابترین زادەی بیری کامی گەشە
تیوری‌یەکەی خشڵی دەستی
زێرنگەڕی هەموو جیهان
بۆ تۆی دێنم.. هۆ نیشتمان
تۆی سەرمایەو زێڕو زیوم
تیوری‌یەکەت سورگوڵێکە
لای چەپی سنگی تەنیوم.
هۆنیشتمان
ئەی پیشانگای خەم و لاووك
ئەی بۆ سەری سەرما بردووم
پاڵتۆی باووك.

# دڵ بۆتە سکڵ

شیعری: هوشیار بەرزنجی
بەهۆی تۆپ بارانەکەی حوزیرانی ١٩٨٥
هەڵەبجەی خوێناوی

چاوم گلەو
بیلبیلەکەی ژانی تازەی تێ دەڕژێ..
گۆناو دڵی [هەڵبجە] کەم
ئەنجن.. ئەنجن
شەقار دەکرێ..
جێگە خوێنی پەنجەی [(١) تاهیر]
مەنجەنیقەو
یادگاری شاعیرانی تیا گڕ دەگرێ..
ئەی زادگای [أحمد مختار]..
ئەی شادەکەی [حلمی]و [ناطق]
هەڵبجەی جوان..
بووکی تاکی لە ناو شاران..
خەنەی دەست و
پەنجەکانت..
خوێنی ساوا..و.. ژن و.. پیاوە..
سورای ڕووت..
خوێنی گەشی دڵی لاوە..
جەستەی زامارت
جارێ تر..
بە گوللە تۆپ دابێژراوە..

* * *

هەواڵ بەدن
لەناو گۆڕا.. بۆ [مەولەوی]
[هەورامان]ی
بەهرەی شیعری، کاول و چۆڵ و خاپورە..
نەعرەتەی [(٢) سان] بۆ دیارنی‌یە
شارو چیا،.. بە خوێن سورە..
ڕۆحیانەتی [گۆران]ی لوتکە زویرە،..
[بێکەس] بێ‌کەس دانیشتوە
داخی تۆڵە پڕ دڵیانە
کە هەڵەبجە وێران بووە

* * *

[کانی (٣) عاشقان]ی هەڵەبجەم
جێ نزرگەی شاعیران بوو
لەگەڵ گری (باخی (٤) میر]و
شارەکەیا کڵپەی گڕی بەرپا بووە..
وا [کانی (٥) شێخ] کە ئەبینێ
شارکوانوەو

دڵی خەڵکی تیا ئەسوتێ
کزو خامۆش
هۆن.. هۆن فرمێسك لە چاوی دێ..

* * *

دەستە کچانی شۆخ و شەنگ
ژینیان بووە
بەشەوە زەنگە
پایزی زەرد
لە بەهاری گۆناو لێویان پەیا بووە.
کانی دەمیان
لە بیابانی پڕ خەفەتا، ووشك بووە..

* * *

لە [مۆردانە][٧] و [گوڵان][٨] ی جوان
باروت ئاورنگی
سەر کولمی گەڵاو باخە..
دوکەڵی شار..
وەك ڕەشماری عاشق کوژراو
پێچ ئەخوات و
دڵ پڕ تۆڵە بەرەو شاخە،..
لە جێی سەیران
بۆ چڕوکەو
بزەی ساوا سوتەمەنی
ئەفەوتێ خونچەی تەمەنی

* * *

چەپەر هەواڵ بەرێ بۆ حەزرەتی [نالی]
وا شارەزوور و [خاك و[٩] خۆڵ]
وەك [حوجرە][١٠] کەی
خامۆش و چۆڵ
بەتەختەو قیمەکێشی رق
ئەجنرێ
شارو دەشت و دۆڵ..

* * *

ئەی،.. ئەو شارەی
مەڵبەندی ئەدەب و شیعری
دەپێکەنەوە
ئازاری زام بیربەرەوە..
لە جارانت گەلێ زیاتر
گەش بەرەوە..
درەختی هەنارو ئالۆ
مێرگی سورو
ئاڵ و واڵو..
بشنێتەوە،..
خۆر ئەبێتە میوانی تۆ
زووکە وەك بووك.. بکەوەخۆ
بکەوەخۆ،..

پەراوێزەکان:-

---

١ ـ کە تاهیر بەگی جاف دەمانچەی ناوە بە پەنجەی خۆیەوە خوێنەکەی ڕژاوەتە سەرخاکی هەڵەبجە/ دیوانی طاهر بەگ چاپی دووەم ساڵی ١٩٣٨م چاپخانەی جزیرە.
٢ ـ [سان] لەکۆن دا سەر لە شکرێکی کورد بووە.
٣ ـ ٤ ـ لەکاتی خۆیا شوێنی سەیران بووە.
٥ ـ کانیە ئەکەوێتە سەروی هەڵەبجەوە.
٦ ـ [ماڵی پاشا] مەبەست خانوەکەی [وەسماپاشا]ی جاف ە
٧ ـ ٨ ئێستا دوو گەڕەکن لە هەڵەبجە.
٩ ـ خاك وخۆڵ: شوێنی لەدایك بوونی حەزرەتی [نالی]یە
١٠ مەبەست ژورەکەی حەزرەتی [نالی] یەلە خاك وخۆڵ لە شارەزوور.

# تێك چونا سەروبەرێت ئیرانێ



● حميد علي ●

دوژمناتی و هاریکاری شولەکا هەڤرژن د تێکەلاهێت جیهانی دا ئەگەر ئەڤ شەرەنیخە هات لسەر بنیاتێ بەریکانا ب هێز و بلندتر لسەر رەخێ دی و سەرو بەرێ تەناهێ و تێك چونێ و شەرێ سار و گەهاندنا شەرێ گەرم و دوژوار ب هەمی رەخ و رێت ترس و سەهم ڤە. و هاریکاری د تێکەلاهیا تهێت لسەر بنیاتێ تەناهیا پێکڤە ولێك گوهرین و پێتڤی بونا پشتەڤانیێ دناڤ پێشکەفتنا رەنگێت تێگەهێت سیاسی و ئابوری و رەوشەنبیری.

تێکەلاهێت دەولەتی لسەر پێشکەتنا تەجربا مروڤایەتی و زێدە ونا تێگەهشتنا پێشکەفتی و پێتڤیا ئاشتیێ و دویر ئێخستن ژ جەنگێ ولسەر پێشکەتنا باوەرێت قانونێت جیهانێ و بریارا راپورتێت جیهانی ل شولێ هاریکاریا پێتڤی دەمێ د هەژێت د جولانکا دال هەمی دەڤەرا دناڤ بەرا هەردو لایێت شەرەنیخ و هاریکاریێ دا ئەوەکو بو بێت تەنـاهی دڤێن و پیچەکێ یان دەولەت کێمن بەلێ ئەوێت حەز شەرەنیخێ دکەن دحازرن بو رازی بونا شەری و لێك ڤەکرن لسەر هندەکێت دی ب چ بها بێت و رژێما ئیرانێ ئێکە ژ نمونێ ئاشکەرایە د بریارا شەرەنیخێ د تێکەلاهێت خودا!

و ئەڤێ رژێمێ رێکەك یابخو دانای و لسەر دچیت ئەو رێکا شەرەنیخێ یاکو بەرهەڤ کری ب هزر و خیچ کێشان ئەو

حەزکـرنـا شەری و دوژمنـاتیێ دژی خەلکێ ب بکـارئینانا بەرێخودان و هێزا دوژوار کو ئیرانێ هێزەکا لەشکەری قاییم هەیە و چو نا گەهیتە ڤێ هێزێ د هەمی دەڤەرا روژ ئاڤا و ژێریا ئیرانێ.

وەکی شولـەکـا ئاشکـەرا رژێمـا ئیـرانێ گوهـ نادەت ب پێشکەتنا تێکەلاهێت خو یێت دەرڤە. و چو جارا نەکریە بریارا هاریکـارێ دنـاڤ بەرا دەولـەتێت دەڤـەرێ ئاشکـەرا نەکریە هەر وەسا ژی ئەگەرێت نەخوشێ چارەسەر نەکریە ئەوێت کو شاهێ بن گور پەیدا کری دوەختێ دا.

ژڤێ زێـدەتـر ژی رژێمـا ئیـرانێ ل رێـك و ئەگـەرێت نوی دگەریا بو تێك چونا سەرو بەرێت دەڤەری.. هەتاکو گەهشتە ب بەردانا قەسا وگوتنا وگەفا دەمێ هەمی دەڤەر داناى دشولێت نوی دا بو تەناهیێ درێکا هزرێت دوژمناتیا ئیرانێ یا نێزیك و پێ ئامادەیە داکو رابیت ب هێریش و دوژمناتێ و دەست درێژیێ د سەروبەرێت نافخوی دا ل دەڤەرێ.

رەنگێت شەرەنیخێ ل سیـاسـەتـا رژێمـا ئیـرانێ مشـە بون برەنگێ گشتی نەد هندێ دا بو هزرا راستێ و خەلەتیێ دا بو رژێمەکا نوی و کور فەهم. هوسا ژی نەد کارێ دوژمناتێ کێم کەت و دویـر بێخیت تەنـاهیـا نیشتمـانی ئەوا کو روحـا مانـانـا سیاسی بو تەرازیا ناهێتە نزمکرن بو دەولەتا د دیتنا تێکەلاهێت دەرڤە و پێشکەتنا وێ. و ژ شولێت رژێما ئیرانێ پێ رابوی ژ لایێ درڤە دا پێك هینانا نەخوشێت مەزن لسەر راى و یاسایێت دەولەتی ژ لایەکێ ڤە و ژلایێ ئاشتێ و تەناهێ د تێکەلاهیا ڤێ رژێمێ ب دەولەتێت دەرڤەرێ ژ لایەکێ دیڤە لوەختێ رەنگێت شەری گەهشتە زمانێ تێکەلاهێت دەرڤە یا رژێمێ بو دەولەتێت دەڤـەرێ چ ژ لایێ هزرینێ یان داخـوازا وەلاتیـا د خو ئاسێ کرنێ دا لسەر رژێمێت نیشتمانێت خو یان گەڤدانا نەراست کو ئیـران ئەوە مەزن ل ب ڤەدەراهـی و ب خەلـکـێ ڤە و خودان جەبلخانێت مەزن.

پەرێت دیـروکێ هاتنـە وەرگێـران و شولێت بەرێ ئاشکـەرا بون، نەبو تشتەکێ بەلێ بو ئەگەرێت تێك چونێ و دویرکرنێ دەمێ پێشکــەتـــا تێکەلاهێت ب فایدە و وەج دگـەل وەلاتێت دەڤـەرێ دەمێ رویـدانـەك چەپـەل پەیـدا بوی وترسینەك لـ... هزرێت بنیـاتی د تێکـەلاهێت دەولـەتـا و مافێت وا دەمێ هەدى شەریعەت و بریار د ئاشکەرا نە د سیاسەتا ئیرانێ یا نەقەنج دا «هنارتنا شورەشێ» یان فرێکرنا رەشەکێت خو بو بەلاڤکرنا ترسێ و تێك دانا سەروبەرێت نافخوی ل دەولەتێت دەڤەرێ هەروەسا زیـانێ دگـەهینیتە هاتن و چونێت وان یێت ئاڤێ «گـەمی» یان لەشکەرێ خو دکێشیت و بەرهەڤ دکەت بو دوژمناتێ و شەری هەر وەکو دگەل عیراقێ کری.

جەنگ بو ئێکەمین شول بو رژێما ئیرانێ.. و پاشکەتن بو شەری هەتـاکـو سالا ١٩٨٠ ئەو مەسـەلا وەختی بول دیتنـا رێکـەکی بخـو ببینیت داکـو بچیتـە دنـاڤ دا، لبەر ڤێ چەندێ کریارێت عیراق پێ رابوین بو هاویش کرن لدور سەروبەرێت هاتینـە کرن ژ لایێ رژێـمێ ڤەو ئەم دوێ هزرا داین کو مە نەشیا خو قورتال کەین ژڤێ دوژمناتێ لبەر عیراقێ نەما ژبلی دەست پێکرنا بەرەڤانیا وەلاتێ خو بکەت و نەپێتڤی بو بهێلیت بو وەختەکێ دی چونکە سەروبەرێت عیراقێ ئەوێت جوغرافی ب رەنگـەکی تایبـەتی ئیزن نەدا بو دویـر ئێخستنـا بریـارا شەری. چونکە بەرپسیاریا نیشتمانی نەوەکو ل هیڤیا وێران کرنێ دا بو بەلی بەرسینگ گرتنێ دا چونکە دوژمناتیا ئیرانێ

هەبـو ب هەمی رەنگێت خوڤـە ئەوێت سیـاسی و ئابـوری و پروپاگەندەی.. وب تایبەتی لایێ لەشکەرێ ڤە.

ئەڤ دوژمناتیا هەنێ جەنگ کرە ئیرانی د رامان و دهزرا دا و لێچـونێت هەمـەرەنـگ هەتـاکـو گەهشتیە وێ چەندێ یا بسەردا هاتی و چوینە د سالا حەفتێ دا و رژێما ئیرانێ بەردەوامە دسەر رەڤیـا خودا چونکـە هەر ئەو پالـدان یا لسـەر دچیت بو برینـا پەیوەندێت موکوم و هەڤالینی دگەل عیراقێ و وەلاتێت دەڤەرێ وگەهاندنا ڤان تێکەلاهیا بو خراب ترین رەنگ بو ژێك ڤەمانێ و جەنگێ عیـراقێ.. نەوەکـو پالـدانـا بەردەوامیـا شەری دکەت و درێژ کرنا وێ لوەختێ میللەتێت ئیرانێ گەهشتنە راستێ کو چ فایدە دڤی شەری دا نینە ژبلی مال خراب کرنێ و تەلافەتێ و پشتی سەرکەفتنێت عیراقێ ل چەپەرێت شەری ئەڤە ژی دبنە ئەگەرێت مشەبونا شکەستنا ئەوێت بسەر رژێمێ دا دهێن.

## سەرنجێکی سەرپێیی دیوانەکەی

# حاجی قادروڕەخنەکان

نووسینی محەمەد جەمیل ڕۆژبیانی

پێشەکی :

لەمەوبەر لەبەشی گۆران زمانەکانا بەشەو لە دیوەخانەکان و چاخانەکانا باویو ئەثەرە بەنرخەکانی نیظامی گەنجەوی بەکوردی وەرگێرراوو ئەثەرەکانی خانای قوبادی ئەخوێندرانەوە کە برێتی بوون لە داستانی ئازایی و چیرۆکی دڵداری. لە بەشی سورانی شێوەشا چیرۆکەکانی قەڵای‌دمدم و ناصرو ماڵ ماڵ و بەیتی ئەوڕەحمان بەکر دەخوێندرانەوە. لە بەشی کرمانجی ژوروشا مەم وزینی خانی و دیوانی جەزیری باو بوون..

لەناو شارەکانیشا ئەدیب و خوێندەواران لەتۆمارو کەشکۆڵەکانیانا پارچە هەڵبەستی هەستیارە بەرزەکانی کوردیان یادداشت ئەکردو لە گەڕە لاووژەدا بۆیەکتریان دەخوێندەوەو بەراوردیان دەکرد. لەناو دێهات و خێڵاتی دو هەرێمی کەرکوك و سلیمانی‌دا - وەك بزانم - «مەولەوی» بەختیارترین هەستیاری کورد بوو کە هەڵبەستەکانی وەك بنێشتە خۆشەی دەمی لاوان و پیران بوو. گۆرانی‌چڕانی کورد کە ئاوازە-کوردیی‌یەکانی (قەتار- ئەڵلاوەیسی - خاوکەر - خورشیدی - ئای‌ئای سەحەری)یان ئەچڕی تەنیا هەڵبەستی «مەولەوی»یان بەکار ئەهێنا، لەبەر ئەو خاوەن چەشکەو هەستەکان ئەکەوتنە لێك دانەوەی مەبەست لە هەڵبەستەکان.. بەڵام هەڵبەستی هەستیارە مەزنەکانی تری وەکو نالی و سالیم و مەحوی و مەولاناو کوردی ... تاد تەنیا لە کۆڕی ڕۆشن بیران دا بەموناسەبە ئەخوێندرانەوە.

کابرایێکی زیرەکی شیعردۆستی سنەیی بۆی گێڕامەوە وتی: جارێکیان لە دیوەخانەکەی شیخ ڕەضای طالەبانی‌دا لە کەرکوك دەستەیێ ئەدیب و ڕوشنبیر گەڕە لاووژەئاسا هەڵبەستی خۆیان و خەڵقی‌تر ئەخوێنتەوە لەم حەلەدا کابرایێکی خۆبەشت زان و لەخۆ ڕاضی‌ش لەوێ ئەبێ و خۆی هەڵئەقوتێنێ و ئەڵێ: سەرووەرینە ئەمانە گەنە شیعرن شیعر ئەم قەصیدەیەی نالی‌یە کەبەم جۆرە دەس پێ ئەکات:

**«ئەی سەروی بڵند قەدوو وبرۆتاق ومەمك جووت»..**

دانیشتوان هەمویان گوێ ڕادێڵن بۆ ئەو دووای. کابرا دەمی ئەچی بەگیراو ئەحەپەسێ و بۆی نایێ.

«شیخ رەضا» ئەڵێت: قوربان نیوەکەی تری بەم جۆرەیە:
**«فەرقی نەبو ئەم شیعرە لەگەڵ میزو لەگەڵ گووت!»**

لە ساڵی ١٩٢٠ بەدوواوە، کە لە کوردستانی ئێمەدا چاپ پەیدابو بۆ یەکەم جار - وەك بزانم - دیوانەکەی مەحوی لەچاپ درا. ئنجا بە هیمەتی ئەوڕەحمان سەعید کومەڵە شیعرەکەی حاجی قادر چاپ کرا. هەڵبەستەکانی «مەحوی» گەرچی زۆر ووردو مەلایانەو صوفی یانە بون بەلاَم زۆر ڕەق و ووشك بوون گەنجان لێی تێ نەدەگەیشتن. . بەلاَم هەڵبەستەکانی (حاجی قادر) ئاگرێکی نیشتمانی لە دڵی گەنجانا هەڵگیرساند، کە مەشخەڵ و ویلێسەی دڵی لاوو پیری ڕون ئەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیێکی زۆر کەمی لێ لەچاپ درابوو بەلاَم گەنجانی خوێندەوار بەدەستیاو ئەیانگەیاندە دەستی یەکتری. لەپاش دیوانەکەی حاجی قادر وەك لەبیرم بێ یادگاری لاوان و دیاری لاوان چاپ کران و کاری خۆیان کردە سەر مێشکی خوێندەواران. . ئنجا لەسایەی هیممەتی ئەو کوردانەوە کە لەدوکانەکەی «مام بەشیر»ی بەهەشتی کۆدەبوونەوە ئەم دیوانانە بەچاپ گەیین! «دیوانی شیخ رضا - دیوانی نالی - دیوانی سالیم - دیوانی میصباح - کە ئەمەیان بە وێنەیێکی مام بەشیرو کوروکچێکی کوردی جوان ڕازابووەوە، گەرچی هەڵەی زۆرو چاپە خراپەکان نرخی دیوانەکانی کەم کردبووەوە. . بەلاَم هەر باش بو بۆ پاراستنی کەلەپوورەکە.

من لەساڵانی ١٩٣٦ - ٣٧دا لە کفری فەقێ بووم، لە مزگەوتی گەورە لای ماموستا محەمەد سەعید ئەفەندی مفتی - کە خەڵقی بیوری سوەیل بو - موستەعید بوم. جارجارە بەپیاسە ئەچوم بۆ مزگەوتێکی بچکۆڵە لە گەڕەکی سەیدەکان بو. باپیری سەیدەکان مەکتەبەیێکی تیا دامەزراندبو لەو کتێبخانەیەدا گەلێ کتێبی تەفسیرو فیقهو حەدیث هەبوو. جارجارە کتێبەکانم ئەپشکنی و پاکژم ئەکردنەوە مزگەوتەکە فەقێی تیانەبو ئیمامەکەی مەلایەك بوو ذەوقی ئەدەبی نەبوو سەرنجی کتێبەکانی مەکتەبەکەشی نەئەدا. جارێکیان شەش حەوت لاپەڕەی شیعری حاجی قادرم دۆزیەوە کە چاپی ئەستەمبول بوو. من لەبەر ئەوەی دیوانەکەی عەبدالرەحمان سەعیدم هەبوو پێتەویستم پێ ی نەبوو خستمەوە ناو کتێبەکان، چاپەکەی ئەو بارستی لە دیوانەکەی عەبدالرەحمان سەعید بچوکتر بوو بۆ گیرفان دوروست کرابوو.

لەم سەردەمەدا لە کفری کورێکی کۆیی دەس گۆج هەبوو ناوی (ئەحمەد) بو لە ماڵی یەکێك لە موچەخۆرەکان بو. ئەم کورە زۆربەی کاتی لەناو فەقێکان ڕائەبواردو منی زۆر خۆش ئەویست دیوانەکەی حاجی قادری لەبەربو. ئەوەندە پێکەوە شیعرەکانمان دەور ئەکردەوو منیش هەموم لەبەر کردبو.

لە ساڵانی چل دا نووسەران کەوتنە بەراووردکردن و لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی شیعری شاعیرەکان. مامۆستا ڕەفیق حیلمی خوالێخۆشبێ بەرگی یەکەمی (شیعرو ئەدەبیاتی) بلاَوکردەوە خوێندەواران زۆر بەگەرمی قۆزتیانەوە. لەسەر هەندێ قسە کە دەربارەی پارچە هەڵبەستی «لەسەر شەو ڕۆژی داناوە» نووسیبوی و نەیپێکابو نامەیێکی ڕەخنەئاسای دوور ودرێژم بۆی نووسی. پاش ئەوە ئنجا مێژووی ئەدەبی کوردی «یەکەی مامۆستا عەلاءالدین سەجادی»ی نەمر دەرچو. ئەویش لە هەندێ پارچە هەڵبەستی حاجی قادر دووابو. پاش ئەوە لەلایەن مامۆستا گیوی ئەمرەوە دیوانەکەی چەندین جار لەچاپ درایەوەو لەسەری نووسرا. بەلاَم ئەمانە هەموی کارێ نەبو تینویەتی ئارەزومەندانی حاجی قادر بشکێنێ. لەساڵانی ئاپوورەییم دا حاجی قادر سێ بەرگی یەکی مامۆستا مەسعود محەمەد لەعاسمانی ئەدەبا هەلاَت بەڕاستی شەوقێکی ڕوناکی دایە باسی حاجی قادر هەمو دەیزانین کە مامۆستا مەسعود بەرلەوەی هات وچۆی کۆڕی زانیاریی کورد بکات ناوی لەناو کوردی نووسان و کوردی زانان دا نەبو. بەپیچەوانەی باوك و باپیری. شێوەی ئەدەبی ی مەولودنامەی مەلاعەبدوالڵای جەلی زادەی باپیری مەسعود تائێستە خەڵق

شەیدای ئەبن لەگەڵ ئەوەشدا کە بەزۆری ئەفسانەیە. خۆ مەلا محەمەدی گەورەش بووەتە میراتگری حاجی قادر.
بەڵام کاك مەسعود خۆی تا لەگەڵ «هەژار»و چەند کوردی زانیکی تر لە کۆڕدا سەرگەرم نەبو هەرگیز بیری لەوە، نەکردبووەوە ڕۆژێ لەڕۆژان دەربارەی نالی و حاجی قادر بنووسێ، یا دەربارەی ڕێنووس و گرامەری کوردی. سێ بەرگە حاجی قادرەکەی مامۆستا مەسعود بەرهەمێکی زانایانە بو، گەیشتنی بە بنج و بناوانی مەبەستەکانی حاجی زۆری هەوڵ دابو بەڵام ئەو خووەی کە بووە بەسەودای مامۆستا ؛ مەسعود پاڵی پێوەنابو کەزۆرتر لەشەقامەرێ لابدا بۆ ڕچەرێ ئەم (خووە سەودا)یە کاتی زۆوی ئەوی بەفێڕو بردبو ئەگەر ئەوە نەبوایە ٥٠٠ لاپەڕە بۆ روون کردنەوەی شیعرەکانی حاجی بەس بو. پێویست بەو (١١٧٤) لاپەڕە نەبو کە باسەکەی هێشتا بە نیوە ناتەواو هێشتوتەوە ئەم «خووە سەودایە»ی مامۆستا مەسعود وای لە زۆر خوێنەر کردبو کەمتر چەشکە لەباسی حاجی و هەڵبەستەکانی وەربگرن..
هەروا ڕێشی دابووە هەندێ‌کەسی لە خوێندەواریدا کرچ وکاڵ و مزو منداڵ کە نەزانانەو ناشرینانە شالاوی بکەنەسەر هەروەك دییاردەم کرد ئەگەر کاك مەسعود تەنیا ٥٠٠ لاپەڕەی بۆ ساغ کردنەوەی هەڵبەستەکانی حاجی قادر تەرخان بکردایە ـ هەروەکو بنەماڵەی مامۆستای مەزن مەلاکەریمی بیارە کەهەوڵیان دا بۆ ساغ کردنەوەی مەولەوی ـ نالی ـ مەحوی ـ یا لە چەند بیرو باوەڕێکیشا وەکو ئەوان بەهەڵە بچوبایە بەراستی خزمەتێکی شاکارانەی بە ئەدەبی کوردی ئەکردو، وپێەویست بەوە نەدەما خەڵکی‌تر خۆی تێوەئاڵێنێ و زانیارانەو نەزانانە دەربارەی حاجی قادر بدوێ.
خوێندەوارنی بەرێزا! لێم ببورن پێشەکی‌یەکە زۆر درێژ بو

**دیوانەکە و لە سەر نووسەرانی:**

دیوانەکەی حاجی قادرم خوێندەوە کە مامۆستایان کەریم شارەزاو سەردار میران هێناویانەتە بەرهەم و مامۆستا مەسعود محەمەد پیاچووەتەوەو مامۆستا کاکەحەمەی مامۆستا مەلاکەریم هەندێ پەراوێزی لێ‌کردووەو هەندێ زیادە هەڵبەستی خستۆتە سەری. بەراستی ئەم کومەڵە زانایە کە بە دیوانەکەوە خەریك بوون هەوڵێکی زۆریان داوەو سەرمایەیێکی باشیان پێکەوە ناوەو خزمەتێکی گەورەیان بە ئەدەبی کوردی کردووە. دەبێ خوێنەرانی کورد بەوپەڕی ڕێزەوە گەردنیان بۆ کەچ بکەن و سپاس بژێر بن. کاك عەبدالرەزاق بیمار یش لە ژمارە ١٢٠ی گۆڤاری بەیان دا ووتارێکی جوانی پرلەرەخنەی دوروست کارانەی دەربارەی نووسیبو و هەندێ هەڵەی ڕاست کردبووەوەو هەندێ ڕێ‌بەدێ‌یی کردبون، ماڵی ئاوا بێ.
منیش گەرچی لەمەوبەر بڕیارم دابو کەلەگۆڤارو ڕۆژنامەکان ڕەخنە دەربارەی نووسینی کەس بلاو نەکەمەوەو دڵی کەس نەشکێنم و، ئەگەر پێەویستیش بێ بیروباوەڕم دەربارەی نووسینێ دەربڕم ڕاستەوخۆ بۆ نووسەرەکەی بنێرم. بەڵام ئەمجارە لەبەر خاتری دڵی دۆستان خۆم بێ ڕانەگیراو هەر مەکو «کابرا کە بە گڵۆلەیێ ڕێسمانەوەو چو بۆ مامڵەتی یوسف» ئەم تێ‌چنەم بو ڕون کردنەوەی هەندێ لە هەڵبەستەکان ئامادەکرد بەهیوام گۆڤاری بەیان لەسەر لاپەڕە شیرینە پەلك زێرینەکانی بلاوی بکاتەوە؛
لەسەرەتادا ئەڵێم: (١) نووسەران کەئەم ئەرکەیان ئەگرتە سەرشان دەبوایە بەهیمەتەوە پێ‌ی هەڵسن و هەڵبەستەکان یەکەیەکە روون بکەنەوە. (٢) دەبوایە سوودی تەواو لەو سەرچاوانە وەربگرن کە ناویانیان ریز کردووە نەوەك وا بدرێتە قەڵەم کە ئەوان ئەو لیستانەیان هەر بۆ فیز نووسیوە. من لە زۆر جێ وام بۆ دەرگەوتووە کە ئەوان سەرنجی حاجی قادرەکەی مامۆستا مەسعودیان نەداوە. بەڵکو خودی مامۆستا مەسعودیش ـ ئەگەر بەراستی بەم کتێبەدا چوبێتەوە ـ قسەکانی خۆیی بەیادا نەهاتۆتەوە. جگە لەوەش من لام وایە چاویان بە چاپە کۆنەکەی عەبدالرەحمان سەعیدا هەر نەخشاندووە.
هەندێ ووشە ونووسیار کە لەم دیوانەدا صەدەها جار بەهەڵە دویات بوونەتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| ١ ـ دڵ بەر | کراوەبە | دوڵبەر |

٢ - میشك	كراوەبە	موشك
٣ - سپاس	كراوەبە	سوپاس
٤ - سپا	كراوەبە	سوپا
٥ - مەرەكەبی كوردی‌كراوەبە	مورەكەبی (عەرەبی)
٦ - سەنەندج (سانان دژ) كراوەبە	سەنەندوج
٧ - جیبرەئیل	كراوەبە	جوبرەئیل
٨ - پندار	كراوەبە	پوندار
٩ - مەپندار	كراوەبە	مەپوندار
١٠ - تشنە	كراوەبە	توشنە
١١ - رِشتە	كراوەبە	رِوشتە

جا بالێـرەدا ئەوە رِون بكـەمـەوە كە (دڵ) لە كوردی و فارسی‌و هەمـو زمـانـە ئاریـایی یەكانا هەر دڵە، بە ژێرێكی نهێنی (كەسرە موختەلسە) (میشك)یش هەر بەم جۆرە یە تا لە عەرەبی‌دا بووە بە (میسـك) حاجی مەلا عەبـدالـلای جەلی‌زادە لە مەولـودنـامـەكـەیا كە شاكـاری پەخشـانی سەردەمی كۆنـە ئەڵی: «میشـك مووی، عەینـە ریوی..» نازانم بۆچ لە (موش)و (موشەك)ەوە نزیك خراوەتەوە!!

(جیبـرەئیـل) خۆڵـە لە قورئـانیشـا (جبریل)ە ولە بنەرِەتا (گەبریل)ە بۆچ بۆتە (جوبرەئیل)؟

ئێمـە لە قەواعیـدی عەرەبی دا خوێنـدمـان كە بۆر (ضـەممـە) قورسـە ژێر (كەسرە) لەچاو ئەودا سووكەو سەر (فـەتحـە) لەوان سووكتـرە بۆچ ئێمە لە سووك و سووكترەوە لائەدەین بۆ قورس؟

ئەمانە لەوێ بووەستێ:

سوبحە ـ كراوەبە ـ سەبحە
چنگ	كراوەبە چنگ
بوت	كراوەبە بت
كنگ	كراوەبە قینگ

جگە لەمانە نووسەرانی ئێمە بۆ لەجیاتی نووسەر بنوس بەكاردێنن!؟ كەلە كوردی‌دا ئامرازی ب بۆ زۆر كردنـە (مبالغە) وەكو بكوژ ببر بخۆر بدەر تا...

خۆ بەكـارهێنـانی «ئـاراستـە» كردن لەبـاتی (تـوجیـە)و (تسدید)ی عەرەبی ئەوپەرِی هەڵەیە. ئاراستە = ئاراستەن = ووشەیێكی فارسی‌یە واتا: رِازاندنەوە گوردواری ووشەی (رِازانەوە - رِازاندنەوە)یان لێ دورووست كردووە.

ئەمـانـە لەوانـەبـو كە زۆر جار بەكـار هێنـراون. ئنجا با بێینە سەر هەڵەی‌تری:

لاپەرە	دێر

١	٣٣

قەڵبەز (لەپەراوێزا) تاڤگەی ئاو: قەڵبەز (یا كەڵوەز) تاڤگە نی‌یە. نیوچە لادرِو ئەشكەوتێكە لە بن شاخا ئاوی بەسەرا دێتە خوارەوە مەرج نی‌یە ئاوەكە بەتاو بێت جارجارە خەڵق بۆ فێنكی پەنای ئەبەنە ژێر.

٧ - لە دەنـگ ودوكـەڵی شینی تفـەنگی: رِاستی‌یەكەی وەكو لەنوسخەكانا هاتووە (لە بست و دوكەڵی)یە (شینی)ش نی‌یـە (شینـەتفـەنگ)ە. كاك عەبدالرەزاق) بیمار هەوڵی‌داوە هەڵـەكـە رِاست بكـاتـەوە بەڵام ووشـەی بست سەری لێ تێكـداوە ویستـویـە بیكـا بە بستۆ بۆئەوەی مەبەست بدات بەدەستـــەوە بەڵام حاجـی مەبـەستی لە (بـسـت) ئەو پەلـەپیتكـەیـەیـە كە دەستی پیا بنێی بۆتەقـانـدن. (شینـە تفـەنـگ) واتـا تفـەنگی درێـژی رِاوچی كە لەوحـەلـەدا شەش خان و ئەوانەبو لە ووڵاتی كوردواریدا بە پیاوی گەوج ئەوترا شینەكەر (واتا زۆر زیاد كەر). جا هەڵبەستە كە بەم جۆرەی لێ دێ: «لـە بستـەوە دوكـەڵی شینـە تفـەنگی نێچیرەوان» «میثالی سونبولی زوڵفە كە تێك بچێ بە صەبا» هەروا (واوەكەی) نێوان (سونبول و زوڵف) زیادە

٣٤ ١ - سەرئێوارە: رِاست (سەرلەئێوارە)یە.

لاپەرە دێر

٣٤	٥

(لـە گورگـەلور) رِاستی یەكەی ئەوەیە كەكاك عەبدالرەزاق) نووسیـویـە (گـورگـەقـاڵ) بەڵام قاڵـەكـە عەرەبی نی‌یـە. كوردواری دەڵێن: رِاوی‌نـا بەڵام قاڵـەی پێ نەكـرد» واتـا

تۆزی پێی نەشکـان پێیـا نەگـەیشت. . بەڵام ووشـەی (دێتـەوە) هەڵـە نی‌یـە. . کە کردویە بە (دێنەوە). مەبەست (عـەکسی دەنگـەکـەیـە) ئەویش تاکـە. . هەڵبـەستـە کەبـەم جۆرە ڕاستـە «لـە گورگـەقـاڵ و حەپـەی سەگ لەقارەقاڕی بزن» «لە عەکسی دەنگی دووبارە کە دێتەوە لە چیا».

٣٥ ـ ٣ ـ ٤ وارەق ڕاست وەها رەق

لەم لاّ(لەم)و (لا)

٧ ـ ٨ ـ بەهاری وا هەمو ساڵێك ڕاست بەهار وا هەمو ساڵێك

٩ ـ یەکێکی. . ڕاست یەکیان

١١ ـ ١٢ مەکانە. ڕاست مەکان

حەیاتە. ڕاست حەیات

٤٤ ـ ٥ ساحـیـری ئەصـلی هەیـە غەمـزەی ڕاسـت: «ساحیرێکی ئەصلی‌یە غەمزەی وهەڵبەستە کەبەم جۆرەیە: ساحیریکی ئەصلی‌یە غەمزەی کە غەمازی دەکا

٦ ـ ٧ هەروەکو عیسا لەسەر بەحری هەوا.

٤٤ ـ ٥ من لام وایـە (عیسـا) نی‌یـە (مـوسـا) یە: کە بەمنداڵی فڕی دروادتە (بەحر)ەوە وفیرعەونی لە (بەحر) دا خنکـانـدووە. . ناوی (عیسـا) هەرگیـز لەگـەڵ بەحـر دا نەهاتووە ئەو (موسا)کەی‌تر (عیسا)یە.

٨ ـ دەبێ (سی‌پارە)م بنوسرێ کەسێ مەبەست بگەیینێ: سێ‌پارە واتا (سێ‌پۆڵ)و سی‌پارە) سی جزوەی قورئان. یا (سیپارە) کە ئەمڕۆ بۆ وردە کتێب بەکارئەهێنرێ. .

ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە مەبەست لە صاحیبقران تەنیا خاوەن) قران نی‌یە بەڵکو دیاردی‌یە بۆ شاهانی ئێرانیش کە نازناوی صاحیبقرانی مغولی‌یان بەخۆیانەوە ناوە.

هەروا مەبـەست لە (غـازی)ش تەنیـا ئەو پوولـە زێڕەی عوثمـانی نی‌یـە، کە لە لیرە بچـوکترو تەنك ترە بەڵکو ئەو نازناوە ئیسلامی یەیە کەسولطانەکانی عوثمانی لە محەمەد فاتح بەم لاوە بە خۆیانیان داوە.

لاپەڕە دێڕ

—— ——

٤٧ ١

سەیری لەو طەنفازی‌یە. . لە پەراویزە کەشا نووسراوە: طەنازی ووشەییکی عەرەبی‌یە واتا سوحزیەت. .

راستی‌یـەکـەی ئەو طەننـازی یەیـە. (طـەنـازی)ش ووشـەییکـە لە فارسی‌دا بەکـاردێت بۆ ئافـرەتی زۆر بەنـازو هەڵبەستە کە بەم جۆرەیە:

«سەیری ئەو طەنازی‌یە قازی! بە مفتی ناکرێ

٤٢ ـ ٣ چاوەکـەم بویتـە دوێت. ڕاستی‌یـە کەی (بـوو بەدوێت)ە چونکە ماضی‌یە کە شهودی یە.

٩ ـ «یـانی‌یە طولی ئەمـەل». لەسـەر ئەم رستـەیـە هیـچ نەنوسراوە وادیارە دیاردی‌یە بۆفەرمودەی پێغەمبەر (ر.خ.) کەوتـویـە: اذا شاب ابن آدم شبّت فیه خصلتان الحرص وطول الامل.».

٤٧ ٢١ «مـاچی دەسـت و پێی ئەمیـری دەستگیـری جاهـزە!. . ئەم نیـوەبـەیتـە گەبـەیتـە گەرچی مامـۆستـا عەبدالرەزاق لێی‌کۆڵیوەتەوە بەلاّم ناتەواو و نارێکە: دەبێ بەم جۆرە بێ کە لەگەڵ نیوەی‌تر رێك بکەوێ:

ماچی دەست وپێی ئەمیری دەستگیری حاضرە!. . . .

ئەم نیوە بەیتە گەرچی مامۆستا عەبدالرەزاق لێی‌کۆڵیوەتەوە بەلاّم ناتەواوو نارێکە: دەبێ بەم جۆرەبێ کەلەگەڵ نیوەی‌تر رێك بکەوێ:

ماچی دەست و پێی ئەمیری دەستگیری حاضرهەوە
شێتە حاجی ماچی لێو دەستی دەست و پێ‌دەکا

ئەوەی کە (کـاك) عەبـدالـرەزاق «لێو»ی کردووە بە(پێ) زۆرناشرینە (پێی) خزمەتکار ودەست وپێ ماچ ناکرێ. . ! ڕەنگە پیاوی لێ‌قەوماو دەستی خزمەتکاریش ماچ بکات.

لاپەڕە دێڕ

—— ——

٥١ ٤

(ئومیدی موشکینم)نی‌یە. . ڕاستی یەکەی (ئومیدە)یە: ئومێدە میسکی میشکینم «صبا زان طُرّه بگشاید»

٥٤ ١ - «له روحی من كەوێ»... بەیێ ی كرادوه هەڵەیه.
دەبێ به (یێ) ووشراوەبێ و (ئیدیوم)ه لەروحی من كەوێ
واتا «من به پێناوت بم»

٥٥ ٧ «عـمـر گونبـەتی»... له پەراوێـزی لاپـەڕه ٥٦دا
نووسـراوه: بەدوو مانـا هاتـووه: (عـومـر گونبـەتی لەززەتی
داتەبێ). كەئەمیان زۆر بەجێیه. ئەوی‌تر «عومەر گونبەتی
لەززەتی داتـەبێ» بێ جێیـه حاجی قادر باسی كەسێكی
خەڵقی عومەر گونبەتی نەكردووه..

٥٧ ١ «ماهی سەر چاوەی حەیاتم... كەوتە بەندو داوی
شەست كاك عەبـدالـرەزاق بیمـار سەرچـاوەی كردووه به
سەرچارده بۆ ئەوەی ووشەی (ماهی)دو واتا بگەیێنێ: ماه =
مانگ بگەیێنێ تەمەنی شەست ساڵه وه قوڵلابی ماسی.

بەڵام ئەوەی لەبیرچووه كه ماسی سەرچاوەی ئەوێ تیا
بژی نەوەك سەرچـارده.. كه هەر نەبـیـسـتـراوه...و ئەو
به(چارده)كه خەڵەتاوه...

لاپەڕه دێر:

---

٥٧ ١٣

«عەهد وپەیمانی نەبو موو بۆیه پشتی پێ نەبەست» كاك
عەبدالرەزاق وای‌بەباش زانیوه عەهدو پەیمانی بنی موینه»
بێ، جانـازانـرێ كه (بنی) یه و مەبـەستی ڕەگ و ڕیشـەی
عەهدو پەیمانەكەیه یا (بەنی)یەو مەبەست ئەو بەنەیه كەله
موو دوروست كرابێ. هەرچۆنی بێ وەكو من بۆی ئەچم
دیـاردیـیـه بۆ قسـەیێكی سەعـدیـی شیـرازی كەدەڵێ:
ئەوەبـاشـه پیـاو وەك ئاوێنـه بێ نەنـگ و ناشیرینیی خەڵق
ڕوبەڕو نیشان بدا نەك وەكو موو بەهۆی شانەوه بەدزی‌یەوه
عەیبەكانیان به یەكتر بگەیێنێ ئەگەر مەبەست ئەمه نەبێ.
بێ‌گـومـان بەنی موینی له بەنی پەشمین بەهێـزتـره هەر له
بەرئەوەیه كوردواری خرێنه ـ كەژو گوریس و شتی تری له
بەنـی موو دوروسـت ئەكـەن. با لێـرەدا شتـێكی تریش
بخەینەوه یاد له ئایینی كۆنی زەردەشتی دا گشتی (شۆرتك)
كه له حەفتـا ودو ڕشتـەبـەن ئەهـۆنـرایـەوه له خوری یا له
كوڵكـەی وشتـر دوروسـت ئەكـران. چونكـه (نەرم) بوون.

بەنی (مو) زبره..

٦٠ ـ ٥ «كەی وەفاییكی ئەدا كردووه سەد دەفعه زموت»
بەڕاستی ئەم هەڵبـەستـه لیێ ڤـەومـاوەو بەهەڵه نووسراوەتەوه
وشەی «زموت» له كوردیو فارسیو توركیدا نی‌یه تەنها له
عەرەبیدا هەیه ئەویش به سەلاریو گرانی (ویقار) ئەوترێ
كه لێرەدا جێی ئەوه نی‌یه!!

لاپەڕه دێر

---

٦٣

(پەراوێز) نەخچیر = نیچیر. ئەمه هەڵەیه: نەخچیر به
فارسی ڕاوو شكار كردنه بەڵام له كوردیدا نیچیر خود ئەو
گیان لەبەرەیه كه ڕاوئەكرێ.

لاپەڕه

---

٦٦ ـ «گـەرنـەبی كام پیـاوی پێ غەڵـەتـا × بەن گرێ‌دان
وتـابـڕین ونـەفەس». ووشەی «غەڵەتا» هەڵەیه كوردواریی
«خەڵەتاندن» ئەڵێن. حاجی‌قادر لەم هەڵبەستەدا سێ كاری
تورەهاتی ئەفسانەیی ڕون كردوتەوه.

**دەڵێ: ئەی شێخ (نەبی)ی كەر یاخود با شێخ كەر نەبێ؟**
**یاخود ئەتۆ «كەر نەبیی» ئنجا ڕاستیی هەڵبەستەكه**
**بەم جۆرەیه «كەرنەبی! كام منەوورەری خەلەتاند**
**به بەند گرێ‌دان و تابڕین و نەفەس».**

بەن گرێ‌دان ئەوداوه بەنەیه دەخرێته مەچەك ـ تابڕین به
داوی دەزو ئەبێ كه «خەطیب» ڕۆژی هەینی لەسەر مینبەر
ویـردی بەسـەرا ئەخـوێنی بۆ تابـڕین. نەفـەس: فوكـردنی
شێـخ و مەلاكـانـه بەسـەرو
كەللەی منال و نەخۆش دا كه ئەمانه هەمویان پێچەوانەی
ئایەتی (ومن شرّ النفّاثات في العقد)ن.

٧٠ ـ ٣ «بۆ تەماشای بەڵەك و زەندی سپی و چاوی بەلەك»
وشەی (بەلەك)ی یەكەم (بەلەگ)ه، واتا مەچەك

٨٠ ـ ١٦ (پەراوێز) ئەوەیان لەبیرچووەكه (عیراق)و (نەوا)و
(موخالیف)یش هەرسێكیان هەر ناوی مەقامن.

٨١ ـ ٤ وەتەنم: ڕاستی‌یەكەی وەتەن = وەطەن)ه بێ (م).

٨٥ ـ لەسەر لاپەڕەكانی ٨٥ ـ ٨٩ كاك عەبدالرەزاق بیمار

لەسەر زۆرشت دوواوە. وەزۆر شتی هەڵەو لەلاوە هاتوی ڕون کردوتەوە. ئەوپیاوە شارەزایە .بەڵام ئەوەی سەرنجی منی ڕاکیشا ئەوەیە! کە گۆیا دوکتور حەمەسالح گوتویە: لە سەردەمی حاجی قادردا «هاوان» نەبووە.

هەستیاری مەزن یش «هێمن» کە لەسەر (شەرەفنامە) کەی «هەژاری» نووسییو وای دەرخستبو کە لە سەردەمی شەرەف خان دا تۆپ نەبووە. جا من هەر ئەو حەلە کەوتمە پەیدۆزی ناوی چەکەکان لە دائیرەی المەعاریفەکان دا تەنانەت لە «الموسوعة الميسرة»دا، بۆم دەرکەوت: کە چینی یەکان لە سەدەی ١٤/یەم دا تۆپیان بەکارهێناوە ئنجا هۆڵەندی یەکان تۆپی مەیدانیان دوروست کردووە لە سەدەی پازدەیەم و شازدەیەمی زایینی دا ئەوەندە مەلاخۆرە بووە کە ئیرانی یەکان و عوثمانی کان تۆپ یان بەکار هێناوە ئنجا دوروست کاری ی تۆپ گەشەی کردووەو بەرەو باکژی چووە لە سەدەی هەژدەیەما واتا بەرلەوەی حاجی لەدایك بێ تۆبی ماوزەری گەورەو هاوان داهاتووە بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ قسەکان د.حەمە سالح مێژویی نین..

لاپەڕە دێر

—— ——

٨٩ ٢١

لەپەراوێزەکەدا حیرزو حیزب بە یەك دانراوە نووسراوە: «حیزبیش جۆرە دوعاییکە). ئەم قسەیە هەڵەیە ئیمە کە (قورئان)مان دەخوێند لە منداڵی یەوە فیربووین کە (حیزب) چواریەکی جزمێکی قورئانە هەروا لە (دەلائیل الخەیرات) یشداحیزب بەشێکە

٩٠ - ٧ (لەپەراوێز) کەدا نووسراوە: «ئیستێکە موستەقیللن مادونی کوللی ئەدیان» ڕاستی یە کەی وشەی (مادون) بەهەڵە هاتووە ڕاستی یەکەی (مەءذون)ەو مەبەست بەرەسمیەت ناسراوو ئیعتیرافی پێ کراوە لەلایەن کوللی ئەدیانەو:

لاپەڕە دێر

—— ——

٩٢ ١١

«گوتی: کێ یە؟ گوتم شێرە» وادیارە حاجی قادر یا کەسێ کەئەم هەڵبەستەی زیاد کردووە مەبەستی (یەزدان شێر) بێ، کە ماوایێ لە (بوتان)دا دژی عوثمانی یەکان شۆرشی هەڵگیرساندبو بەپێ ی ئەمینی زەکی بەگ شۆرشەکەی یەزدان شێر تا ساڵی ١٢٨١ك ١٨٦٤زا بەردەوام بووە بەڵام ئایا حاجی لەم سەردەمەدا لەئەستەمبوڵ بووە،؟ یانە؟ «مامۆستا مەسعود محەمەد» لە(ب٢) ١٨٢ حاجی قادرەکەیا نووسیویە: «حاجی بەسەر سیوطی یەکەیەوە ئەم بەیتە فارسی یەی نووسیوە:

**«شب سه شەنبە بیست از ماە آخر»**

**«هزار و دوصد و هفتاد و شش در»**

و دەبێ لەم سەردەمەدا موستەعید بوویی و سیوطی خوێندبێ، کە مەبەست لە «ماە آخر» دەبێ مانگی ذی الحجەی عەرەبی بێ و پاشکوی (در)یش دەبێ بە (دەرگای) ساڵانەی تەمەن دانرابێ» من لام وایە بۆ سەنگی هەڵبەستەکە وشەی (در)تورکی یەو حاجی لەوێ فێربووەو لەجیاتی (ئە) بەکاری هێناوە. ،جا ئەبی گومان لەم هەڵبەستە بکرێ کە (حاجی)خۆی دایناوە یا یەکێکی تری!

جگەلەم بەیتەش مامۆستا مەسعود هەڵبەستێکی عەرەبی زۆر جوانی داوەتە پاڵ حاجی قادر کەئەمەیە:

**«قدسمعنا من مناد «ماث شا» × لعنت الله علیه ما تشا»**

بەڵام من باوەڕ ناکەم ئەم هەڵبەستە هی حاجی قادر بێ چونکە لە سەردەمی فەقێ یەتی ئەوا هیچ شاییکی ئێران نەمردوو. دوازدە ساڵ (نەوەك دە ساڵ) لەوەبەر محەمەد شای قاجار مردووەو ناصرالدین شالەجێ» دانیشتووە. ڕەنگە حاجی قادر ئەم هەڵبەستەی بیستبێ و لەبەر جوانی تۆماری کردبێ هی یەکێك لە مەلاکانی یا هەستیارانی موکریان و ئەردەڵان بوویێ و لەکاتی مردنی شاهـ عەبباسی صەفەوی دووەم دا - کە کوشتارێکی زۆری لە کوردی موکریان و ئەردەڵان کردووە - وتبێتی. بەیتەکە بە حیسابی ئەبجەد ئەکات ١٠٧٧ك و ڕۆژی مردنی عەبباسی دووەمە. (لعنە الله علیە ماتشا» (ل/ ٣٠ /ع/ ٧٠/ ن/ ٥٠/هـ

/٥/أ/٣٠/ل /٣٠/هـ /٥/ع/٧٠ /ل/٣٠/ی /١٠/هـ/٥/ م/٤٠/ أ/١/ت/ ٤٠٠/ش/٣٠٠/ أ/١ = ١٠٧٧ ئەوەش ئاشکرایە ئەلفی وەصلی ئەللاە ناچێتە ژمارەوە.

لاپەڕە دێڕ

—— ——

٩٦ ١٥

لیباسی پێخەف ڕاستی یەکەی لیباس وپێخەفە. لیباس ئەوەیە لەبەربکرێ پێخەف ئەوەیە لەکاتی خەوا بدرێتە خۆداو بخرێتە ژێر.

١٠٨ ـ ٣ تا چادری نیلوفەڕی سەر تەپڵەکی بەرزە. ئەمە هەڵەیە حاجی قادر چادر بەنیلوفەڕ ناچوێنێ، نیلوفەڕ گیاییکە لەگەنداد سەوز ئەبێ لە زاراوەی ئێرانی دا هیچ و کات عاسمان بە نیلوفەڕ ناچوێنرێ بەڵکو ئەوترێ نیلی واتاشینی ڕەنگ ئاوی قووڵ ڕەنگ و هەڵبەستەکە بەم جۆرەیە «تاچادری نیلی (واتاعسمان) سەری سەر تەپڵەکی بەرزە».

١٠٨ ـ ١٥ جەننەتی لەغزە (لەپەراوێزیشا نووسراوە لەنوسخەی ترا لەفزە) کاك عەبدالرەزاق بیماریش ئەوەندەی پی جوان بووە کردویە بەدەر بڕینێکی سوریالی. کەچی لەڕاستی یا هەڵەیە ڕاستی یەکەی جەننەتی (نەغز)ە ووشەکە فارسی یە واتا: جوان و ورەنگامە..

لاپەڕە دێڕ

—— ——

١٠٩ ٢×١

دڵ پەستە دەسا بادی ... تاد. ئەم ووشەیە (پەست) نی یە (بەستە). کاك عەبدالرەزاق کردویە بە (بەندە). هیچ کات حاجی خاڵی دڵبەری خۆی بە (پەست) ناداتە قەڵەم کە دڵی پەستی خۆی، بە ئەو بچوێنێ نەء. نەء.. بەست ووشەیێکی فارسی ـ کوردی یە واتا (بیرۆز)و (پارێزراو) جا حاجی لێرەدا دو مەبەستی دەرخستووە یەکەم خێوەتەکەی کابرا وەکو خاڵی ڕوخی دڵبەر دڵ پێوە بەستراوە. دووەم دڵ کە پیرۆزو پارێزراوە لە خاڵی ڕوخی دڵبەر ئەچێ.

١٠٩ ـ ٢×٤ «هەتا دەشتی بەهەشت ئایینی لاجان.. لام وایە بەهەشت ئایینەیی ڕاستە واتا وەك ئایینە دەشتی بەهەشت ئاسای لاجان بنوێنێ.

١١١ ـ ٤ «ئەی پەیکی ناڵە بینی» واتا چی؟ ناڵە «صەدایە» نابینرێ ئەبیسترێ. ڕاستی یەکەی «تاڵە بین»ە. واتا (بەخت وطالع) بین. مەبەست ئەی ئەو پەیکەی وەکو فاڵچی بەخت و تاڵە ئەبینی و ئەخوێنی یەوە.

٧ ـ زگ دەهێنێتە ئەرز. زگ ناهێنرێ بۆ ئەرز زگ دەنێتە ئەرز کوردواری دەڵێن: هەور زگی ناوەتە ئەرز.

١٢١ ـ ٢ دەستەگوڵی بەدەستەوە دەستی بردەوە» کاك عەبدالرەزاق بیمار خۆی پێوە ماندو کردووە. ڕاستی یەکە «دۆستی بردەوە»یە.

خەڵك لەگوڵشەنا بەدەستە گوڵەوە پێشوازی لەدۆست دەکەن و بەوە دۆست ئەبەنەوە..

لاپەڕە دێڕ

—— ——

١٢٣ ٢

وەکو «کورپە» بەشوێنی مەکەوە. لەپەراوێزا گۆیا ڕاڤەی لەسەرکراوە بۆروون کردنەوەی نووسراوە: (گوربە) فارسی یە واتا پشیلە.» لێرەدا بەدەس خۆم نەبو دامە قاقای پێکەنین و لە دڵی خۆما وتم: ئەمانە زۆریان گەمەو وقەشمەری کردووە بە «تەسبیحی مورغان»ەکەی دوکتور مارف خەزنەدار»و لێرەدا هەقیان داوە بەدەستەوە کاکە حەمە کۆرپەی لە ماڵی خۆیا نەدیوە. هەقیە نەیزانی بەڵام ئەوەکان بۆچ؟ ئاخر «پشیلە» چۆن ئەکەوێتە دووای «مامز»؟! حاجی قادری نەمر لەم هەڵبەستەدا ئەوپەڕی هونەری بەخەرج داوە کەچی بە چوار ئەدیب کردوویان بە پەندو عەبدالرەزاق بیماریش بۆی نەچووە!

حاجی ئەڵێ: ئەی دڵی ماندو! وەکو «کورپە» ـ منداڵی ساوا ـ

بەشوێنی (مە) کەوە. (مە) بە شێوەی کۆن واتا مانگ. مەبەست ئەی دڵی ماندو مەکەوەرە شوێنی ئەو دڵبەرەمانگ

ئاسـایـەم کەبـازدانی وەکـو مامز وایە. هەروا حاجی ئەڵی : ئەی‌دڵ ماندو تۆبە شوێنی (مەمك) بکەوە، کە (مە) سووك کراوو داتاشراوی (مەمە)یە. هەروا حاجی ئەڵی : ئەی دڵ کە تۆ ماندوی (مە)کەوەرە شوێن مامزی بە ڕەوت! ئائەمەیە وورده کاری‌یی حاجی.. «گـوربـە»و تەسبیحی مورغـان» ڕوی یەکیان سپی‌کردەوە.

**«دڵ بەرم مامزی‌یە بازی بە ڕەفتاری کەوە»**

**«ئەی دڵی خەستە وەکو «کورپە» بە شوێنی (مە)کەوە**

٧ ـ «خوم ئەسیرم، دڵە ئەزرە، ئەوە جانیش گرەوە» راستی یەکەی «دڵە ئەزری ئەوە»یە..

لاپەڕە دێر

—— ——

٩ ١٢٣

سەفەری زوڵفی مەکە حاجی.. تاد. سەفەری زوڵف واتـا چی؟ کاك عەبـدالـرەزاق بیمـاریش خۆی پێـوە مانـدو کردووە. راستی‌یەکەی «سەیری زوڵفی مەکە حاجی شەوت لێ دەگـەڕێ» واتـا زوڵفی ئەوەنـدە ڕەش وتـارە وەك شەوە زەنگە وایە ئاخر خەڵك لەشەوی تاریکا (شەوارە) دەکەن و شەویان لێ دەگۆڕێ

١٢٦ ـ ٥ «هـەوری پایـز ڕۆیی «خـوسرەوی» هاوینمـە»! لێـرەدا «خـوسـرەو» واتـاچی؟ ڕاستی‌یـەکـەی (خـۆ سرەی هاوینمە. واتا نەوبەتی هاوینمە بۆ ئەوەی پتر بسووتێم.

١٢٩ ـ ٥ ـ ٦ «ئـەبـوزەڕ» مالیکی دنیـایـە × ئەوی (غـازی) هەیـە «صاحیبقـرانـە» لە پەراوێزا نووسراوە. «مـەبـەست لەئـەبـوزەر» ئەبـوذەری غیفاری‌یە» من لام وایە مەبەست لە ئەبوزەر خاوەن (زێرە)، لەوولاتی سوێتی‌یەکانا ـ تائەم سەدەی بیستەمە کە ناوی پرۆلیتاریا پەیدا بو و چەند سپیـارەیێ دەربـارەی نووسـرا کەس ناوی نەبیستو، گەرچی صەحـابـەش بو تەنـانـەت کە حاجی ئەفەرموێ لێرە واتا لە ئەستەمبوڵ، دوور نی‌یە ئەبوزەڕ نێوی گازلێ‌کراو (منادی) بێت واتـا: ئەی خاوەن «زێری»! «لیرە» مالیکی دونیـایەو ئەوی «غـازی» هەبـێ ـ کە جۆرە پارەیـێکی ئاڵتـونی عوثمـانی‌یـە یاخـود «غـازی» ـ واتـا «سـولطـان» ـ هەرئەوە «صـاحـیـبـقـران» خێـوی «قـران» یا خاوەنی نازنـاوی «صاحیبقران» وەك شاهەکانی ئیران.

٩ ـ «کام بەکەڵ دی»؟ راستی‌یەکەی کام بەکەڵك دی؟ یە چونکە بە (کەڵ) هاتن بۆچێڵ مانگایە کە پێتە فاڵ!

لاپەڕە دێر

١٣٤ ـ ١٠ «لـە ناوەی هەڵـگـەراوی زوڵفی خاڵی ڕەش تەمـاشـا کەن. کاك عەبـدالـرەزاق بیمـاریش دەربارەی ئەم هەڵبەستە دوواوە. بەڵام وادییارە بۆ مەبەستەکە نەرۆییون. جارێ «لەناوەی» نی‌یە (لەتاوی)یە.. (زوڵفی خاڵی) نی‌یە (زوڵف وخـاڵی)یـە.. ئنجـا خەڵق لەنـاو زوڵفی ڕەشا بۆچ تەماشای خاڵی ڕەش بکەن؟ خاڵ ڕەش بێ یا شین کاتێ جوانە بەسەر گونایێکی سپی‌یەوە بێ. حاجی‌قادر لەبەیتێکیا ووتویە: «سیا چادری لێ بوتە خاڵی سەر گونا»و (حەمدی) ووتـویـە: مێشێ بە ڕوی نیگـارەوە نیشێ، لـە خاڵ ئەچێ» ئنجـابـا سەرنجێکی هەڵـبـەسـتـەکـە بدەین: حاجی ئەڵی :

**«لـەتـاوی هەڵگەڕاوەی (یاهەڵکراوی) زوڵف وخاڵی ڕەش تەماشا کەن × بۆ طەیری دڵ بیعەینێهی دەڵێ‌ی ئەم دانە ئەو داوە.»**

بەڵـێ: خاڵ وەکـو دانـە دایـە وزوڵـفـی تاو دراوی هەڵکراویش وەکو داوە!

**«بەغەیر ئەز باسی ئەوزارە موهیممە دەرکی ئەوزارە»**

لەسـەر ووشـەی ئەوزارە ی‌بـەرایی لەپـەراوێز نووسراوە: لەنوسخەیێکا ئەودەمەیە بەڵام وەکو من تێ‌ی ئەگەم ووشەی ئەوزارەی یەکـەم عەرەبی‌یـە گەلی(وزر)، کە دەکـا: گوناح . **حـاجی ئەڵی کەئێمـە باسی ئەو زارە دەکـەین لەجوانی‌ی کردەوەی خوا بیر ئەکەینەوە سەیری دەمی ناکەین بەتەمای (گـونـاح)!** باسەکە بەغەیر ئەز باسی «ئەوزارە»! وهەرخۆی لەووەبەر ووتویە: نەقاشی دەمی نوقطەکی دانا بەنیشانی».

١٤٦ ـ ١٤٧ ـ لێـرەدا ویستم لەلایـەنی مێـژوویی‌یـەوە یاریدەیەکی ئەوانە بدەم کە دیوانەکەی حاجی دەخوێننەوە، پادشا ومیرە کوردەکان ئەمانەن:

صەلاح الـدین ئەیـوبی ـ نورالـدین ئەفضەل ئەیوبی ـ بنـەمـاڵـەی عەزیـزانی سەردارانی جزیـرە ـ ئەمیرانی موش ئەمیرانی وان ـ ئەبوالماجید موهەلهەی عەییاری ئەردەشێری لەشکری شەدادی، دەیسەمی شادلویەی ئەڕانی ـ عیزالدین شێـری بوتـانی قوبـادی شێـخ حەیـدەری موکـری، بازی دۆستەکی، ئەمیرانی ئەردەڵان. . ئەمانەن کەحاجی دیباردی بۆ کردوون

لەم لاپەڕانەدا کاك عەبدالرەزاق بیمار هەڵبەستی تەرخان کردووە کە گۆیـا هی حاجـی نیـن وەزۆر هەوڵی داوە بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێ هەڵە ماڵی ئاوابێ. بەڵام لەسەر ئەم بەیتەی نووسیوە:

«بـە ئومیـدی دو سیٚ‌ی دانـاوە حاجی × بەهـەرزانی دەدا دوڕری گرانی» دوسیٚ ی بە (فایل) داوەتە قەڵەم. با ئەم باسـە ڕوون بکـەمـەوە دەوڵـەتی عوثمـانی ووشەی (فایل)و (دۆسیـە)ی بەکـارنـەهێناوە . لەکاتی ئەوانا سجلات ودیبلغ بەکـار ئەهـات. ووشـەی (دۆسی‌یـە) و فایـل لە سەردەمی حکـومـەتی عیـراق دا پەیـدا بووە. حـاجی قادر دوڕری گران بای ن خۆی بۆئەوە دانەناوە بخرێتە (فایل) ، بۆئەوەی راناوە گەنجان و لاوان لەبەری بکەن. بیکەنە دەستوری ژیان.

کاك عەبـدالـرەزاق! لە زۆر کۆنـەوە ژمـارەی حەوت پیرۆزە! وەکو (حەفتە ـ حەفتەوانە ـ حەوت هاسمان حەوت سالـەی یوسف ـ حەوت ئایـەتی دوپـات کراوە (السبـع الـمثـانی) تاد. . . قورئـان کەبـاسی یاداش دانـەوە خێرەومەندان دەکات دەڵێ : «مثل الذین ینفقون اموالهم في سبیل کمثل حبّه انبتت سبع سنابل في کل سنبله مئه حبـه» حاجی بۆ پاداشی دوڕرەگـران بایـەکـانی بەیەك بەحەوت ڕاضی‌نابێ دە جار حەوتی ئەوێ . سەرنجی دە ئەڵێ چی دو سیٚ س ٦٠ ی ١٠ ئەکـاحـەفتـا واتـادەجار حەوت ئنجا ئەڵێ بە ئومیدی **«دوسیٚ» ی داناوە . سیٚ ٧٠ بدەلـە ٧٠ ئەکـات ٤٩٠٠ حاجی قادر بە دوڕرەکـانی** خۆی بەو ئومیدە داناوە بەلام بە هەرزانی دەدا بە گەنجە

کوردەکان.

لابەرە دێر

—— ——

١٤٩ ٥

لە کولبەی سینەیی ناری دەسوتێ دل بە بێ دەنگی (ی) یَ لە کولبەی زیادە راستی یەکەی وایە : «لە کولبە سینەیی نار» واتا کولبە سنگی ئاگرینی حاجی کە دڵ تیا ئەسووتێ.

٨ ـ «نەقشی دەراهیم صەرفی مەمنوعە» ووشەی نەقش هەڵـەیـە ڕاستی یەکـەی «نـەفسی»یە . واتا خود ووشەی «دەراهیم» کە لە (نـەحـو) دا صەرفی مەمنـوعـە کەچی (قـاضی» ئیضـافـەی کرد بە(مفتی» ـ واتـا دایـە مفتی کە هێناوێتی‌یە چنگ . ئەمەیە ووردەکاری یەکەی حاجی.

لایەرە دێر:

—— ——

١٥٠ ـ ١٢

«واصیفی قەدری ئەتـو ، . تـاد» ڕاستی یەکـەی «قـەدری» ئەتۆیەو لەنیوەی دووەمی هەڵبەستەکەدا ئەلفی قەددی هەیە. حاجی ووشەیێ بەبێ ووردەکاری دووپات ناکەتەوە.

لاپەڕە دێڕ:

—— ——

١٥٣ ـ ١٣

«وەکو نەرگس نی‌یە بێ فەزلی بڕۆشی» واتا چی؟ ئەگەر «فەضلی»یەکە نەکرایە بە فەزلی ڕەنگە خوێنەر بیری بەلای هەڵـەکـەدا بچوبـایە . ڕاستی یەکەی ئەبێ وابێ «فەصلی بدۆشـی» وات نەرگس فەصـلی دۆشـینی مالأت سەر هەڵ ئەداتەوە . ئنجا هەڵبەستەکە بخوێنەرەوە.

«ئـەو چاوە وەکـو مەسئـەلـەیی کوحلە سەوادی ×شـاذە وەکو نەرگس نی‌یـە بێ فەصـلی بڕۆشـی مەسئـەلـەی کوحلی باسـێکـی نەحـوی یەو شاذە ڕەشـی چاوی یاریش شاذە ئەمەوەهاو لە پەراویزی ئەم هەڵبەستەدا نوسخەی هەڵە زۆر هاتووە:

لاپەڕە دێڕ

———

١٥٧ ١٥/١٣

«مەفهومی «حەدیثی صەحیح تاد...»

سەگی لە ئوغلاّمە توّقیوە»

مەبەست لە دو حەدیثەکە دەبێ ئەم دووە بێ : [الدنیا جیفة وطالبها کلاب. الدنیا طالب لهاربها وهارب لطالبها]. ووشەی (ئوغلاّقە) تورکی‌یە (ئۆغ = بەلاّم راستی‌یەکەی تووشی بزێوی نگریسی بێعاری‌یە شاخی توش ئەوەیە کە نەتوانی بەقەدی دا هەلّگژێی.

لاپەڕە دێڕ

———

١٧٦ - ٩

لەم عالەمە ڕوتی چی‌یە؟ «ڕوتی»لێرەدا بێ‌جێ‌یە دەبێ ڕەوتی بێ واتا: (بەناز ڕۆیشتنی یار)

١٠ - نەغمە لەسەر سیدرە دەکێشم» بێ گومان لە بنەرەتا «صدر»ی عەرەبی بووە، بە نووسیاری کوردی گۆڕیویانە. حاجی ئەلّی: «لەسەر صەدری» (واتاسنگی‌یار) نەغمە خوانی ئەکەم» با هەستیرە کانیش چاویان لیم بێ باکم نی‌یە. ئەم هەلّبەستەی حاجی هاوتەقای هەلّبەستە فارسی‌یەکەی شیخ ڕەضا یە کەدەلّی: «گویند کەعرش بیك وطء بلرزد × عرشی کەبیك وطء بلرزدبە بەچە ارزد؟». مایم درین غرفەو بی‌باك نشیتم صد بچە... یکی خشت نلرزد»

١٣ - وەك هاتووە ئەم شەرمە بەسم بێ» ووشەکە «هاتووە»نی‌یە (هاتەوەیە) حاجی ئەلّێ: کە یارم سەفەری کرد ومن لە فیراقی نەمردوم هەر کە هاتەوە ئەم شەرمەزاری نەمردنە بەسم بێ. ئەم هەلّبەستە هاوتەقای هەلّبەستەکەی «مەولەوی»یە کە دەلّێ: «من ڕوی زەردی وێم کافیەن کافی»

٢٠٣ - ٩ «طائیفەی ئەو شیخەکان» کە بەپێی هەندێ ڕونووس جێی نوقطە پڕ کراوەتەوە راستی‌یەکەی طائیفەی «حوسەینی‌یان»ە واتا سەیدەکان

«باوکی بۆ دوپول دەردێنی لە چالّ» راستی‌یەکەی بەم جۆرەیە: «باوکی کوردی بۆ دو پوول دەردێنێ لەچالّ».

٢٠٦ - ٦ باقی وەکو بەیتی ڕەضا» دیاردی‌یە بۆ بەیتەی کە شیخ ڕەضا لاسایی فیردەوسی تیا کردوتەوە کە چوار جوملەی لە نیوەبەیتێکا جێ کردوتەوە گەرچی قسەکانی قۆرە بەلاّم هونەرە: «موختەصەر چاکە قسە بردمە مەنزەلّەکەی خوم × گرتم و خستم و... بردوو... کردە چوار».

٢٠٦ - ٩: «ئاخری نابی وەکو ڕوبارو چوم» ئەگەر وەها بوایە لە هەندێ نوسخەکانا ئیتك (خالّ)دانەئەنرا ڕاستی‌یەکەی بەم جۆرەیە: «ئاخری نابێ وەکو گا... رۆم»!

٢٠٧ - ٢ بێتە ڕك ڕاستی‌یەکەی «بێنە ڕك»ە، ڕك جۆرە پەتێکە چەندین هەلّقەی پێوەیە کارو بەرخی ساوای پێ دەبەستنەوە کە جەم بن و نەچنە زگە داکیان تا کاتی مژین.

٢١٣ - ١٣ بوونە صاحیبی «مارتین»و «ماری گەزەند»: مارتین جۆرە تفەنگی بو لە سەردەمی عوثمانی‌دا کورد پی‌یان ئەوت ماتلّی. «ماری گەزەند» کە لە پەراوێز دا کراوەبە ماری گەزەندەی بێ‌ئیجازە کە دەرویشەکان بە فەرمانی شیخیش هەر ناتوانن دەستی بۆ بەرن. من لام وایە مەبەست تفەنگی ماکنەزی یە کە لە ماتلّی درێژتر بو.

٢٢٠ - ١١ کیسەشکەلّ: لەگەلّ ئەوەشدا کەمامۆستا مەسعود محەمەد جەخت لەسەر ئەوە ئەکات کەئەم ووشە ناسازە هەروەکو مەلکەقور و حیماری ناتورە ناو بووە. بەلاّم من هەر لام وایە کیسەلّە شەلّ ە..

٢٢١ - ٩ «ئەوی ئازایە شانامە دەخوێنێ» ووشەی ئازایە لێرەدا جێی نی‌یە دەبێ زانایە بێ چونکە ئازا مەرج نی‌یە خوێندەوار بێ.

٢٣٢ - ٥ - بەترخانی ئەم ڕستەیە هەروەك کاکەحەمە وکاك عەبدالرەزاق پەراوێزیان لەسەر کردووە «بەدرخانی» نی‌یە. هەلّنەگرێ: بە «تەرخانی» بێ واتا «ئافەروز» کراو لە باج و پیتاك و عەسکەردان و.. و هەلّیش ئەگرێ بە «تر» خانی

بێ . .

٢٣٦ ـ ١١ تا عینیاتی کوّرو لاڵ مابو × له گەلیّ دیّیەکان مەلای چابو من بەم جوّرەم لەبەر کردبو: «تا تەعییناتی کورە ولاڵە مابو × گەلی دیّ پر لە فەقیو مەلای چابو»

٢٣٨ ـ ١ (پەراوێز): مەبەستی لە مەناهی شەریعەت و ئایینـــه» بەڕاستی تەعبیرێکی بێجیّیە دەبوا بنوسرێ: مەناهی ئەو خراپانەیە کە شەریعەت و ئایین (نە)ی لیّ دەکەن . .

٢٤٠ ـ ١٠ ـ ١٢ «بـــوونـــه ئوستـــادی فارسیو تازی × تا گەییشتن بە فەخـــرەکـــەی ڕازی» جاریّ نیـــوەی دووەم بەم جوّرەیـــه: ناگـــەییشتن بەفـــەخرەدینی ڕازی» . . ئنجـا لە پەراویـزدا نووسـراوە: «فـارسـەکان بە زمانی عەرەبی دەڵێن «تـازی» ووشـەی «تـازی»ش لەقـەبیلەی «تـەی طائی یەوە هاتـووە» ئەم زانیـاریـیە ووردە دیسـان ڕوی دوکتور مارفی سپی کردەوە. کورینە! ووشەی تازی فارسی یە لە بنەڕەتا لە ووشەی(تاختەن)ەوە هاتووە واتا غاردان زوّر ڕاکردن ئنجا ئەم ناوە بە کار هێـنــراوە بوّ ئەسـپــی لەرو بوّ تازی کە هەردوکیان زوّر باش ڕادەکەن. باش سرنج بدەن فارس بە (تازی) ئەڵیّ (تازی) پاشان بوّ سووکی بە عەرەبیان ووتووە تازی ئیتـر چوّن لە (تـەی)و (طـائی)یـەوە هاتـووە؟ وولاّتی تازیکستـان واتـا ولاّتی کە سەر سەرزەوییـەکـەی قومەڵانە شوێنی ئەسپ تاودان ە. ئنجا ووتراوە نەتەوەی (تاژیك) دو ڕەگن لە فارس و عەرەب پێك هاتون.

مایەوە سەر «فەخرەکەی ڕازی» نازانم نووسەران بوّچ لە «فەخری رازی»ی خاوەن تەفسیر وفەلسەفە وئەدەبەوە کەلەناو فەقی و مەلادا بەنـاوبـانگـە گەییشتنـە «ئـەبوبەکری رازی» حەکیمی چاو؟

٢٤٤ ـ ١٥ «کـه نامـه گەیی‌یـه ئیـره موّرمـان کرد × من و فەتتاحی دانا ظەرفمان کرد» توّ بلّیّی (حاجی) ئەوەندە بیّ دەسـەلاّت بوبیّ لە هوّنینـەوەدا کە نەیتـوانیبیّ ووشـەیێکی هاوسـەنگی موّرمـان پەیـدا بکـات؟ . من لام وایـە ڕاست صەرف مان کردە واتا باسەکەمان تەغییر دا. ئەمەیە قافیەی تەواو بوّ ظەرف مان کرد.

٢٥٣ ـ ١٢ ـ پەریشان هەموی کرد. . ؟ واتاچی؟ ڕاستیی هەڵبەستەکە بەم جوّرەیە «زەمانە تووشی دەردو غوربەتی کرد × غەمی کوّیێ پەریشان هیممەتی کرد»

بەشی فارسی:

٢٨٢ ـ ٧ «در عهـــد تو «نـابـد» قدمی نیست چو مارا» . . ووشەکە (لابدّ)ە نەوەك (نابد)!

٢٨٣ ـ ١١ دل درکمنـــد عشق (پسی) . . (پـەس) لێرەدا جیّی نی‌یە. ڕاستی یەکەی (بسی) (بەسیّ)بەواتا زوّرجار لەبەر شێتی خوّی خستوّتە داوی شەیدایی

٢٨٥ ـ ١٢ «مرا هوشی نماند از عشق کوشی، «ئەم کوشی یە هەڵـــەیـــە ڕاستی‌یـــە کەی (گـوشی)یـە. لە «طـەیبـات سەعدی»دا بەم جوّرەیە «مرا هوشی نماند از عشق وگوشی × کەپند هوشمندان کاربندم» چاپی بەرد ـ چاپی فروغ.

٢٨٦ ـ ٨ «تعالی الله زحسنت گر فزون باش». ڕاستی یەکەی «کە»فزون باش»ە واتا ـ کەلەوە پترو زوّرتر بیّ.

١٤ ـ جز سود» ڕاستی یەکـەی وەك کاکـەحـەمـە نووسیویە فەرسود ە.

١٥ ـ «دردمندم» لە چاپی بەردو وچاپی فروغ دا «مستمندم»ە.

٢٨٧ ـ ٤ «دل خفته درگور» هەڵەیە. لە چاپی بەرد دا «من مرده» یە ولە چاپی فروغ دا «من خفته درگور»

٥ ـ برآساید درون لە هەردو چاپەکە دا برآساید روان»ە

١٠ ـ گرم راحت رسانی یاگزندم» لە هەردو چاپەکەدا گر آسایش رسانی ور گزندم»

١٤ ـ «راحت زاو ست» لە هەردو چاپەکەدا (راحت تست»

بەهیـــوام ئەم ووتـــارە خزمـــەتیّ بە حاجی‌قـادرو ئەدەبی کوردی بکات



# دیوانی گۆران و چەند سەرنجێکی دەرەنگ وەختە

کاکەی فەللاح

بۆ ماوەیەکی نەختێك دوورو درێژ، واتە ساڵ و چەند مانگێك لە چوار دیواری دائیرەیەکی بەناو «ئیسکان»و خانوویەکی حەوشە بەلەوەڕی شکاو گیراوا، لەگەڵ مامۆستا «گۆران»دا یەکمان گرتەوە، باس هەر باسی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیو ژیان و گوزەرانی تفت و تاڵ و گیرو گرفتی منالەکانی بوو. . سەرەتای ئەم یەك گرتنەوەیەش بۆ دەورو بەری ۱۹٦۰ ئەگەرێتەوە. . هەروا لە بیرمە، زیاد لە پێویست، مەسەلەی کۆکردنەوەو چاپکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکانیم، تا خۆی لە ژیاندایەو بە سەرپەرشتی خۆی، ئەو رووژان و بە پێ‌داگرتنەوە، تکای مشوور خواردنی ئەو ئەرکەم لێ ئەکردو لە ناخەوە تاسەی ئەوەم ئەکرد کە رۆژێ لە ڕۆژانی زووخوێنەرانی کوردو کتێبخانەی کوردی چاویان بە بەرهەمی شیعرە بەرزو ناسکەکانی گەش و رووناك بپێنێتەوە. . . بەڵام، داخی گرانم، بۆی نەلواو ئەو خەمەشی لەگەڵ زۆر داخ و پەژارەی‌ترا، بردە سەیوان و کردی بەژێر گڵەوەو ناشتی. بائەوەش بڵێم، کە کۆمەڵێك لە شیعرەکانی بەناوی «سروشت و دەروون»ەوە، ئەو سەردەمە، لە چاپخانەی (کامەرانی) لەژێر چاپدا بوو، پارەیەکی زۆر کەمی بە ناوی یارمەتی‌یەوە لە وەزارەتی - وابزانم - پەروەردە وەرگرتبوو، فۆرمە یەکیشی لێ لە چاپ درابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پارەی داوا لێ‌کراوی چاپەکەی بەدەستەوە نەبوو، لە یەکەم فۆرمەدا، بە چەقۆیەکی کول ئەو نامیلکەیەشیان سەربڕیو رووناکی نەدی. . . لە نزیکەوە هەر من ئەزانم چەن دڵی بە لە دایك بوونی ئەو کۆرپەیەی خۆش بوو. . . تەنانەت لە سەردانێکی مامۆستای نووسەر (فەرەیدوون عەلی ئەمین)دا بەگەرمی تکای ئەوەی لێ‌کرد، کە سەرێك لە چاپخانەکە بدات و بەوردی بەرێنووسی شیعرەکانیا بچێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ رێنووسی تازەو سەردەمدا بگونجێت. . ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت، لە سەر بەشداربوونی کۆنفرانسی شەقلاوا نان براو کراو لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەشی کوردی گیرسایەوە لە بەغداو پاش ماوەیەك نەخۆشی‌یەکی کوشندە بەرۆکی

گرت و دوای عەمەلیاتی گەدەوچوونی بۆ یەکێتی سوفیات و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی بە ڕێگای بێ‌هیوایی و دەست لە خۆشتندا، کە بەدەم پێچ وئازاری دەردە ناهەمواره کەیەوە دیمەوە، دوای چەن وتەیەك، ڕووی تێ کردم و وتی:

«زۆرتان پێ‌وتم، تا خۆم لە ژیانام، شیعرەکانم کۆبکەمەوەو لە چاپیان بدەم، بەڵام نەمتوانی، ئێستا پەشیمانم، پەشیمانی هیچ دادێك نادا».

خولیاو کەڵکەڵەی لە چاپدانی شیعرو بەرهەمەکانی (گۆران)ی لوتکەو ڕابەر، لە دڵ و لە کەللەی هەموو ڕۆشنبیرو شاعیرو ئەدیب و نووسەرێکی دڵسۆزو بە ئەمەکی ئەم گەلی کوردەماندا بووە. تا ئەوە بوو لیژنەیەکی تایبەتی لە مامۆستایان: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و حەمە کەریم فەتحوڵلاو محەممەدی مەلا کەریم نووسەری ئەم دێرانەو یەکێك لە بنەماڵەی شاعیر دروست کراو دوو کۆبوونەوەی تێرو تەسەل بە مەبەستی نەخشەکێشانی پرۆگرامی کۆکردنەوەی شیعرەکان و بەراوردی نوسخەکان و دابەشکردنی بەرهەمەکانی «گۆران» بەسەر سێ لقی جیاوازدا ١ - شیعر ٢ - پەخشان و محاضرەو وتار ٣ - وەرگێرانی شیعرو چیرۆك. لە دووەم دانیشتندا بڕیاری ئەوەش درا کە د. عیزەدین مستەفا، پێشەکی‌یەکی دوورودرێژ بۆ بەرگی یەکەم کە شیعرەکانە، بنووسێت و لیژنە بۆی هەبێت پیابچێتەوەو دەستکاری زیادو کەمکردنی بکات و بەناوی (لیژنەی سەرپەرشتی دیوانی گۆران)ەوە بلاو بکرێتەوە. بانگەوازی کۆکردنەوەو لە چاپدانی بەرهەمەکانی (گۆران) کە لیژنە نووسینی بە د. عیزەدین (سپاردبوو) لە ڕۆژنامەکاندا بلاوکرایەوەو داوای بەرهەم لەم ولەو کرا.... پاش ماوەی ٢ - ٣ مانگێك لە لایەن خوشکی بەڕێز «هێرۆ گۆران»ەوە پەیوەندیم پێوەکراو سەرجەمی شیعرەکانی باوکیم، کە لە بەغداوە بۆی هاتبوو، پێ‌گەیشت و منیش لە کەشێکی گونجاوو تەرخانا، لە کتێبخانەی مووزەخانەی سلێمانی‌دا - کە مووچەخۆری بووم سەروبر دانیشتم و ئەوەندەی توانیم و زەین و شارەزاییم بڕی‌کرد، سەرنج و تێ‌بینی و ڕاست کردنەوەی خۆم کەنارێ شیعرەکانەوە نووسی و دامەوە دەست (هێرۆگۆران)و دوای ماوەیەك بە مۆڵەتێکی کراوەوە، وەك خۆی وتی، هات و (١٥) ڕۆژێك بەدیار لێدوانی سەرنجەکانی منەوە مایەوە لە ژووری موتاڵاکردنی کتێبدا، کە کاك عەبدولرەحمان حەکیمی ئەمینداری کتێبخانەی مووزەخانەیشی تیابوو، دوای قەناعەتی تەواو، گەڕایەوەو وتی: وادیارە زۆر بە شیعرەکانەوە خەریك و ماندوو بوویت.

لە گێڕانەوەی ئەم ڕاستی‌یانەی سەرەوەدا مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم، لە زۆر کۆنەوە یەکێك لە ئاواتە دێرینەکانم چاپ و بلاوکردنەوەی دیوانی شیعری «گۆران» بووە.

بۆیە بەو پەڕی دڵنیایی و ڕاست گۆییەوە دەڵێم چاپ و بلاوکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکانی (گۆران) لە دیوانێکی سەربەخۆدا یەکێك بوو لە خەونە ئەدەبی‌یە شیرینەکانی ژیانم و هاتە دی و پڕ بەدڵ سوپاسی گەرم وگوڕم پێشکەش بە کاکە حەمەی مەلا کەریم و یەکێتی نووسەرانی کوردو کاك عەلی بۆسکانی دەکەم کە ئەرکی هێنانە دی ئەم دیوانە قەشەنگەیان، بەو چاپ و کاغەزو قەوارەو بەش بەش کردنە ڕێکوپێکەوە، گرتە ئەستۆی خۆیان و بە ئەنجام گەیاند، بەڵام ئەو هەستی پێ‌زانین و سوپاسە گەرم و قووڵەی لە ناخەوە شەپۆل ئەدا، پێم وایە ڕێگای ئەوەم لێ‌ناگرێت کە بڵێم:

١ - ئەو لیژنەیەی لە ساڵی ١٩٧٨دا بۆ کۆکردنەوەو سەرپەرشتی دیوانی (گۆران) دروست بوو، لەسەر ئەو بنچینەیە نەبوو کە ئەو ئەندامانە (ئەدەب دۆست و کەسان و دۆستانی (گۆران)ن وەکوو کاکە حەمەی مەلا کەریم لە لاپەرە (ح)ی دیوانەکەدا نووسیویەتی، بەڵکوو لەسەر ئەو بناغەیە بوو کە هەر یەکێك لەو ئەندامانە، جگە لە سیفەتی نووسەری و شاعیری، زۆر لەگەڵ شیعرو ئەدەبی (گۆران)دا ژیاون و تا ڕادەیەکی زۆر (گۆران) ناسن و جێ‌ی متمانەی ئەدەبی و خاوەن نووسینن دەربارەی بەرهەم و جیهانی (گۆران)... بۆ بنەماڵەی (گۆران)یش تەنها یەکێکمان کرد

بە ئەندامی لیژنەو نوێنەری ئەو بنە ماڵەیە کە ئەویش کاك (ئەژی گۆران) بوو، بەو پێیەی داروباری گونجاوترو لە بارتر بوو.

٢ ـ کاری (لیژنەی سەرپەرشتی) (هەر ئەوەندە نەبوو) کە ناوی بێ ناوەرۆك بێت و دروست بێت و هیچی تر، بەڵکو بە دوورودرێژی نەخشەی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی (گۆران)و شێوەی بڵاوکردنەوەی بانگەوازودابەشکردنی بەرهەمەکان بەسەر سێ ڕووباری جیاوازدا: شیعرو پەخشان و وەرگێران و نووسینی پێشەکی یەکی دوورو درێژ لە لایەن د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵەوەو پێویستی ی چاو گێرانەوەی لیژنە بەو پێشەکی یەداو دەستکاری کردنی زیادوکەمیو بڵاوکردنەوەی ئەو پێشەکی یە بەناوی لیژنەوە، هەموو ئەمانە لە بڕیارەکانی دوو کۆبوونەوەی تێروتەسەلی لیژنەکەمان بوون.

٣ ـ کاکە حەمە دەڵێت: سەرلەنوێ لەبەر دەستنووسەکانی من، سەرجەمی شیعرەکانی نووسی یەوەو بابەت بەندیی کردن و ڕەزامەندی ڕەقابەمان بۆ لە چاپدانیان وەرگرت ـ ل ط» باشە لێرەدا ئایا بۆم نی یە، وەك یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی دیوانی گۆران، بپرسم ئەی چۆن سەرجەمی ئەو دەستنووسی شیعرانە بۆمان، خوشکە (هیرۆ گۆران)یش بەرەو ڕووی منی کردەوەو بەپێی خۆی بۆی هێنام بۆ کتێبخانەی مووزەخانەی سلێمانیو زیاد لە ١٥ ـ ٢٠ ڕۆژ، سەروسەر، خەریکی ڕاست کردنەوەی شیعرو نووسینی سەرنج و تێبینی زۆر بووم و لە ئەنجامدا دامەوە دەست ئەو خوشکە

٤ ـ هەر لە لاپەرە (ط)ی دیوانەکەدا کاکە حەمە دەڵێت: «دوکتۆر عیزەدینیش بڕیار بوو سەرەتایەکی تێروتەسەل بۆ دیوانە کە بنووسێ، بەڵام پاشان وا (بە باش زانرا) سەرەتاکە بکرێ بە (دیراسە)و پاش بڵاو بوونەوەی سەرانسەری بابەتە ئەدەبی یەکانی گۆران بنووسرێ، تا هەموویان بگرێتەوە». دیسان لێرەدا بۆم هەیە بپرسم، کێ وای بە باش زانی؟ لیژنەکە، یان کاکە حەمەو دوکتۆر، یان کاکە حەمە بە تەنیا خۆی؟ ئەگەر لیژنەکەیە، ئەوەندەی بزانم ئاگامان لەشتی وانی یە ـ ئەگەر دوکتۆرە ئەویش ئاگای لێ نی یە، چونکە پێش ئەوەی لەو سەردەمەدا بڕوا بۆ دەرەوەی وڵات، پێشەکی یەکەی دیوانی (گۆران)ی ئامادە کردبوو، بەو نیازەی وەك پێشەکی لەو دیوانەدا بڵاو ـ بکرێتەوە، بەڵام تا گەڕایەوە کار لە کار ترازابوو، کاکە حەمەپێشەکی خۆی نوسیبوو چاپیش کرابوو، ئەوەبوو د. عیزەدین پی ی لەسەر بڵاوکردنەوەی پێشەکی یەکەی داگرت و بەفۆرمەیەکی جیاوازو سەربە خۆی چاپکراو بەسەر کتێبخانەکاندا دابەشکراو نیوەونیوە چڵ ئاوێتەی فرۆشتنی دیوانی (گۆران)کرا. لێرەدا پرسیارێکی تریش قوت دەبێتەوە: ئەی کە(وا بەباش زانرا سەرەتاکە ـ نەە پێشەکی یەکە ـ بکرێ بە دیراسەو پاش بڵاو ـ بوونەوەی سەرانسەری بابەتە ئەدەبی یە کانی (گۆران) بنووسرێ، تا هەموویان بگرێتەوە بۆچی پێشەکی یەکەی دوکتۆر چاپ وبڵاوکرایەوە بە و پەلە پروزکێ یەو لەسەر حسابی دوکتۆر خۆیو وەك (دیراسەیەك) هەڵنەگیرا بۆ دوای چاپ کردنی هەموو بەرهەمەکانی (گۆران)؟

٥ ـ ئێستەش، پاش ئەو چەن تێبینیو ڕاستی ڕوون کردنەوەیەی سەرەوە، حەز ئەکەم ئەوە بڵێم کە دوای چاو گێرانەوەیەکی گشتی بە دیوانە چاپکراوەکەی (گۆران)دا، کە بە بۆنەی گەڕانمەوە بە دوای چەن نموونەیەك لە (وێنەی شیعری ی) لە لای گۆران بۆ نووسینێکی تایبەتیم پێویست بوو، هاتەپێشەوە، چەن هەڵەیەك لە چاو گێرانە ـ وەکەدا تووش بووم، نەمویست پشت گوێیان بخەم و بەسەریانا ڕابووردم، لەگەڵ چەن تێبینیو زانیاری یەکی تری ئەدەبی دا کە بە پێویستمان زانی لێرەدا بەرچاوو لە گۆشەی فەرامۆشیدا نەمێننەوە وەك ئەمانەی لای خوارەوە:ـ

٦ ـ شیعری ئافرەت و جوانی ـ ل٩ ـ دیوانی گۆران مامۆستا (گۆران) خۆی بۆی گێڕامەوە وتی: جاری وا هەیە مرۆڤێکی ساکارو سادە، لە ناو جەرگەی ڕەشۆکی خەڵکەوە، سەرنج وتێبینی بە نرخت ئەداتێ، کەتۆ هیچ

چاوەڕوانیت نەئەکرد، بۆ نموونە، یەکێك لە وانە داوای خوێندنەوەی ئەم شیعرەی لێ کردم، کە دوو جار بۆم خوێندەوە، وتی: ماموٚستا توٚ غەدرت لەم شیعرە کردووە، وتم: چوٚن، وتی: ئەم شیعرە لەوێدا تەواو بووە کەدەڵێت: ـ

**بەڵام طەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕوو ناکیەیە، بێ بزەی ئازیز**

ڕوون کردنەوەکانی دوای ئەم بەیتە زیادن و پێویست نەبوون، چونکە کوٚتایی ئەو شیعرە بەو بەیتە جڕە هەرتەواو هونەری بوو. . کەسەرنجم دا تێبینییەکی ڕاست و زیرەکانەیە. بەڵام تازە شیعرەکەم بەو شێوەیە بڵاو کردبووەوە، ئەگینا بەیتە زیادە کانم لائەبردن. ٧ ـ ل ١٢ ـ ماموٚستا ڕەفیق حیلمی، لە لاپەڕە (١٨)ی کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)دا، بە هەڵە مانای ئەم بەیتەی لێك ـ داوەتەوە:

**لە لەرەی پرشنگ، ئاوازە**
**لە خوڕەی ئاو، شیعری تازە**

گوایە (لەرەی پرشنگ) لە ئاوازە بەرز ئەبێتەوەو ئەمە ئەگەر هونەرمەندێکی گەورەی وەك (گوٚران) نەبوتایە جێی ڕەخنەبوو. . بەڵام مەبەستی (گوٚران) ئەوە نەبووە کە (ڕەفیق حیلمی) بوٚی چووە، بەڵکوو مەبەستی ئەوە بووە کە (لە لەرەی پرشنگ، لە ئاوازە، لە خوڕەی ئاو، لە شیعری تازە.

**بە ئاهەنگتر، بە خروٚشتر**
**بە گوێچکەی دڵ دەنگی خوٚشتر**
**پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا:**
**جوانی لە بە ژنێکی بەرزا**

٨ ـ ل ١٢ ـ بەیتی:

**پێی ناز ئەنێ بە سەر ئەرزا:**
**جوانێ لە بە ژنێکی بەرزا**

پێم وایە (جوانێ) نییەو (جوانی)یە چونکە شاعیر جوانی لە بەژنێکی بەرزا) ویستوە، ئەگینا مەرجە هەموو جوانێك بەژن وبالاّ بەرز بێت و تەنانەت هەموو ئافرەتێکی کورتە بالاّش تاسەی بالاّی بەرز دەکات باجوانیش بێت.

د ـ ل ١٣ ـ بەیتی:

**ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەرت،**
**کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دولبەرت؟**

وشەی (هەڵوەری)نییەو (هەڵوەرێ)یە، شاعیر لیرەدا وەك خواست و وەك دوعا لەگەڵ چاوی جووڵاوەتەوە، چونکە وەك جاران (نیگای حوسنی دولبەری) نەماوە.

٩ ـ ل ١٦ ـ دێڕی:

**گوڵ کوانێ، گوڵ لێوی بەبزە پشکووتە**

وشەی (پشکووتە)، (نەپشکووتە)یە، چونکە ئەگەر وا نەبێ ماناو مەبەستی شاعیر پێچەوانە ئەکەوێتەوە.

**پاییزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە**
**گوڵ کوانێ، گوڵ لێوی بەبزە نەپشکووتە**

واتە: گوڵ کوا هەیە، چونکە پاییزان گوڵ لێوی بەبزە نەپشکەوتووەو هەر نییە.

١٠ ـ ل ١٧ ـ دێڕی:

**نازانم ئەمجا دێت بوٚ شاییو هەڵپەرکێ**

(نازانم ئەمجا)، (ئەمجا نازانم)ە واسوارترو ئاواز دارترە.

١١ ـ ل ٢٠ ـ دێڕی:

**منیش ئەگەڕێم بە جیلوە، بە جاذیبەی جوانی**

وشەی (جوانی)، (جوانیم)ە کەهاو قافیەی (زیندانیم)ە وەك تەرتیبی قافیەکانی پێش خوٚیان.

١٢ ـ ل ٢٨ ـ بەیتی:

**نەزوٚر چاو ڕەشی**
**نە ئێجگار گەشی**

دڵنیام لەوەی کە (چاو ڕەش)و (گەش)و، کە چوار برگەیین و ئاوازیان بوٚ دانراوە وەك هاوبڕگەکانیان لە بەیتەکانی تردا.

١٣ ـ ل ٢٩ ـ دێڕی:

**لێت بێ بزەی مانگە شەوی**

(بزەی) نی یەو (بزە)یە وەك چاپەكەی سەردەمی (گۆران)و هەڵەی چاپیش نەبووە... مەبەستی شاعیر ئەوەیە: وەك مانگەشەو، بزەت لێ بێ، نەك بزەی مانگە شەوی.

١٤ ـ ل ٣٢ ـ ناونیشانی (جوانی لە لادێ) نی یەو (جوانێ لە لادێ)یە، چونكە هەموو شیعرەكە باسی جوانێك ئەكات نەك جوانیی لادێ.

١٥ ـ دێڕی

**بەر دەرگەكەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە**

(دەرگەكەتان)، (دەركەكەتان)ە چونكە ناسكترو مۆسیقاویترە.

١٦ ـ ل ٣٦ ـ دێڕی

**وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی ....**

وشەی (نەفەسی)، (نەفەسێ)یە چونكە ما ناكەی چڕترو تامەزرو یاوی ترە.

١٧ ـ ل ٤٠ ـ دێڕەكانی:

**تۆبی زەردە خەنەی چاوت**

**تۆبی سپیەتیی شان وملی**

**تۆبی بەستەی ڕۆیشتنت**

**تۆبی بە بیترین نەغمە**

**تۆبی هەموو جلوەی جوانیت**

هەموو (تۆبی)یەكان (تۆوبی)ن، واتە شاعیر یارسوێند ئەدا بەو جوانی یانەی كەباسی كردوون، (تۆبی) مانای بەیتەكان ئەشێوێنێت وتێك ئەدات.

١٨ ـ ل ٤١ ـ دێڕی:

**گاماچم ئەكرد لێوی قوتووو چاووبرۆی مەست**

لەنگە، وشەی (قوتوو)نی یەو (قوت)ە، واتەكوڵ

١٩ ـ ل ٤٢ ـ دێڕی:

**تەلی عوودو كەمانم پس، كونی شمشاڵم**

وشەی (پس) كە لەپەراوێزی (٣)دا مانای لێك دراوەتەوە لەپسانەوە، پچڕان، خاوبوونەوە، وەنەهاتووە، ئەڵێن: فلان زمانی پسە، واتە (س) بە (ث) ئەڵێت و (ز)یش بە (ذ)

٢٠ ـ ل ٤٣ ـ دێڕی:

**نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم**

پێم وایە (دووری)نی یەو (دوڕری)بێ، واتە پاش ئەوەی بارانێكی زۆر دەبارێت و چەم هەڵدەستێت، دوای نیشتنەوەی بەردە شۆراوەكانی كەنار چەم وەك (دوڕ) بریقەیان هەیە.

٢١ ـ ل ٤٤ ـ دێڕی:

**باغچەی ژینم پڕ بوتەوە لە نەمامی گوڵ**

وشەی (باغچەی) بە (باخچەی) ئاسانترو مۆسیقاویترە لە سەر زمان، خۆزگە هەموو ئەم وشانە بە (خ) بوونایە. هەروەها هەموو وشەكانی (تیژگی) كە قورس و نالەبار دێن بە دەستی زمان و خوێندنەوەوە (تیشكی) بوونایە كە وشەیەكی ئێسك سووكی شیعرانەیە.

٢٢ ـ ل ٤٨ ـ دێڕی:

**ـ (بۆچی؟) باشە، پێت بڵێم با، ئەپرسی**

**بەیتێكی ئاڵۆزەو بەم چەشنەیە:**

**بۆچی؟، باشەپێت بڵێم، یا ئەپرسی**

٢٣ ـ ل ٤٨ ـ دێڕی:

**بۆی نەشكانووم تونیەتی وئارەزووی دڵ**

وشەی (تونیەتی)، (تینوێتی) یەكە ڕەوان وسوارە.

٢٤ ـ ل ٥١ ـ دێڕی:

**منیش چەشنی پەپوولەیەك گوڵ دابێتە ناو**

مانا ئاڵۆزو شێواوە. وشەی (دابێتە)، (دابێتیە)یە.

٢٥ ـ ل ٥٨ ـ دێڕی:

**نمی فرمێسك بەدی ئەكا لە سەر كلی چاو**

وشەی (نمی)، (نمێ)یە.

٢٦ ـ ل ٥٩ ـ دێڕی:

**كلك ویاڵی چەن چارەویێ قەل كرد بە خەنجەر**

وشەی (قەل) نی یەو (قل)ە كە بۆبڕین بەكاردێت

٢٧ ـ ل ٦٧ ـ دێڕی:

**هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم**

وشەی (پاچی)، (پاچێ) یەو (بونیایی)ش (بونیاتی)یە.

٢٨ ـ ل ٩٤ ـ دێڕی:

**فرمێسکی تا سەر جەرگ و دڵ تاوێن**

وشەی (تا سەر) نی‌یەو (تاسەو)ە، ئەگینا بۆچی ئەو فرمێسکە (تا سەر جەرگ و دڵ) ئەتا وێنێتەوەو واز لە وانی‌تر دێنێت. بەیتەکە بەم شێوەیەیە:

**فرمێسکی تا سەو، جەرگ و دڵ تاوێن**

واتە فرمێسکی شەوق وسۆزو جەرگ و دڵ توێنەرەوە، ماناى بەیتەکە بەم ڕەنگە بە پێزتر ئەبێت.

٢٩ ـ ل ٩٨ ـ دێڕی:

**چ داوێکە؟ چ ئینسافێکە؟، زاڵم**

وشەی (داوێکە) هەر زۆر بە بەیت و مەبەستی شاعیر نامۆیە. ئەم وشەیە (دادێکە؟)یە بەم شێوەیە ڕاست دەبێتەوە، ئەگینا (داو) هیچ پەیوەندی‌یەکی بەمەسەلەکەوە نی‌یە.

٣٠ ـ ل ١٠٧ ـ دێڕی:

**بنی، بیخەمە جووڵە**

پیم وایە بەم شێوەیە سوارترو ڕەوان ترە:

**بنی بخەمە جووڵە**

٣١ ـ ل ١٢٧ ـ دێڕی:

**ئاسمانی شنی گرتوێە باوەش**

وشەی (شنی)، (شینی)یە و لە هەڵەی چاپ ئەچێت.

٣٢ ـ ل ١٣٨ ـ دێڕی:

**جوانێکی لاوی کوڵەوانە لار**

هەر زۆر هەڵەو ناقۆڵایە:

وشەی (لاوی)، (لادێی) وا ماناو مەبەست ڕاست دەبێتەوە

٣٣ ـ ل ١٤٠ ـ دێڕی:ـ

**بۆ قوازتنەوەی تا ئەکە وتەکار**

وشەی (قوازتنەوەی)نی‌یەو (قۆزتنەوەی)ە

ب ـ دێڕی:

**زۆردار لی‌ی ئەفران یەکەم پەلامار**

وشەی (یەکەم)، (بەکەم)ە. واتە: زۆر دار بە پەلامارێکی کەم لە (بێ زۆر)ە کەی ئەسەند ئەوەندە بێ دەستەڵات بوو.

٣٤ ـ ل ١٥٠ ـ دێڕی:

**ئەختێك ڕۆیشتن نەما جێگای غار**

وشەی (ڕۆیشتن)، (ڕۆیشتین)ە چونکە شاعیر خۆیشی لە گەڵیاندایە.

٣٥ ـ ل ١٥٤ ـ دێڕی:

**هاوڕێت سەفەرین لەگەڵ شەبەق زوو**

ئاڵۆزو نە گونجاوە. وشەی (هاوڕێت)، (هاوڕێی)یە

٣٦ ـ ل ١٦٣ ـ دێڕی:

**هەر دوکمان جووت**

پێم وایە (هەر دوو هاو جووت)ە

٣٧ ـ ل ١٦٧ ـ دێڕی:

**تا ئەو دیو شاخی ئەندێشەم ئەیا**

وشەی (ئەیا)، (ئەبا)یەو لەهەڵەی چاپ ئەچێت.

٣٨ ـ ل ١٧١ ـ دێڕی:ـ

**تاریکە شەوێ: نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا**

(شەوێ)، (شەوی)یەو ما ناکەی ئاودامانترە.

ب ـ دێڕی:

**تاو تاو لی‌ی ئەدا تەپڵی هوموم تەرزەبە ئاهەنگ**

وشەی (هوموم) بێ جێ و نامۆیە بەم شوێنەو بە تەرزە، لە بەر ئەوە (هجووم)ە کە هێرشی لێدانی تەپڵی تەرزەیە.

٣٩ ـ ل ١٧٣ ـ دێڕی:

**ئەکا مەستی تەسەللی تا شەوی دوایی سەری سەختم**

(تەسەللی)، (تەسەللا)یە

٤٠ ـ ل ١٧٥ ـ دێڕی:

**ئەی داخەکەم، مەرگی نیشتن ئەیکوژێ:**

وشەی (ئەیکوژی)، (ئەیکوژێ)یەو هەڵەی چاپە.

٤١ ـ ل ١٧٩ ـ دێڕی:

**لە بەر پێی نەمامی چوالەدا سەوزاو**

وشەی (سەوزاو)، (سووراو)ە کەڕەنگی گوڵی دار چوالەیە

ئەگینا (سەوزاو) کوا هەیە - بڕوانە شێعری (ل ١٧٦):

ڕیزێك نە مامی دارچوالەی نازدار،
کەرێك وەستا بوون لەسەر گیای بەهار
وەك بووك ئەندامیان لە سووراونا بوو
لەنجەی تاو تاویان بۆچپەی بابوو

٤٢ - ل١٨٨ - دێری:

بە کۆمەڵ گوێ بگرن لە هاواری

وشەی هاوار، دەبوایە لە کەوانەدا بووایە چونکە ئاماژەیە بە گۆڤاری (هاوار) خۆی.

٤٣ - ل ١٩٤ - دێری:-

ئێستا ئۆخەی ئاسمانێکەو هەتاوێ

(هەتاوێ)، (هەتاوی)یە، واتە ئاسمانێکی هەتاوی‌یە

ب - وشەی (چەماوێ)ی دێری دوای ئەویش (چەماوی)یە

٤٤ - ل ١٩٨ - دێری:-

ئا، سەیری، دیمەنی وەها کاریگەر

ئەو (ئا)یە بێ جێ‌یە، ئەصلی ئەم بەیتە وایە:

توخوا دیمەنی وەها کاریگەر

٤٥ - ل ٢٠٠ - دێری:

بێ ئێش بێ وسکی خۆی هەڵ لووشێ بۆ نانێ

وشەی (هەڵ لووشێ) هەر تەواو سەقەتە، ئەصلەکەی (هەڵوشێ)یە کە لە هەڵگوشینەوە هاتووە، مە سەلەش برسێتی‌و هەڵگوشینی ورگە لە برسانا.

٤٦ - ل ٢٠١ - دێری:

چ ئێشێکە، کوڕم! بۆچی لەسەر ئەم هەڵکڕووزانەی

وشەی (ئێشیکە)، (ئێشێکە)یە کە پەیوەندی بە خەولێ - زڕانەکەوە هەیە.

٤٧ - ل ٢٥٩ دێری:

جیاوازی چین و دین ئەگرێ بەرامبەر

وشەی (ئەگرێ) نابەت، (ئەکرێ) واتە بەرامبەر ئەکرێ.

٤٨ - قەسیدی - شەهید - ل ٢٦٥ - کە بۆ شەشی ئەیلوولە.

لەم ڕۆژانەدا لەکاك (حەمە صالح دیلانی) شاعیرم بیست کە یەك دوو جار لە مامۆستا (گۆران)ی بیستووە، ئەو (هەڵۆ بەگ)ەی کراوە بەقارە مانی ئەو قەسیدەیە کەسێکی راستەقینە یە (واقیعی‌یە) و خەڵکی لای ڕەواندز بووە و بۆ کە سابەت لەو کاتەدا لە سلێمانی بووەو پرسیویەتی ئەو دەنگە و هەرایە چی‌یە، وتوویانە، ئەو خەڵکەداوای مافی کورد ئەکەن، ئەویش بە چەکەکەیەوە تێکەڵاو بە جەماوەرە خرۆشاوەکە بووەو ئازایانە شەڕی کردووە تا شەهید کراوە. تازە زاواش بووە.

٤٩ - ل ٢٧٢ - دێری:-

خۆێشم لە بنی بێ ئەرزم

(بنی بێ ئەرز) کوا هەیە. راستیەکەی وەهایە

خۆێشم لە بن بنی ئەرزم

واتە زۆر داکەوتووم بۆ بنەوە.

ب دێری:

قە نارەم قوولاێی بیرە

وازانە[illegible] (قوولاێی)یە (قوللاپی)یە.

٥٠ - ل ٢٧[illegible] - دێری:

جەو[illegible]ێکە کراوە لە باوەڕ بە داد

(بە) [illegible]یەو ([illegible])یە. واتە:

[illegible]ڕێکە کراوە لە باوەڕ، لە داد
لە سەربەستی‌ی زانست، لەبیری ئازاد

جەورو ستەم لە هەر چواریان کراوە.

٥١ - ل ٢٨٠ - دێری:

زیندانم پڕ کە لە کوڵدان

ئەم کوڵدانە، کەبەزین ئەگرێتەوە تەواو پێچەوانەی ماناو مەبەستی شیعرو شاعیرە لەبەر ئەوە (کوڵدان) نی‌یەو (گوڵدان)ە وەك کاك هوگر گۆرانیش وەختی خۆی وتی.

٥٢ - ل ٢٨٢ - وشەی (رابوردوو) کە ناونیشانی روون - کردنەوەی دووەمە، دوای (بت پتەوان) کە ناونیشانی سەرەکی قەسیدەیە، بەشێك، یان بەیتێك نی‌یە لە قەسیدەکە کێشیشی لەگەڵ بەیتەکانی تردا نی‌یە، ناو

نیشانێکە وەك (١٤ی تەموز)ی دواترەوە.. دەبوو بە جیا بنووسرایە.

٥٣ - ل ٢٨٣ - دێری:

**بروا کانیتر هەموویان**

ئەم (یان)ە (یان)ە بۆ ئەوەی بیێ بەهەموویان. هەڵەی چاپە

٥٤ - ل ٢٩٢ - دێری:

**ئەمریکایێ، یان ئینگلیس**

برگـەیـەکی ناتـەواوە هەتـا هاوکێش بێ لەگـەڵ بەیتی سەرەوەدا. (ئەمریکایێ)، (ئەمریکایی بێ)یە و راست دەبێتەوە،

٥٥ - ل ٣٣٣ - دێری:

**مشتی وەك بۆ لای رقتان**

ئەم وشەی (رقتان)ە، (رەقتان)یە، چونکە هەم مشتی بە پۆلاّ چواندووە کە رەقەو هەم (رەقتان) هاو قافیەی (شەبەقتان)ە

٥٦ - ل ٣٣٨ - بەیتی

**دڵنیا بوو لە ئەنجام و، بەبێ دەنگ**
**کێشایەوە بۆسێبەری خەوی مەنگ؟**

وشـەی (کێشـایەوە) مانای نایەت و ئاڵۆزە (کشایەوە)یە، لە شێوەی پرسیاریشدانی یە.

٥٧ - ل ٣٤٢ - دێری:

(قوچی تینوو بۆ دەمی کێرد). تێ نەگەیشتم بۆ ئیشارەتە بە قەسیدەی هاتن شەهیدەکان.

٥٨ - ب - دێری:

**بەو عەشقی میللی یەوە، بەگزەی سۆزی چەرگەوە**

(میللی یەوە)، (میللی یەو)ەیە تا کێشەکەی راست ببێتەوە.

٥٩ - ل ٣٤٣ - دێری:

**من هێرۆم زۆر (چۆ) بە دڵا**

وا دیارە ئەم (چۆ)یە بۆیە خراوەتە کەوا نەوچا ناکەی ساغ نەکراوەتەوە - (چۆ) نی یەو (چوو)ە: واتە،

**لە ناو هەزارو یەك گوڵا**
**من هێرۆم زۆر چوو بەدڵا**

زۆر چوٚتە دڵمەوەو پە سندم کردووە.

٦٠ - ل ٣٨٢ - دێری:

**قەلاّنتر ئەنوێنین گەردنی رەزا**

وشەی (قەلاّنتر) مانای نایەت. (قەلانترە) واتە دانەواو تر. گەردن قەلان کە = گەردن دانە وێنە.

٦١ - ل ٣٨٤ - دێری:

**چش لە ورگیش پەتی کردن**

وشەی (پەتی) هیچ مانایەك نا بەخشێت. بەڵکوو (بەتێ)یە یانی: چش لە ورگیش بەتێ کردن ئە تەقێت.

٦٢ - ل ٤٠١ - دێری:

**دارستانی زەبەندو چرت**

لەگـەڵ ئاوازە تایبـەتی یـەکـەی ئەم سروودە نایەت، چونکە برگـەیـەکی کەمـە، لە بەرئـەوە وشـەی (دارسـتـانی)، (دارستانانی)یە وەك کێشی ١٠ برگەیی هاو بەیتەکانی وەك:

**نزاری سپی، بەرخۆری رەشت**
**ئاگر تیژ کەری ئیلهام و هۆشن**

٦٣ ـ ل ٤٠٣ ـ دێڕی:

بگرمێنە وەك شێر، بچۆ ناوی بەرد هەرزۆر بێ تامە، راستیکەی ئەوەیە کە لە پەراوێزیدابە گومانەوەنووسراوە، (بچۆرە نە بەرد)، واتە بچۆرە چەنگەوە.

٦٤ ـ ل ٤٠٥ ـ دێڕی:

ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم

هیچ مانای نایەت و ئالۆز و شێواوە لە هەموو بەندەکانی تردا. ئەم (تۆز)ە دووبارە بۆتەوە راستیکەی (قۆز)ە، واتە ئاهەنگەکەی نەورۆز شەنگ وقۆز ئەکەم و زۆر خۆش ئەکەم ـ با ئەوەش بڵێم لەبەر نەبوونی وشەیەکی گونجاویتر ئەم (قۆز)ە بەکارهاتوە لەبەر خاتری قافیە، ئەگینا ناچێتە دڵی چێژەوە. ناچاری‌یە.

٦٤ ـ ل ٤٢٧ ـ بەیتی:

وەك ئاڵتوون زەردە
پاك و بێ گەردە

بەم پێنج برگەیی‌یە لەگەڵ ئاوازە تایبەتی‌یەکەی ئەم سروودەدا ڕێك ناکەوێت ئەم بەیتە چوار برگەییە بەم چەشنە:

وەك ئاڵتوون زەرد
پاك وبێ گەرد

ب ـ بەیتی:

ئەبگری خوا
هەر کەسێ بیخوا

لە خوێندنەوەدا لەنگەو دێری دووەمیش لەگەڵ ئاوازەکەیدا ناگونجێت. جابۆ ئەوەی هەر دوو میسرەع وەك یەك چوار برگەیی بن پێویستە وشەی (هەرکەسێ) ببێ بە (هەرکەس) ئەصلی شیعرەکەش هەروایە

٦٥ ـ ل ٤٢٨ ـ دێڕی:

بەرازی شەخەڵی کۆ

پێم وایە وشەی (شەخەڵی)، (شێخەڵی)یەو بەریزە دەرونمی چرەدەڵێن لە لادێ کە بەرازو جانەوەری تر خۆیانی تیا مەڵاس و حەشار ئەدەن

٦٦ ـ ل ٤٧٥ ـ دێڕی:

ئەو خۆی ئەکووپە ئەگەیان زوو زوو

(ئەکووپە)، (لەکووپە)یەو دیارە هەڵەی چاپە

٦٧ ـ ل ٤٧٧

ـ بە پێی بۆچوونی خۆم وای تێئەگەم کە بەشی دوایی شیعرەکەی (داستانی هەباسیو کاکە عابیدین)، واتە بەندی دوایی کە لەم دێرەوە دەست پێ دەکات:

لەم سەر گروشتە نیازم پەندە

هەربەتەواوی هی مامۆستا (گۆران) خۆیبێت و لەژێر پەردەی ئەو وەرگێرانەدا، لەو رۆژگارەدا، ئەو هێرشی‌یە بیریو رامیاری‌یەی کردبێتە سەر ئیمپریالیزم و دار دەستەکانی ئەو سەردەمە.

٦٨ ـ جێی داخێکی زۆرە کە ئەو دیوانە گەورەیە، کە سەرجەمی شیعرەکانی لە باوەش گرتووە، نەك هەرهەموو وێنە دەست کەوتووەکانی (گۆران)ی تیا نی‌یە، بەڵکوو تاکە وێنەیەکی شاعیریشی نەگرتۆتە خۆی. دیسان جێی داخە.

ئەمانە بوون ئەو چەن سەرنج و تێبینیو بۆ چوو نانەم، کە هەق وابوو بەر لە ئەمرۆ بکەوتنایە بەرچاو، بەلام لەبەرچەند هۆیەك، کە مەرخەمی خۆیشم لەولاوە بووەستی، کەوتنە ئێستا... هیوادارم سوودبەخش بن و شیعر دۆستەکانی (گۆران)و تینووەکانی کانیاوی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی و خوێنەرانی گۆڤاری (بەیان)ی نەسرەوت وبێ قۆناغ پێیان خۆش بێت و جێی رەزامەندییان بێت.

# پێداچوونەوەیەکی شانۆنامەی خەج و سیامەند

● حیدرعبدالرحمن ●



تێبینی: (ئەم باسە، کوڕێکەو بەشێکی زۆری لێ هەڵگیراوە)

لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیمان دا، گەلێ داستان هەن لە وانەی کە بوونەتە نموونەی خۆشەویستیەکی خوایی و ڕەمزی قوربانیدان لە پێناو خاك و خۆشەویستی و مرۆڤ دا کە تێکڕای ئەو داستانانە ئاوێنەیەکی ڕوون و بێ گەردی وەفاو دڵسۆزی و سوارچاکی نەتەوەکەمان دەنوێنێ بەرامبەر بەژیان...

ئەو نموونانەی کە مێژوو لە باوەشی خۆی گرتوون و لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەم و ڕۆژگار لێی جیانەبۆنەتەوە،

ئێستا بۆئێمە ماونەتەوە، هەموو ئەدەبی پڕ لە شانازین، لە داهێنانی نەتەوەکەمان و هەستی ناسکی بەرامبەر بە جوانکاری ژیان و کارەساتە جەرگەبڕەکانی، تەنانەت داستانە فۆلکلۆریەکانمان، ئەوانەی کە پڕن لە قوربانیدان و وەفاو شۆڕەسواریەتی، ئەوانە جێگایەکی دیاریان هەبووە لە دڵ و ویژدانی کۆمەڵ داو بوونەتە دەرس و



عیبرەت بۆ هەموو سەردەمەکانی . نەتەوەی ئێمە زۆر بە کارەساتی ئەو داستانانە لاواوەتەوەو شایەرە میللی یەکانمان نەیان هێشتووە ئەو داستانانە لەگەڵ گێژە لوکەی ڕۆژگار ون بن و لەناو بچن، وە هەریەکێ بەقەد تواناو بیرتیژیو هەست ناسکی خۆی، خستویەتیە ناو چوارچیوەیەکی ئەدەبی کاریگەری وا کە بتوانێ هەستی خەڵکی بێ بیزوێنێو کار لە ویژدانیان بکات. .

لەبەر ئەوەش کە ئەو داستانانە ئەدەبی نەتەوەیکن، ئەو دەم و ئەو دەمیان کردوە، گۆڕانکاریەکی زۆریان بەسەر داهاتووە، یاخود بڵێین تێکەڵاویەك لە نێوانیان دا پەیدابووە، وەهەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستان بەگوێرەی زمانی ناوچەکەی خۆی ئەو داستانانەی گێڕاوەتەوە. . بەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە وەکو د. عزالدین مصطفی ڕسول لە کتێبەکەی‌دا (لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی‌دا) دەڵێ: خەج و سیامەند داستانێکی ڕاستەقینەیەو بەتەواوی هی کوردەو بەشێکە لە گەنجینەی نەتەوایەتی ئێمە، تا ئێستا گەلێ سەرچاوە هەن کە داستانی مەزنی خەج و سیامەندیان گێڕاوەتەوە چ بە کتێب چ بە شریتی تۆمار کراو لەسەر زمانی شایەرە میللیو گۆرانی بێژەکانەوە، بەڵام گرنگترین ئەو کتێبانە بریتین لە:

١ ـ (کتێبا زمانی کرمانجی) ـ نووسینی جاسم جلیل و وامین عبدال ـ ی ئەرمینیای سۆڤیەتی بەزمانی لاتینی ـساڵی ١٩٣٧ .

٢ - (سیابەندو خەجە زەر) نووسینی - ئەوانیس شیراز - ئەرمینیای سۆڤیەتی، مامۆستا محمد توفیق وردی وەری گێراوەتە سەرزمانی عەرەبی.

٣ - (سیابەندو خەجێ زەرێ) نووسینی دکتور حاجی جوندی لە یەریڤانی سۆڤیەت بە ١٤٨ لاپەرە چاپ کراوە.

٤ - (چریکەی خەج و سیامەند) نووسینی عبیداللەی ئەیوبیان ساڵی ١٩٥٦.

٥ - (سیابەندو خەجێ) نووسینی سیابەندۆڤ سەمەند، گۆڕینی (شکر مصطفی).

٦ - شانۆنامەی (خەج و سیامەند) نووسینی (فؤاد محمد میسری) جگە لەو شریتانەی، کە بەدەنگی هەندێ گۆرانی بێژی وەکو (عیسێ بەرواری)و (حسن سیساوەیی) بلاوبوونەتەوە..

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی سەرەوە، شتێکی مێژوویی بەدەستەوە نی یە بۆ دیارکردنی سەردەمی خەج و سیامەند، یان دیارکەوتنی ئەو شوێنەی کە تێ‌یدا بوونە بەتەواوی، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە - عبیدالله ئەیوبیان - لە پێشەکی کتێبەکەی‌دا وای بۆ دەچێ کە خەج و سیامەند خەڵکی دێهاتی کێلە سیپانێ - ی ناوچەی مەهابادبن، بەلام جۆری گێڕانەوەکەی دەمانباتەوە لای شاری (وان)ی کوردستانی تورکیا کە کەوتۆتە سەر دەریای‌وان. ئەوانیس شیرازیش ست نیشانی ئەوەی کردوە کە چیای سیپان، چیای - خەلاتە - ئەو چیایەی کە کەوتۆتە ناوچەی دەرسیمی- کوردستانی تورکیا.

بێ‌گومان لە نێوان ئەو سەرچاوانەدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە رووداوەکان دا، بەتایبەت لە مەسەلەی کۆتا

بێ‌هاتنی داستانەکە - یان مردنی سیامەندی، پاشان.. دیاریکردنی چارەنووسی خەجێ دوای بەسەرهاتەکە.. بۆ نموونە د. عزالدین لە کتێبەکەی‌دا (لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی‌دا) دەڵێ: خەج و سیامەند دڵیان بە یەکدا ئەچێت و پەیمانی دلداری‌و وەفاداری ئەبەستن، کەسوکاری خەج رازی نابن کچی خۆیان بدەن بە سیامەندی هەژار، با ئامۆزای خۆشی بێت بۆیە خەج بریاری ئەوە ئەدا لەگەڵ سیامەندا سەری خۆی هەلگرێ، سوارەی عەشرەت دوایان ئەکەون، سیامەند شەرێکی ئازایانە ئەکات تا دوایی تیرێك جگەری ئەسمێ‌و لەسەر لوتکەی چیای بەردینەوە گلۆر ئەبێتەوە خەجیش دوا بەدوای ئەو خۆی فرێ ئەداتە خوارێ‌و لەپاڵ دلدارەکەی‌دا ئەمرێ..

لێرەدا د. عزالدین بەگوێرەی سەرچاوەکانی پێشوو لە هۆی مردنی سیامەندی جیاوازی هەیە، چونکە عبیداللەی ئەیوبیان و ئەوانیش شیرازو فؤاد مجید میسری‌و گۆرانی بێژەکان هەموویان ئەوە دەسەلمێنن کە سیامەند دوای ئەوەی بزنە کێویەکە - یان نێریەکە برینداردەکا، بەدوای‌دا رادەچێ سەری ببرێ، بەلام نێری لەبەر ئازاری برینی خۆی، دوو شاخی بەهێز لە سیامەندی هەڵ دەداو لەسەر چیای سیپانێ‌ی هەڵداوێ. لەسەر داربەنێکەوە گیر دەبێتەوە تا دوور بەدووری چەند دایەلۆزێك لەگەڵ خەجێ دەگۆڕنەوە، تا دواجار هەر لەسەر چەقی ئەو دارە ماڵ ئاوایی دەکاو خەج بەجێ دێلێ، ئینجا خەج خۆی هەڵداوێ، گوایە لەتەکیا هەڵ دەکەوێ‌و دەمرێت، دەقی خەج و سیامەند:

———— تا ئێستا خەج و سیامەند چەند جارێکی دیکە لەسەر شانۆکانی سلێمانی‌و مووسڵ پێش کەش کراون، ئەوەبوو لە ١٥/١/٩٧٨ لە لایەن تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی بۆ ماوەی ١٤ رۆژ پێش کەش کراوە، لە نووسینی (حسن فؤاد)و دەرهێنانی هونەرمەند (احمد سالار)، وە هەروەها لە فیستیڤالی یەکەمی لاوان زانکۆکانی عیراق لە لایەن تیپی شانۆی زانکۆی سلێمانی

ئەوکاتە لە مووسڵ پێش کەش کراوە، هەم دیسان لە دەرهێنانی مامۆستا (احمد سالار) بووە.

برادەرێکی تری نووسەریش دەست نیشانی ئەوەی کردوە کە ئەم شانۆ نامەیە لە هەولێریش پێش کەش کراوە، بەڵام کات و شوێنەکەی دیاری نەکردوە.. بەهەرحاڵ ئەوەی بەلای ئێمەوە لێرەدا گرنگ بێت دەقەکەی کاک ـ ناظم دڵبەند ـ ە کە بۆ دواجار پێش کەش کراوە..

ڕاستی نووسەر ماڤێکی ئەوتۆی بەسەر شانۆ نامەکەدا نەماوە، ئەمەش نەك هەر لەبەر ئەوەندەی کە دەقەکە لەکەلەپووری کوردیمانەوە وەرگیراوە، یان بیری شانۆ نامەکەو ڕووداوەکانی لەبەر دەستە بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی ناومان بردن، نەخێر.. ئەو دەقە بە چەند قۆناغێك دا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو پلەی پێش کەش کردنە، لێرەدا بواری ئەوەمان بەدەستەوە نییە تەواوی ئەو دەسکارییە بنەڕەتیەتان بخەینە بەرچاو کە (طلعت سامان) دروستی کردون، لە ئەنجامی بەراوورد کردنمان لە نێوان دەقە سادە ڕەسەنەکەو دەقەکەی دوای دەسکاری.. پاشان دوای قۆناغی دەسکاریەکەی مامۆستا طلعت. ئینجا چەند برادەرێکی شارەزا لە زمانی ناوچەی ڕووداوەکان. لەسەرەتاوە تا کۆتایی وشە بە وشەی شانۆنامەکەیان گۆڕیوە، کە ئەمەیان دیسان تا ڕادەیەك بەفریا کەوتنێکی چاك بوو بۆ ڕزگاربوونی نووسەر لە کێشەی زمانی شانۆنامەکەیدا!

ئەوەی لە دەقی شانۆنامەکە ورد بێتەوە، یا بەراووردێکی پێ بکا لەگەڵ دەقی مامۆستا (فؤاد مجید میسری) هەست بەوە دەکا کە هەندێ لە یەك چوونی زۆر نزیك لە نێوان ئەو دوو دەقەدا هەیە.. نەك هەر لەبەر ئەوەندە کە نووسەر وەکو ـ فؤاد ـ بە حیکایەت خوان دەست پێ دەکات، وە بەهەمان شێوە کتێبێکی بە دەستەوەیە، بگرە هەندێ دیمەن و دایەلۆژ لە نێوان ئەو دوو دەقەدا لە یەك دەچن کە گومان لە لای بینەردا بەجێ ناهێڵن، هەرچەند کە هەندێ تەکتیك بەکار هێندراوە بۆ ئەوەی بینەر بیری بۆ نەچێ، بەڵام لە ناوەرۆك دا، هەتا لە شێوەش جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە.. ئەوەتا هەر لەسەرەتادا حیکایەت خوانەکەی ـ فؤاد ـ ڕوو لە بینەران دەکاو دەڵێ: جەماعەت، ئێمشەو چیرۆکێکی زۆر خۆش و بەتامتان بۆ ئەگێڕمەوە ل١٩.

ناظم دەڵێ: بینەرانی هێژە، چیرۆکی ئەم شەوەمان لێرەوە دەست پێ دەکات..

لە ل٢٠ فؤاد دەڵێ: هەر لە منداڵیەوە سەری بۆ کەس دانەنواندوە، زار بە پێکەنین، ڕاوکەزێکی توندو تۆڵ، بە دەردی خۆشەویستی خەج گرفتار بوو..

لە لای ـ ناظم ـ هەمان کلیشە دادەڕێژ ڕێتەوەو دەقاودەق دەڵێ:

هەر لەمنداریێوە دەستی لۆکەس دانەی نایە، هەموو دەماش دەو لەکەنی یە، ئای چەند ئاشقێ ئەسپی خۆش و ڕاوو نێچیر وا نییە بەس زیاتر ئاشقی بەژن و بارایێ خەجێیە. لە ل (٢٠) فؤاد وەسفی خەجێ دەکاو دەڵێ:

کەزیەی لدول و چین چین، دەنگ خۆش...

ـ ناظم ـ دەڵێ: کەزیو بسکێ درێژ، دەنگ و سەدایێ خۆش. لە ل(٢٢) فؤاد دەڵێ: ئاوری دڵداری لە دڵی خەج و سیامەندیدا کراوە..

ناظم ـ دەڵێ: ئەشقی خەج و سیامەند ئاگری لە دڵان بەردا. لە ل(٢٤) فؤاد دەڵێ: کە سیامەند دەچووە کاروبارە خۆی دەگەڕانەوەیدا چەپکە گوڵێکی بۆن خۆش و ڕەنگین دەچنی و هەرکە تووشی خەجێ دەبوو دەیدایێ..

ناظم ـ دەڵێ: چەپکە نێرگزێکی دەچنی و بۆ ئەوەی ئەگەر لە ڕێ بەدیداری خەج شاد بوایە پێش کەشی بکردایە.

لە ل٢٣ ـ فؤاد دەڵێ: سیامەند خودا یاربێ دەتکەمە بووکە ڕازاوەی هەموو موکریانی..

ناظم ـ دەڵێ: ئەز دێ تو کەمە بووك.

لە ل٢٢ ـ فؤاد دەڵێ: (چەپکە گوڵێکی ئەداتێ)

هێندەکان دەبەرۆکت خەو دوو سێ کانیش لەبری گوارەی دەگوێچکان کە. .

ناظم - دەڵێ: دەگەر زەردایێ ڕۆژێ ئەو دەسکە نێرگزەم کردی بە هەندەکا دەبەر سەری خۆ ڕاکەو هەندەکا دەبەرۆکێ.

لە ل٢٣ فؤاد - دەڵێ: ئەوی پایزەش حەول دەدەم بنێرمە داخوازیت و خودا یاربی دەتکەمە بووکە ڕازاوەی موکریانی و چی دی ماوە بە قسەو قسەلۆکان نادەم. .

ناظم - دەڵێ: پاشی بوارێ دێ نێرمە خوازبینا تو قسەو باسێ ناو ڕەوەندۆکا دێ برمەوە.

فؤاد - دەڵێ: چ لەوەی خۆشتر بێ لەمە. .

ناظم - دەڵێ: داوەت لەوێ داوەتێ خۆشتر هەنە. . لە ل٢٥ - فؤاد دەڵێ: کەنگێ دونیا وەی لێ هاتووە مسکینان دەگەڵ کیژە گەورە پیاوان و میرانی عیشق بازی بکەن؟

ناظم دەڵێ: نا لە چ دەورو زەمانان کیژە بەگ بووینە دەزگیرانێ کوڕە کرمانجان.

فؤاد - دەڵێ: ئەمن ئاشقم کێ دەتوانی دڵی ئاشقان زەوت بکا،

ناظم - دەڵێ: ئەزی ئاشقم بڕوا بکە ئەگەر هەموو دەست و پێی سیپانێ خڕکەنەوە ناتوانن دڵی ئاشقەکی بسوتێنن، کێ ئەتوانی دڵی ئاشقان داگیربکا.

فؤاد دەڵێ: مرۆ هێندەکی ڕەوەندو هێندەکی نیشتەجێ بوون لە دەورویەری کوێستانی کێلە سیپانێ عەشرەتەکی هیجگار زەنگین و داراو دەست ڕۆیو هەبوو.

ناظم - دەڵێ: ژێر دەوارو هۆبەو ڕەشماڵی هۆزو عەشیرەتێ پیرە سیپانێ هەموو مێری مەیدانینەو گەلەك بە وەج و چەلەنگن.

فؤاد لە (ل٢٠) دەڵێ: هەر لە منداڵیەوە پێوەندیەکی سادەیان دەنێوان دا دروست ببوو.

ناظم - دەڵێ: هەر لە منداڵیەوە کەیفی یان لەگەڵ یەکتر دەهات. . لە (ل٢٠) فؤاد دەڵێ: تا گەورە بوون و بوونی کوڕو کچی تیان کرد ئیدی پێگەیین و لێك هەڵبڕان. .

ناظم - دەڵێ: لە هەڕەتی جحێڵی بە یەکجاری بۆ یەك سووتان و بوونە ئاشق لە بەر ئەوەی فؤاد لە (ل٢٠) دەڵێ: سیامەندی ئاشق ڕاوکەرێکی توندوتۆڵ بوو.

ناظم - ئەمەیان هەڵ دەقۆزتەوەو دیمەنێکی ساکاری لێ دروست دەکا:

سیامەند: هۆ خەجۆك. . .

خەج: سیامەند: ماتو نەچویە ڕاوێ؟

سیامەند: چووم و گەڕیامەوە.

لە (ل٢٢) فؤاد - دەڵێ: چەپکە گوڵێکی بۆن خۆش و ڕەنگینی دەچنی و دەیدایێ ناظم - دەڵێ: تەگە ئەو دەسکە نێرگزانە دێ وەرە وا ڕونی. لە(ل٦٢) فؤاد دەڵێ: خۆ ون دەکەین دوایە خۆ ئاشکرا دەکەین و پیرە پیاوێکی ڕدێن سپی دەنێرینەڕەجایە.

ناظم - دەڵێ: موددەتەکی خۆ بزر ئەکەین و ڕدێن سپی و خزم و کەسان ئەنێرینە کن بابی تو بە تەمای خوای گەورە هەموو شتەکی ئەبڕێنینەوە.

وەڵامی نووسەر دەربارەی ئەو لێك چوونە ئەو چەند وشەیەیە کەوا لە سەرەتای دەقی شانۆنامەکەی دا نووسیوویە دەڵێ: ئەم دەقە فۆلکلۆرەو هەموو کەسێك بۆ هەیە بۆ خۆی دایڕێژێ و بە شێوازی خۆیەوە پێش کەشی بکات، وەك کاك فؤاد مجید - سوودی لە عبیداللەی ئەیوبیان بینیووە. منیش ئاوا سوودم لە کارەکەی کاك فؤاد - وەرگرتووە. لێرەدا نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە بەر لەوەی تا بیگرێ بەڕ بە خۆی دا بدا، لەبەر ئەوەی کاك - فؤاد - بە شێوەیەك سوودی لە عبیدالله - وەرگرتووە لە کاتێکا کە چریکەی خەج و سیامەندەکەی ئەو داستانێکی کورتەو تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، کاك فؤاد - بیری ئەو داستانەی کردۆتە شانۆنامەو دیمەن و کاراکتەرو ڕووداوی بۆ دروست کردوە، بۆیە هەموو کەسێك بۆی هەیە سوود لە ڕۆمانێك یان چیرۆکێك ببینێ بۆ شانۆ، بەڵام نەکراوە کەسێك شانۆ نامەیەك بنووسێ و سوود لە شانۆ نامەیەکی تر، ببینێ، پاشان

ئەگەر سوود وەرگرتن گواستنەوەی دەقاو دەق بێ، چ شتێك لە كاری نووسین ئاسانتر دەبێ؟!

دەرهێنەر:

———— ئەوەی (طلعت سامان) لە نێو دەرهێنەرەكانی ترمان دا جودا دەكاتەوە ئەو شێوازە تایبەتی و واقیعی یەیە كە (طلعت)ی هونەرمەند هەیەتی لە نووسین و دەرهێنان دا. بە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە فۆلكلۆری و كەلەپوورانەی كە نزیك بوونەوەیان لە بینەری كورد لە هەر بابەتێكی تر زیاترە. جگە لەوەی كە بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێبازە كاریگەریەكی بەتین هەبێت لەسەر نەش و نووما كردن و پێگەیینی شانۆی كوردی.. ئەو شانۆیی یە كە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو مێژوو كەلتورو كۆمەڵی كوردەواری دا كوترابێ و تیای دا هەموو كێشە نەتەوایەتی و كۆمەلایەتیەكانی تێدا تیشك بداتەوەو ئاوات و ژانی سەر دەمەكانی بێت. وە ئەگەر چاوێك بەخێرایی بەسەر تەمەنی هونەری و بەخششی بەردەوامی طلعت سامان ـ دا بخشێنین هەر لەسەرەتای هاتنە كۆڕی هونەری تا ئەمڕۆش لەگەڵ دابی هەوڵی ئەوەی نەداوە كە لەو ڕێبازەی خۆی دوور كەوێتەوە.. لەوانەیە ئەمەیان لەبەر ئەوە نەبووبێ كە طلعت ـ وەك هونەرمەندێك بڕوای بە شانۆوە ڕێبازەكانی تری نەبێ، بگرە تینوویەتی شكانی ئەو، نزیك بوونەوەی ئەو، پەیوەست بوونی ئەو لەگەڵ گیانی سەردەمەكەی خۆی و ئاواتی كۆمەڵەكەی، لەم شێوازەی دا لە هەر شێوازێكی تر بە گرنگتر. دەزانێ.

طلعت لە حەفتاكانەوە تاوەكو ئێستا نزیكەی ٢٠ شانۆنامەی پێش كەش كردوە بە نووسین و دەرهێنان، كە ئەم ژمارەیە بە گوێرەی ئەو ماوەیەو بە گوێرەی باری شانۆی كوردی و بەراوورد كردنی لەگەڵ بڕی بەرهەمی دەرهێنەرەكانی ترمان دا، نیشانەیەكی دیارمان بۆ دەردەخا لەبەردەوام بوونی طلعت ـ و ئەو بەخششەی كە بەرامبەر بەشانۆی كوردی هەی بووە. لەو چەند تاقی كردنەوەیەدا، جیاوازیەكی زەقتر طلعت ـ لە دەرهێنەرەكانی ترمان دا جودا دەكاتەوە كە ئەویش دەست ڕۆیتی ئەوە لە نووسینی شانۆ نامەكانی دا، بەهۆی ئەو شارەزایی یە درامیەوە كە هەیەتی وەكو دەرهێنەر هەروەها بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی كە باسمان لێوە كرد، دەبنە هۆیەك لەو هۆیانەی كە كێشەی قات و قڕی دەق لە لای طلعت ـ دا ناهێڵن لەلایەك، هەروەها تینوویەتی ئەو لە هەردوو بواری نورسین و دەرهێنان دا دەشكێنن لەلایەكی ترەوە.

بۆ سەربەخۆیی كاركردن و پەیوەست بوونی ئامانجەكانی.

ئەوەتا لە نێوان ئەو ژمارەیەدا (٨)لەو شانۆنامانەی كە پێش كەشی كردون وەكو (نەفرەت لێ كراوە ١٩٧٠) دوكەڵ ١٩٧٢، مەم و زین ١٩٧٥) (قەل و ڕووتە ١٩٧٨) گێچەڵەكانی حەمە وەی وەی ١٩٨٠) (شاری ئەوین ٩٨٥) لە نووسینی خۆیەتی بەتایبەت بەرهەمەكانی ساڵانی دوایی. بەگوێرەی ئەو ڕابوردووە پڕ تاقی كردنەوەیەی كە ـ طلعت ـ هەیەتی لە بواری نووسین دا سیمای گۆڕانێكی ئیجابیانە دیارە لە نێوان ئەو ساڵانەو ناوەرۆكی ئەو بەرهەمانەی كە پێش كەشی كردون، هەروەها لە هەڵبژاردنی بابەتەكانی، تا دوا بەرهەمی ئێستای كە خەج و سیامەندە.

دەرهێنەر لەو بەرهەمەدا دووچاری گومان و كت وپڕیەكی زۆرمان دەكات بەرامبەر بەو ئاستە نزمەی كە پێیوە دەبینین لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە لە لایەك، وە كەم بینایی بەرامبەر بە لاوازی ئەو دژواریەتیەی لەناو دەقەكەدا هەیە، لە لایەكی ترەوە. لەبەر ئەو دیاردە زەقەشە كە بینەر مەسەلەكە بەزۆر شت لێك دەداتەوە، وە وای لێ دەكا كە گومان لەو هەموو شتانە بكات لەوەی كە ـ طلعت ـ وەك دەرهێنەرێكی شارەزا لە دەق دا چاوپۆشی، یان هەستی بەو مەرجانە نەكردبێت كە پێویستە لە دەقێكی درامی پێگەیشتودا هەبێ.

ئەمە وای كردوە كە مەسەلەكەی زۆر بەگرانی لەسەر (طلعت سامان) بوەستی و شەیەكە لەسەری ئەودا بشكێ، چونكە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەنجامی بەرهەمەكە لەسەر

حیسابی هونەری ئەو دایە.

هەرچۆنێ بێ دەرهێنەر سەرپێیانە مامەڵەی لەگەڵ هەڵبژاردنی دەقەکەدا کردووەو بیرتیژ نەبووە لەتێ ڕوانینیدا بەرامبەر بە بیری نووسەرو دەست کورتی لە مەسەلە درامیەکانەوە.

کاراکتەرەکان:

———— وێنەکێشانی کاراکتەرەکان بایەخێکی تایبەتیو گرنگی هەیە لە کاری شانۆییدا، ئەو نووسەرەی کە بیەوێ بە دوای وێنەیەکی نوێی شانۆییدا بگەڕێ، دەشێ وردبین بێ لە دروست کردنی کاراکتەرەکانی، نووسەر لە پەنای کاراکتەرەکانیەوە ئامانجە گشتیەکانی خۆی دەگەیەنێ، بۆ نموونە کاراکتەرەکانی بێکیت، چیخۆف، هەموو بیرو بۆچوونی ئەوان بوون بەرامبەر بەژیان بەڵام لە وێنەی کاراکتەرەکانەوە دەریان دەبری..

پادشای دانیمارکی لە هاملێت دا، پادشاییکی کۆنە، بەڵام لە مێژوودا شتێکەو لەلای شکسپیر شتێکی ترە، عیبرەت لە ڕووداوی داستانەکەدا نییە بەڵکو گرنگ ئەو گیانە زیندوویە کە نووسەر دروستی کردوە لە بنیات نانی پاڵەوانەکانیدا.

یۆنان ـ ی کۆن هەزاران ئەفسانەو داستانی تێدا لە دایك بووە بەڵام هیچێکیان ئەو داهێنانەیان بە خۆیانەوە نەدیوە وەکو لە ئۆدیب دا هەیە، بۆیە کاری سەرکەوتوو ئەوە نییە لە چەند قالبێکی دیاری کراودا شت بگوازینەوە.

کاراکتەرەکانی خەج و سیامەند هەموو بێ سەرو شوێنن، نەخشەیەکی دیاری کراو نییە لە ڕەسم و بیری ئەو کاراکتەرانەدا، بەڵکو هەر ساتەو بەشێوەیەك دەگۆڕێن، کارکتەری لاوازن و هیچ یەکێکیان وێنەیەکی چەسپاو لە هەستی بینەردا دروست ناکەن، دەسەڵاتی ئەوەیان نییە خۆیان بە خەڵکی بناسێنن، سەرکەشیانە دێن و دەڕۆن، بێ بەڵگە دەجولێنەوەو دەمرن، وەکو خەیاڵێکی سڕ، بە بەر چاوو بیری بینەردا ڕادەبورن!

هەتا نووسەر خۆشی پاڵەوانەکانی خۆی ناناسێ، نەیتوانیوە تا ڕادەیەك ئەو کاراکتەرانە بە ڕووە ئایدۆلۆژیو سایکۆلۆژیەکەی خۆیەوە پێش کەش بە بینەر بکات..

بەڵکو زۆربەیانی ئیفلیج کردوە، دووچاری دژواریەتی کردون لەگەڵ خۆیان دا، لە هەڵوێستی ڕۆژانەیان دا، لە بیرکردنەوەیان دا. بیری تێکڕای شانۆنامەکە بە دەوری تەنیا خۆشەویستی دوو کاراکتەردا دەسوڕێتەوە، نووسەر نەپرژاوەتە سەر سەردەمە دەرەبەگایەتیەکە بەمانا فرەوانەکەیەوە، بەتایبەت مل ملانێ.. چینایەتیەکە.

بەگ:

———— مل ملانێی ناو ڕووداوەکان لایەنە شەرخوازەکەی بەگ و کوێخان، بەڵام جۆری مل ملانێ کە لە مەسەلەیەکی نەتەوایەتیو چینایەتییەوە نەهاتۆتە کایەوە بەشێوەیەکی گشتی، بگرە مل ملانێ کە لە چوارچێوەیەکی تەسکی کەسایەتیدا دەخولێتەوە بێ ئەوەی بپرژێتە سەر بارو دۆخی سەردەمەکەو کێشە سەرەکیەکە کۆمەڵایەتیەکانی.

بەگ ـ ڕەفزی سیامەندو باوکی ناکاتەوە لەبەر ئەوەی هەژارن، چونکە هەر ئەو بەگەیە سیامەندی هەندی کوری خۆی خۆش دەوێو حیکایەت خوان گوتەنی: شتێك ناکا بێ پرسی باوکی سیامەندی. ئەوەی بەگ دەمارگیر دەکا چەند مەسەلەیەکە پەیوەندی بە ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵەوە هەیە، ئەو ڕەوشت و نەریتانەی کە نەفرەت لە شاعیرێك دەکەن ئەگەر لە کۆپلە شیعرێکا ناوی خۆشەویستەکەی هێنا، بەگ وەك هەر ئەندامێکی تری کۆمەڵ ئەو کاتە نەیتوانیوە لە چوارچێوەی واقیع دەربێو ببێ بە مرۆڤێکی هارچاخ و پێشکەوتنخواز، بە تایبەت لەناو ئەو چینەی کە ئەوی تێدا ژیاوە، بۆیە ڕەفزی خۆشەویستی دەکاتەوە، بە هەموو مانایەکیەوە، کە لەلای ئەو خۆشەویستیو شەرەف لێکدی جیا ناکرێنەوە، بۆیە نووسەر دەبوا بەگ تەنیا لەو گۆشە تەسکەو بە یەك ڕوو نیشان نەدا، بگرە لەتوانایدا

هەبوو کە ئەو بەگە بکا بە ئاوێنەی ئەو سەردەمە پڕ کێشەیەی کە خەج و سیامەندی لێ لە دایك بووەو بوونەتە هەوێنی لە دایك بوونی ئەو داستانانە.

بێ بەش بوون لە مانی خۆشەویستی و داپچڕان لە گەورەترینی غەریزەیەکی خوایی کە خوا بەمرۆڤی بەخشیوە، ئەو بەش بوونەی بۆتە بنچینەی دروست بوونی مل ملانێیەکی گەورەتر لەو قەوارەیەو فێری ئەوەی کردون کە چۆن بتوانن لەسەر پێ بوەستن و ڕووبەڕووی ئەوانە بوەستنەوە کە خۆشەویستیان لە پەنای مەسەلە چینایەتیەکانەوە خستۆتە ژێر پێیان، بۆیە ئەو وەستانە قوربانی دان ویستووە، هەزار قوربانی دان و وێنەی بەجەرگ تری وەکو خەج و سیامەندی.. بەگ ـ ناوبانگی بەزاڵم و ستەمکار دەرکردوە، کەچی هەڵوێستێکی لەو ستەمکاریەی خۆی نیشان نەداین، بەتایبەت بەرامبەر بە کرمانجەکانی. چونکە بەگ ـ بە مەسەلە گشتییەکانەوە نەبەستراوەتەوە،

نووسەر لەناو یەك کاراکتەردا دوو نەفسیەتی دروست کردوە، کە زۆر جار وا هەڵ دەکەوێ دژ بە یەك بوەستن، چونکە هەر ئەو بەگە بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکان و پاراستنی گوندەکانی خۆی سەری پێوە نییەو هەستێکی شۆڕشگێرانەی هەیە.

کاتێ کوێخا هەواڵی ئەوەی بۆ دێنێ کە قوباد بەگ نیازی داگیرگردنی گوندەکانی سپانێی هەیە ئەوەتا دەڵێ:

ـ ئەوە فتنە بەمە فرۆشتنە دەی خەبەرێ بدەن هەمیا حازربن. ئەم هەڵوێستە ـ ئامادە بوونی بەگ نیشان دەدا بۆ قوربانی دان لە پێناو پاراستنی گوندەکان.، کە ئەمە دیارە لەگەڵ هەستێکی کۆنەپەرستانە یەکدی ناگرنەوەو دژواریەك لە کەسیەتی بەگ دا دروست دەکەن..

ئەم هەستەی بەگ تەنیا دیوی دەرەوەی ناگرێتەوە، هەتا بەرامبەر بە لایەنە دژوارەکەی ئەو مرۆڤە دڵ ڕەق و کۆنەپەرست و زاڵە نییە وەکو دەڵێن، ئەوەتا ڕێزو خۆشەویستی هەیە بۆ سیامەندو باوکی و دەڵێ: (سیامەند دەگەر سمکۆیێ چ فەرقیان نییە لە دلێ من هەندەم خۆش دەوێ، خودێ هەر ناگری سیامەندیش ناویانگی سوارچاکیێ وی هەر چار قوڕنەی سپانێ ی گرتیتەوە، ئەز ڕاوەستایمە چ کیژان هە ـ بژێری) ئەو خۆشەویستییەی بەگ بۆ سیامەندی، بۆ باوکی، لە کوێوە هاتووە ئەگەر مل ملانێیەکی فیکری لەو نێوانەدا هەبێ؟ پاشان ئەو دژایەتییە چییە لەتێڕوانین یەگ بەرامبەر بەسیامەندو باوکی؟!

بەگ جیاوازی لە نێوان زڕ کوڕەکەی و کوڕی ڕەسەنی خۆی ناکا. لەبەر هۆیەکی ساکار کە ئەو بەر لە کوڕە ڕەسەنەکەی خۆی کە برای گچکەشە داوای ژن هێنانی کردوە پێی دەڵێ:

ئەدی کوڕە گەورە تا هەنووکە ئەتو لە کیرێ بووی؟

جگە لە ساکاری دەربڕینی مەسەلەکەو نەبوونی کاتی پێویست نووسەر بەگ دەخاتە ناو چوارچیوەیەکی عادیلانەی وا کە بەرژەوەندی کوڕی خۆی بکا بەقوربانی زڕ کوڕەکەی.. تری. لێرەدا دژواریەکی ئایدۆلۆژی لە کەسیەتی بەگ دا دروست دەبێتەوە. نووسەر لەسەر زمانی حیکایەت خوان دەڵێ: بەگ وەکو بەگانی تر بایەخی بە مەسەلەی بنەماڵەو خانەدانیەتی نەدەدا بەتایبەت دەربارەی مەسەلەی ژن هێنان و خزمایەتی. ئەمە بێجگە لەوەی کە بەگ دەخاتە ناو قەفەزێکی بێ تاوانی و پاکی، نووسەر دوچاری دوو ڕوویی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر بەگ بوو بوو بە ئەنجامی سەرنانەوەی ئەو دوو دڵدارەو هەر تەنیا ئەویش بوو کە ئەنجامی کردەوەکانی خۆی هەڵگرتەوە، ئەی چۆن بایەخی پێ نەدەدا؟! ئەگەر بایەخی پێ نەدابوایە دەبوا لەناو ئەو هەموو کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتیانە دەر بێ و ببێ بە مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ.

سیامەند:

—— سیامەند لەسەر زمانی خەجێ و باوکی خەجێ و خەڵکی سپانێ، هەتا خۆشی، پاڵەوانێکی بە

توانایە، ئەمەیان تەنیا بە قسە نەك بە هەڵوێست. . چونکە ئەوەندەی کە سیامەند لە خۆی بابی‌یەو بەخۆی دەنازی، بای نیو ئەوەندە کردەوەیەك یان هەڵوێستێکی ئەوتۆمان لێ نەبینی ئەم ڕاستی‌یە بسەلمێنێ. . زۆر جار وا ڕوون دەبێتەوە کە خۆ هەڵ کێشان لە بێ دەسەڵاتی‌یە. . ئێمە نامانەوێ سیامەند سوپرمان بوایە، بەڵام لە چوارچێوەی واقیعی خۆشیا دەرنەچێ. . ئەوەتا خەجێ دەڵێ: (هەرد لەبەر زەبرو زەنگی وی دەلەرزی) یان کە سیامەند خۆی بەخۆی‌دا هەڵ دەڵێ: (هەر چل برایێ توو بەشی چوك دادانەکی سیامەندی توو ناکەن!) دوای ئەوەی کە لە دیوەخانێ سەرو سوتەکی باوکی دەشکێنن و بە برینداری دەیگەڕێننەوە ماڵێ، سیامەند هەندێ هەڕوگیفی دوور بە دووری دەکاو دەڵێ: (ئەچمە ناو ڕەشمارا بانگ ڕاتیرم و ئەبینم ئەگەر ئەوانەی غەدر لە بابێ من کردی‌یە مێر بن بابێنە مەیدانێ‌و دەستا هەر بنین).

یان کە دڵێ: هۆ بابۆ ئەگەر ئەمن بەپیشتا خۆ ئەزانی بیێ من داخوا کێ بەدەنێ تو هۆ هاری‌یە، قەسەم بەخوای دێ کەمە عیرەتا دونیایێ. . ئەویش ئەگەر مرۆبن زەبروزەنگی سیامەندی‌یان لە بیر ناچی).

دیسان هەر باسی ئەو زەبرو زەنگەی خۆی دەکاو دەڵێ:

شەرت بێ لە شەرتی خوای‌و هەموو مرۆیێ ئازا ئەچمە دیوەخانێ‌و خەنجەرا خۆ ئەکەمە حاکمەکا حەق و هەموو خزمایەتی‌و عادەت و ئارەزووا دێ‌کەمە قوربانی‌یان مووەکی لەشی مرۆیا. .) بینەر بەرامبەر بەو هەموو بەڵێن و بڕیارانەی کە سیامەند دەیدات لە ڕووی ئەو چەندان زوڵم و زۆرداریەی کە بەگ دەیکات، هەر لە ڕیسوا کردن و تێ هەڵدانی باوکی‌و کەرامەت شکانی سیامەندی هەتا دەگاتە ئەو بێ‌هیواییەی کە دوچاری دەبێت بەرامبەر بە باوکی خەجێ، چاوەڕوانی ڕووداوێکی کت وپڕی دەکات کە سیامەند بیکات لەتۆڵەی هەموو ئەمانە، کەچی چاوەڕوانیەکە وردە وردە لەبار دەچێت و بینەر دەگاتە ئەو قاناعەتە کە نەخێر سیامەند لە قسەی ڕووت بەولاوە هیچی تری پێ نی‌یە. . نووسەر دەبوا بە چاوێکی مەوزوعیانە نەخشەی بۆ ئە پاڵەوانە سەرەکیەی شانۆنامەکەی دانابوایە، ئەو قەوارە بەتاڵەی نەدابوایێ، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی واقیعی باری کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژی کاراکتەرەکانی بکردایە لەبەر تیشکی سەردەم و ئاستی کۆمەڵایەتیەوە هەڵوێستی کاراکتەرەکەی بەرامبەر بە دەوروبەری خۆی دیاری بکردایە.

یاخی بوونی خەج و سیامەندی لە ئەنجامی نەفرەت کردن لە واقیع و کۆت و پێوەندەکانی هاتۆتە کایەوە کە ئەمە گەورەترین قوربانی‌دانە خۆشەویستی لە لایەك و تاقە ڕێگایە کیشە بۆ گەیشتن بە ئاوات، بە هەر نرخێك بێت، ئەم یاخی بوونە خۆی لە خۆی‌دا گەورەترین ئامانج دەپێکێنێ‌و بە هێزترین هەڵوێستێکی کاراکتەرەکان دیاری دەکات بەرامبەر بە هەموو مەسەلەکان. .

کەواتە پف دانی سیامەند بە وشەی بریقەدار بەو ناوەی کەوا سیامەند وەکو کاراکتەرێکی شۆڕشگێر نیشان بدرێ، بێجگە لە لاوازکردنی کاراکتەرەکە هیچی‌تر ناگەیەنێ، پاشان ئەوە سیامەندو واقیعی سیامەند لەبەر چاوە، کوڕە گەنجێکی، گرولاوازو هەرزەکار، لە چینێکی چەوساوەو هەژارو شوان، بۆ لەو قەوارە ڕاستەقینەیەی خۆی دەربچێ‌و دووچاری شەرمەزاری بێت بەرامبەر بە بینەر. . کە ئەوەندە هەڵ دەدرێت پاشان بۆ ئەوەندە نزم دەکرێت کە بەشی بێتە گریان و کاڵۆو باوکی بیلاوێننەوە!؟

سیامەند بۆ بێ بەو منداڵە هەرزەکارەی نەتوانێ لەسەر پێ‌ی خۆی‌و بیری خۆی بوەستێ، بەگوێرەی قسەو ئامۆژگاری ئەم و ئەو هەڵسوکەوت بکات و هەرگیز نەبێتە خاوەنی هەڵوێست و بیرێکی خۆی!؟.

باوکی سیامەندی:

——— باوکی سیامەندی یەکێکی‌ترە لەو کاراکتەرە لاوازانەی کە زەمینەیەکیان نی‌یە لەسەری بوەستن، یاخود هەڵوێستێکی چەسپاویان نی‌یە لە بیرکردنەوەیان دا بەرامبەر بە سەردەم و ئەو ڕژێمە

دەرەبەگایەتیەی کە دەیان چەوسێنێتەوە، لەوەش زیاتر بەرامبەر بە هەڵـوێـستـی داوێن پیسی برای (بـەگ) بەوەی کە لە دیـوەخـانی خۆی بەدارو دەستـەکـانی دارکـاری دەکـات و کەرامـەتی پێ شێـلْ دەکـات، لەبـەر چاوی ناحەزەکانی بە مل کەچیو برینداری ڕەوانەی دەکاتەوە، ئەمە چ پەندێکە بەبـاوکی سیـامـەنـدی دەکـرێ؟ دەبێ ئەگـەر هەر هیچ دەسەڵاتێکی نەبێ بەرامبەر بەو بەگە زاڵمە، خۆ ئەوەندەی پێ دەکـرێ لێی جیا بێتـەوەو تا دوا هەنـاسـە، چاوی بە چاوەکـانی ئەو مرۆڤـە ستـەمکـارە نەکەوێتەوە. . کەچی ئەو هەڵوێستە پڕ لە داخە کە هەموو مانایەکی مرۆڤایەتی تیادا پێ شێلْ دەکرێت، زۆر بە سووك و سانایی پروك دەبێتەوەو دەبێتە مەسەلەیەکی زۆر ئاسایی، وەکو هیچ ڕووی نەدابێ، جارێکی تـر دێتـەوە دیوەخانیو دووبارە داخوازی خەجێ لە بەگ دەکاتەوە، گوایە خاڵ کاڵۆ ڕێی نیشان داون کە بە دانایی بجولێنەوە، بەڵام ئاخۆ داناییەکەی سیامەندو باوکی لە دیوەخانی بەگ چی‌بوو؟

نەخێر. . ئەم هەڵوێستە لە دوو لایەنی هەرە گرنگ بە سلبی هەڵ دەکـەوێتـەوە، یەکێکیـان لەبـەر دۆڕانـدنی هەڵـوێستی سیـامـەنـدو باوکی بەرامبـەر بە پێ‌شێـلْ کردنی کەرامـەتیـان کە لەسـەرووی هەمـوو شتێکـەوەیە، سیامەند گوتەنی لە سەرووی ئەوینیشە. . دووەمیان: ناسروشتی لە گۆڕانی هەڵوێستی بەگ بەو شێوە کتوپڕییە، لە بارێکی وا توندوتیژ بۆ بارێکی وا ئاسایی کە بڵێ عوزرێ دەخوازم، بە بێ بەڵگـەو هۆیـەکی دیـار. . . بەگ و باوکی سیـامـەنـدی جیـاوازیـەکی فیکـری، یا چینایەتیان لە نێوان دا نی‌یە بگرە هیـچ جۆرە مل ملانێ‌یـەك بوونی نی‌یـە تا ئەو کاتـەی کە داخـوازی خەجێ دێتـە گۆڕێ، ئەگـەرنـا دەبـوا بەگ بەو تێ‌ڕوانینـە تەسکـەی هەیـەتی بەرامبـەر بە کرمانج و ڕەش و ڕووتەکان ئەو هەڵوێستەی نەدەبوو بەرامبەر بە کرمانجێکی وەکـو باوکی سیـامـەنـدی، لەوەش زیـاتر باوکی سیامەندی برای بەگـەو لە ڕیـزی چەوسـاوەکـانـە چۆن ئەو پەیوەندی‌یە •ئاساییەی لەگەڵ بەگێك دا هەیە کە دەزانێ دوژمنی چینی ئەوانە؟ بۆیە جەوهەری مل ملانێ‌کە نابێتە مل ملانێ‌یەکی فیکری.

کوێخا:

———— کوێخـا یەکێکـە لەو کاراکتەرە شەڕخوازانەی کە هانی حەمـۆ دەدات. بچێتە بن باڵی بەگ و مەسـەلەی خۆشـەویستی نێـوان خەج و سیـامەندی پێ بگەیەنێ، ئەوە بوو لە دیـوەخـانێ لە بەرامبـەر هەمـووان نامـووسی بەگ دەشکێنێو تەواوی مەسەلەکە ئاشکرا دەکا، پاشان هەر ئەوە بەگ هان دەدا، بۆ ئەوەی سمکۆو مەیرۆ بە یەك نەگەن و خەج و سیـامـەنـدیش بۆ یەك نەبن، بینـەر بەرامبـەر بەو هەڵـسـوکـەوتـە لە دوژمن داریو قینی کوێخـا سەری سوڕ دەمینێ، کە کوێخا مەبەست و ئامانجی چی‌یە لە گێڕانی ئەو ڕۆڵە بوگەنە، وە چ بەرژەوەندیەکی لە نێوان ئەو خۆ تێ هەڵ قورتاندنەدا هەیە؟!!

خەج:

———— ئەوەی بینـەر لەنـزیکتـرین هێڵ بە کاراکتەرەکان دەگـەیـەنێ ئەوەیـە کە نووسـەر وردبین بێ لە ڕەچـاوکردنی دەوروبـەر، بەتـایـبـەت لەڕووی کۆمـەڵایـەتی و ڕۆشنبیـریو ڕەوشت و نەریت و زمان و جل وبەرگ و شتەکانی ترەوە. . ئەمـەش لەبـەر ئەوەی کە مرۆڤ بەنـدە بەو چوارچێـوەو قۆنـاغـەی کە تێیـدا دەژی لە هەمـوو ڕووەکانی ژیان دا. . بۆیـە ڕەنگـدانـەوەی قۆنـاغ، کاراکتـەر لە بینـەر نزیـك دەکـاتـەوە. . . بۆ نمـوونـە خەجێ کە کچی کابـرایێکی دەرەبـەگـە لە بارێکی کۆمـەڵایـەتی دیاری کراودا دەژیت و ڕۆشنبیـریـەکی دیـاری کراوی هەیـە کە لەلای هەر کچـە لادێ‌یـیـەکی تردا هەیـە، نووسـەر ناتـوانێت کاراکتـەر پف بدات و لە قەوارەی ئەو دەوروبـەرەی دەربـێـنـێ، یان زمـانێکی فەلسـەفیـانـەی وای بداتێ کە لەگـەڵ بارودۆخ و سەردەم و کەسایەتی ئەو کاراکتەرەدا نەوشێتەوە. . دەنا ئەگەو وا نەبوایە طلعت سامان، هەولی ئەوەی نەدەدا، وەکو خۆی گوتەنی لە زمانی ڕەسەنی خەج و سیامەند نزیك بێتەوە. .

بێ‌گومان لەوانەیە نووسەر بەوە بەرگری لە خۆی بکات

که گوایه کەلوپوور بە هاوچاخیەتیەوە نیشان دەدات، بەڵام ئەی بۆچی زمانی پاڵەوانەکانی نەکرد بەزمانێکی هاوچاخ؟

یان هاوچاخیەتی تەنیا ئەوەندەیە کە ئافرەتێکی لادێیی بکەی بە قوتابیەکی زانکۆیی؟ بەو شێوەیەی کە دژواریەتی لەگەڵ واقیع و مێژوو مەسەلە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیەکانەوە پەیدا بکەی!

هەر کاراکتەرێك لەو کاراکتەرانە لەسەر زەمینەیەك وەستاوە کە پەیوەندی بە هەزارو یەك لایەنەوە هەیە کچە لادێییەك دەتوانێ بە هەمان ئەو فەلسەفەیە قسە بکات کە کچە زانکۆییەك قسەی پێ دەکات، بەڵام بە دەربڕینی خۆی، کە لەگەڵ ئاستی واقیع و دەوروبەری خۆی یەکدی بگرنەوە . . . چ فەلسەفەیەکی هاوچاخ دەوڵەمەندتر نی‌یە لە فەلسەفەی باوك و باپیرمان کە بە پەندو قسەی نەستەق وتراون، بەڵام بەزمانی سەردەمی خۆیان قسەیان کردوە،

خەج دەڵێ: ئاموێ ڕۆژەکی لە ڕۆژان بێن خەجەك هەبوو بێ دەسەرات و نەزان نەیتوانی تخوبێ پەیوەندیا خەرکی بشکێنی و لە ڕاستی گەورەیی و پیرۆزیێ ئەوینی‌ێ دابەزی، ئاموێ نموونەکی لەرزۆك و بەزیوی ئاشقانە لۆداهاتی بەجێ بێرم . . .

ئەمە هەر زمانی خەجێ نی‌یە، ئەوەتا یەکێکی وەکو کوێخا ـ نموونەی فەلسەفەی گەورەترین فەیلەسوفێکی هاوچاخ بەنموونە دەهێنێتەوەو دەڵێ: پێویستە تاك لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی دابێت.

هاوچاخیەتی لە خەج و سیامەنددا

________ لەو چاو پێ کەوتنەی کە ـ طلعت سامان ـ لەگەڵ ڕۆژنامەی ـ جمهوریة ـ دا کردویەتی لە لێداوانەکەیدا زۆر پرژاوەتە سەر مەسەلەی هاوچاخیەتی لە خەج و سیامەنددا، کە ئەو هاو چاخیەتی‌یە هیچ سیمایەکی بەسەر شانۆنامەکەدا دیار نی‌یە، هەتا لەسەر حیکایەت خوانیشەوە کە گوایە قۆناغی نوێ دەنوێنێ و بەزمانی سەردەمەوە قسە دەکات، بەڵام ئایا ئەو مەرجانە چین کە حیکایەت خوانیان کردوە بەمرۆڤێکی هاوچاغ؟

یان تەنیا گۆڕینی دیالیکتی زمانی بەسە بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە بکەین بە نموونەی سەردەم؟! ئەوەی بەو حیکایەت خوانەوە دیارە تەنیا گێڕانەوەی ساکاری چیرۆکەکەیە، لە چوارچیوەی خەج و سیامەنداو بەس، بێ ئەوەی ئەو مرۆڤە ببێت بەدەنگی سەردەم و بیروباوەڕە نوێکانی، تێڕوانینی بەرامبەر بە کەلەپوورو ئەو بارو دۆخەو کێشانەی کە بوونەتە هەوێنی دروست بوونی خەج و سیامەندی . . . لەمەوە دەتوانین بڵێین بوون و نەبوونی حیکایەت خوان وەك یەك بوو.

لایەنێکی تری بۆچوونی نووسەرو دەرهێنەر بەرامبەر بە هاوچاخیەتی، ئەو زمانە داتاشراوەیە کە بە هەندێ لە کاراکتەرەکانەوە بەخشراوە، وەکو لە پێشەوە باسمان کرد . . . بەڵام ئەگەر لە تای تەرازووی ئەو سەردەمەوە خەج و سیامەند هەڵ سەنگێنین، تا چ ڕادەیەك دەتوانین

سوود لەو شانۆنامەیە ببینین لە ڕووی بیرو تام و چێژ وەرگرتن لە تەکنیکی نوێی شانۆوە؟ یان ئەگەر بەراووردێکی پێبکەین لەگەڵ ئەو شانۆنامە کەلەپووریانەی کە پێشترا پێش کەش کراون وەکو (محمدو سیوێ)و (سورمەخان)و (لاسۆو خەزال)و (مەم و زین)چ گۆڕانێکی هونەری و فیکری تیدا دەبینین جگە لە دووبارە کردنەوەی هەمان بابەت و شێوازی دەرهێنان؟ کەلەپوور گەنجینەیەکی بەنرخە بەڵام لەو کاتەدا کە دەخرێتە ناو چوارچێوەی سەردەم و ڕەگەزە بنچینەییەکانی هونەر بە خۆیەوە هەڵ دەگرێ، ئەگەر نا کاری شانۆیی تەنیا شێوەو ڕواڵەتەکەی پێوە دەمێنێتەوە دوور لە بابەت و ناوەرۆك، بۆیە پێویستە ڕێبازێکی فیکری شۆڕشگێرانە لە کارا بێت لە کاتی مامەڵە کردنمان لەگەڵ کەلەپووردا..

زۆربەی تاقیکردنە نوێکانی شانۆ لە کەلەپوورەوە پێگەیون، برێخت - سوودی لە سەردەمی ماجن - یش وەرگرتووە بۆ شانۆ نامەکانی، ئەو سەردەمە تاریکەی کە ئەوروپا تێیدا ژیاوە.. هەروەها سوودی لە کەلەپووری ئەگریکی و ئەڵمانیش بینیوە، وەکو شانۆنامەی - کۆلۆمبس

برێخت - داوای ئەوەی کردوە کە پێویستە ناوەرۆك و فۆرمی هونەری بە یەکەوە ببەسترێنەوە، بەو شێوەیە کە لەگەڵ سەردەمی نوێمان دا بگونجێ، ئیمە نەمان توانیوە ئەوەندەی پێویست دەست بەسەر گەنجینەی کەلەپووری خۆمان دابگرین، ئەوەتا - قاسم محمد. لە زور شانۆنامەکانیدا سوودی لەکەلەپووری ئیمە وەرگرتووە.

خەج و سیامەند نیشان دانێکی عاتیفیە زیاتر لەوەی کە فیکری بێت، زۆر کەس برێخت - یان بەوە لە قەڵەم دەدا کە دژی عاتیفەیە، بەڵام ئەو هۆش و عاتیفەی تێکەڵ بەیەکدی دەکرد.. یان تەکنیکێکی وای بەکار دەهێنا کە عاتیفەی تێدا بخنکێنێ، بۆ ئەوەی عاتیفە لەگەڵ خۆیدا رامان نەمالێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر جڵەو بۆ عاتیفە شل بکەین ئەوە میسالیەت بالی بەسەر واقیع دا دەکێشی لە چارەسەرکردنی مەسەلەکان دا.

مەسەلەی گرنگی ئەو داستانە تەنیا لەوەندەدا نی یە کە شێوازێکی تراژیدیانەی پێوەیە، یان کۆتاییەکەی پڕە لە کارەساتی ڕەش بین و جەرگ بڕ بەوەی کە سۆزی بینەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ و تەلی هەست و ویژدانی دەجولێنێ، ئەگەر مەسەلەکە تەنیا لێدانی عاتیفەیان سۆزی بینەر بێ ئەوە دیارە نیاز تەنیا هەڵ خەڵەتاندنی بینەرە..

کە بەداخەوە دەڵێم بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانە بەو شێوەیە هێنراونەتە سەر شانۆ، کاتێك بینەر هەست بەو هەڵ خەڵەتاندنە عاتیفیە دەکات کە لە شانۆ دەگەڕێتەوە، بیرێك لەگەڵ خۆیدا هەڵ ناگرێ، دایەلۆژێکی بەتام و چێژی گوێ لێ نابێ، پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکانی، وێنەیەك لە زەهنی بینەردا دروست ناکەن.. ستانسلافسکی لەم بارەیەوە دەڵێ: بینەر بۆ ئەوە دێتە شانۆ، تا لە پەنای وشەکانەوە شتێك ببینێ، بەڵام ئەگەر تەنیا وشە ببێت، ئەوە دەتوانێ لە ماڵەوە بیخوێنێتەوە.

# «گوتنێت مەزنان ل دەڤەرا بەهدینان»

عزت فندی

ماموستایێ هێژاو برادەرێ خۆشتڤی «حجی جعفر» دڤێ دومایێ‌دا کتێبەك ب ڤی ناڤێ ژووری گەهاندە چاپێ‌و بازارێ کتێبا کوردی پێ ڕەوشەن کر.

جا ئەز دبیم ئەنشتەکێ نووە ئەم ل سەر گرنگیا ڤی بابەتی‌و کۆمکرنا فولکلورێ خوە بپەیڤین، تنێ ئەو گوتنا [د. نورالـدین زازا] ئەوا دپێشگوتنا ماموستای (حجی)‌دا هاتی، بەلگەیەکی هێژایە بو ڤی کارێ ماموستایی مینا وی بخوە گوتی دەمێ دبێژیت [ئەگەر ژئیرو ب شوندا ئەم گوهـ نەدین فلکلۆرا خوە وێ وندا ببەو هەرە. «روو ٦»].

لێ تشتێ مە لڤر بێژین ئەوە، ئەم بزانین کەچا چاوا ماموستایی ئەڤ گوتن نڤیساندنەو چاوا کتێبا خوە نەخشاندیە؟ ئەڤ کتێب ژدوو پشکێن سەرەکی‌و پشکەکا نەسەرەکی پێك هاتی‌یە؟!! پشکا یەکێ گوتنێن مەزنان نڤیساندنەو لدو حەرفێن هیجائی ڕێزکرنە، پشکا دووێ چەند هۆزانڤانەکێن کورد کا چاوا گوتنێن مەزنان دناڤ هوزانێن خوەدا ب کارئانینە؟!! پشکا سێ یانەسەرەکی فەرهەنگۆکەك ژهنەك پەیڤان ڕە چێکریە..؟!!

ئەم ژی وێ بێن پشکا یەکێ ب ئاوایەکی درێژ ل سەر نڤیسین و بزانین کەچا ماموستایی چ پێش کێش کریە؟!!

أ/ ماموستایێ «حجی» یەك گوتن ل جهەکی زێدەتر دوویارەو سێ بارەکریە، هەر ب یەك ڕامان و مەبەست ب کارئانی‌یەو تنێ پەیڤەك ژێ گوهەراندیەو بڤێ چەندێ تبابەك باش گوتنان ل سەر کتێبا خوە زێدەکرنە تنێ ئەوێن دووبارەکری من هژمارتن نزیکی (٤٠) گوتنان هەنە. ئەڤ ژی نەکارەك ڤەنجە یەك گوتن دوو سێ جاران بێ نڤیساندن و ماموستا خوەیێ های نەدە، دە وەرن هەر بو نموونە ئەم ل ڤان گوتنان بنێرن.

١ - بیدەر خەما بایە ل ١٨.

- جوخین هەر خەما بایە ل ٣٤.

تنێ پەیڤا [بێدەر - جوخین] ژهەڤ جودانە

٢ - بەشەر ژ چ تێر نابیت، چەنگەك ئاخ نەبیت ل ١٩.

- مروڤ ژ چ تێر نابیت، ژبلی ئاخێ ل ٩٩.

٣ - بسك ڤژێ، مال پاڤژێ، بسك حولیێ مال بگیێ ل ٢٢.

- سەر گزێ مال پاڤژێ، سەر حلیی مال ب گیێ ل ٧٠.

٤ - بەری بارانێ بایە، بەری مرنێ تایە ل ٢٥.

- دەلیلێت بارانێ بانە، دەلیلێت مرنێ تانە ل ٥٢.

٥ - پیرە گایێ تبعەت گۆلکە ل ٢٨.

- گایێ تبعەت گۆلکە ل ٨٩.

و گەلەك گوتنێن دن مینا ڤان دووبارەکرنە، ئەز دبێژم ڕاستە هنەك جاران دوو - سێ گوتن بو یەك مەبەست دهێنە گوتن، لێ نەئەوە ئەم یەك پەیڤ ژێ ب گوهـرینن و ب گوتنەکا دن ل قەلـەم بدەن و زێدە ب نڤیسینن، مینا دبێژن [خـەتـا خوار ژگایێ پیرە]و هەر بو وێ مەبەستێ دبێژن [بچووك چاڤ ل مەزنان دکەن]... لێ نابیت ئەم جارەك بنڤیسینین [پیرەگا]و جارەکادن [گا]و ب دووگوتن بێنە حساب کرن؟!!!

ب/ بەراستی ماموستایی ل هنەك جهان «گوتنێت مەزنان»و «مەسەلە، چیروك، سەرهاتی» ژێك جودا نەکرنەوز دناڤ یەك هلکرنەو ب گوتن ل قەلەم دانە!!!!

ئەڤ ژی نابە، چونکی گوتنا مەزنا ئاشکارە، ژچەند

پەیڤەك كێم و لێك ئینای [نەهەرجار]و دارێتی پێك هاتی‌یەو مەبەست و مرازەك دیار هەیە، لێ نەوەكی مەسەلێ درێژە، ئان سەرهاتی‌یە تو وێ ژكابرایەكی‌رە بێژی، برانۆ وەرن لگەل من ڤێ «گوتنێ» بخوونە ئەوا ل رووپەلێ (٢٢؛ هاتی [بییە مەسەلا كویسەلەی‌و غەزالێ] تو خودێ‌كەی ئەڤ ب گوتنا مەزنان حسێبە یان مەسەلە؟!!

ب ژلی هندێ تو بخوە وێ دبێژی «بییە مەسەلا...»...، ئەمێ بێژن [بەتالی، خراب مالی] ئەڤ گوتنا مەزنایە، ژپەیڤ و دارێتن و لێك ئانینا وێ دیارەو مەبەست و مرازاوێ ژی ئاشكارە لێ‌نە مەسەلەیە ئان سەرپێ‌هاتی‌و چیروكە؟!! دە وەرن ئەم ل ڤان مەسەلەو سەرهاتێن ژێری بنێرن ئەوێن مامۆستای ب گوتن نڤیساندین، هەر بو نموونە ئەمێ چەندەكا ژوەرا رێزكن.

١ - [بیە بێ چووی عەسكەری‌یا توركا، دەمێ زڤری نەتوركی زانی‌و كوردی ژی ژبیر كربوو!!] ل ٢٢.

٢ - [بییە مەتەلا صەوكا مزویریا] ل ٢٥.

٣ - [بییە مەتەلا رویسێ دكارێ‌دا] ل ١٩.

ئەڤ ژی (كوار)ە نەك (كار).

٤ - [بییە گرارا بالویل] ل ٢٠.

٥ - [بییە مەتەلا بالویل، دەمێ كراسێ خوكریە دسفرێدا گوتی، دێ بخوّ؟] ل ٢١.،

برانۆ ئەڤ هەمی مەسەلەو سەرپێ‌هاتینە، چ پەیوەندی لگەل گوتنێن مەزنان نینە، بلا ئەم خوە نەئێخینە چ شاش بوون و دسەردا چوونا. گوتن لكیدەرێ‌و سەرپێ‌هاتی‌و مەسەل لكیدەرێ؟!!

جا ئەڤێن ژووری هەر یەكێ چیروكا خوە هەیەو ب دووسێ پەیڤان تەڤاف نابە هەتا بێتە رێزا گوتنان و لسەر وان حسێب بكن؟!!

گەلەكێن دن مینا ڤان مە هێلانەو لبەر چاڤێن وە نەدانان مەگۆ هەر ئەڤ بو نموونە بەسن؟!!

ج/ هێژا «حجی» گەلەك ئاخفتن ژمەرە نڤیساندنەو ب گوتنێن مەزنان ل قەلەم دانە، ل بێدەرا خوە زێدە كرنە، لێ ئەز باوەرم چی كەسێ ڤان بخوونە وێ یەكسەر بزانە ئەڤ نەگوتنا مەزنایە، لێ چێكرنا بەر دیوارانە، كەكێ من ئابیت چی ئاخفتنا مە بهیست ئەم بكین گوتن و بەلاڤەبكین، چنكی وەكی مەگوتی‌و هوون ژی دزانن گوتنان ئاوایەك تایبەتی‌و رێ‌یەك خاس هەیە نەهەما گوتنەو بەس.

برانۆ كەجا ئەمێ ب هەڤرا ل ڤان ئاخفتنان بنێرن و بزانن ئەڤ گوتنن یان نە؟؟

ها بڤی رەنگی مامۆستایی ئەڤ دوو پەیڤێن سست و نەجهە ژمەرە نڤیساندنەو كریە گوتنا مەزنان؟؟؟

٢ - [كوردستان ب دارو بەرە، نیشانا مە خەنجەرە] ل ٨٥.

تو خودێ‌كەی دروشمەكی سیاسی یێ ڤان سالان هاتی دانان ئەو ژی كریە گوتن؟؟؟

٣ - [ژن نیڤەكا كومەلێیە]. ل ٦٢.

چێكرن و تراشینا وێ وەكی رۆژا نیڤرو ئاشكارو خویایە؟؟

٤ -[خواندن رۆناهی‌یە، نەخواندن تاری‌یە]. ل ٤٥.

٥ - [شاعیر، راستیێ ژ دوو لێڤێت ژەهر كری دمێژیت] ل ٧٣.

٦ - [ئاچمە دیوانا میرا، نان دستینم بشیرا] ل ١٠٥.

٧ - [خویندەواری روون دكەت، ژینا تاری] ل ٤٦.

خوەندەڤانێ خوەشتڤی ئاخفتنێن مینا ڤان سست و لاوازو ژبەر ئێك چووی نزیكی بیستان (٢٠) مەكومكرن و هەر تنێ ئەڤێن ژووری مە دانان پێش چاڤێن وە داهوون بزانن كەجا ئەڤە گوتنێن مەزنانن یان ئاخفتن رێزكرنە؟؟

لەوما جارەكا دن ئەز دبێژم ئەو كەسێ خوە ب كومكرنا فلكلۆرڤە مژول بكە دڤێت شارەزاو دەست لێهاتەكێ باش بەو گوتن و ئاخفتن و چیروك و سەرهاتی‌و مەسەلان ژێك جودا بكەو بزانە ئەڤ كیژان تایە یان كیژان لقە، نەگوتن بكەم مەسەلەو ئاخفتن بكەم گوتن و چیروك بكەمە داستان؟؟

هنەك تشت هەنە نابێ گوتن، لێ گەر بێ گوتن دڤێ

ئەم ل جهێ دروست پێ وێ دابنن.

د/ ڕاستە گوتنێن مەزنان هەمی بۆر تاقیکرن و ئاقلن، ڕێیا باش و خراپ بۆ مروڤان ژێك جوداو دیاردکەن و پڕی شیرەت و نسیحـــەتن، ژمێژ وەرە گوتیە [بێ گوهێ خوە نەدت مەزنا، دێ لێهێن دوو شاخێت بزنا]. لێ نەهەمی گوتن و ئاخفتێن وان ڕاست و دروست و چ خەلەتی بونینە، دناڤ وان گوتنان دە ژی هەنە نابیت مروڤ ئیرو ل پەی وان ب هەرت وگوهـ بدەتێ؟؟

هەرچـەند بەری سێ ـ چار سالان هەڤالێ منێ هێژا (اسـماعیل طه شاهـین) تلا خوە بوڤی بابەتی درێژکربوو گوتـارەکی هێژا ل ڕۆژنـامـا هاوکاری ل سەر ڤێ چەندێ بەلاڤەکربو، گەلەك ژڤێ ئالێ خراب و نەباش یێن تیابەك گوتـنێن مەزنـان دیار کربوو؟!.. جا ل سەر ڤێ چەندێ پێتڤـیو گەرەگـــە ل سەر وی کەسێ گوتنـــان بنڤیســەو بەلاڤـەبکـە های ژڤێ خالا گرنگ هەبە، و ل سەر وان گوتنان تێبنی بنڤیسەو بێژیت بو ڕوژا مەیا ئیرو ئەڤ گوتن دەست نادەن، لەوما مامۆستایێ «حجی جعفر» لگۆرا ڤێ چەندێ، های‌دار نەبویەو ئەو گوتنێن سڤك و بێ بنە جهـ بۆ مە نڤیسـانـدنـەو هیچ تێبنی‌یەك ل سەر نەنڤیسـانـدەو هەروەسـان ڕەپ و رووت ل بەر چاڤێ خوەندەڤانێ هێژا دانینـە، مەژی باراپـتر ژڤان گوتنان دەست نیشان کرن و بتـایبـەتی ئەوێ دەربارا ژنێو کێم کرنا دەورو قیمەتا وێ دهینن خوارێ مە ژوەرە نیشـانکـرن، لەومـا دڤیا لـسـەر مامـۆستایی ڤێ خالا گرنگ گوهـ دەتێ.. تو برێن ئەڤ گوتنێ‌ن خوارێ چەند بێ سەروبەرن دراستا ژنێ‌دا...

١ ـ [باوەریا خوّ ب ژنا خوّ نەهینە] ل ١٨.

٢ ـ ئاقلێ مریشکا دسەرێ ژنا دایە] ل ١٢.

٣ ـ ئاڤا نابن عەردو گوند، وەکی مەزن لێبونە ژن] ل١١.

٤ ـ [پسیارا ژنا بکە، بەلێ ب ئاقلێ وان نەکە] ل ٢٧.

٥ ـ [ژنا چ بەختێ خوّ نینە!!] ل ٦٣.

٦ ـ [گوتنێت ژنا ژسەدا یەك ڕاستە] ل ٩٠.

تو برێنێ ئەڤ گوتـنێن هە چاوا ژبلەو پاییێ ژنێ کێم دکەن و چ قیمەتێ دناڤ کۆمەلێ‌دا بو نادانیت، لەوما ئەز دبێژم دڤیا تێبینی بوڤـان گوتنێ سەر لازمـەو هەروەسـان نەکەڤتە بەر چاڤان، چنکی ئەو دەمێ ئەڤ گوتن تێدا هاتین ڤەهـوتان، نە ئەڤ دەمێ ئیرو ونە ئەڤ دەمێ پێشکەتن و سەربەستیا ژنێ هەبوو ونەماڤێ وێ هاتبو دیارکرن.. جا لازمە کەڤن و نوو ژێك بێنە شوشتن و دیارکرن؟؟

نزیکی بیست و پێنج (٢٥) گوتنێن وەها بێ‌سەرو بەرو بێ بناغە مەدڤێ پەرتوکێ‌دە دەست نیشان کرنە لێ‌تێ مە ئەڤێن هە ژوەرا نڤیساندن ژبەر نەدرێژکرنا گوتاری؟!!

هـ / هنەك گوتنێن دن یێن بێ‌سەرو بەر وتێك ئالزی بەلاڤەکرنەو ل بەر چاڤێن مەدانانە، هنەك ژوان نیڤ تەمام، خەلەت ڕاکری، وگوهارتی وەدیارە ماموستا لپەی نەچوویە، کەجا ڕاستیا ڤێ گوتنێ چاوا تێ‌گوتن، چاوا بهیسیت واسی نڤیسـانـد، ئەڤ نەکارەك ڤەنجەو زانستی‌یە، دڤێ مەرڤ لدوو گوتنـان بگـەرەو ڕاستیا وێ دیاربکە، چونکی گەلە جاران گوتن نیڤ تەمام و خەلەت تێ ڤەگێڕان؟

جا ل سەر ڤێ چەندێ مە هنەك گوتن ژڤان بوە دیار کرن داهوون ژی های‌دار بن:

١ ـ [ئسری بیستە!!] ل ١٦.

دیارە گوتنـەك چێکـری‌و بێ بنـاغـەو بنـواشە، وەکی مەگوتی نابیت هەرچی تشتێ مەبهیست ب گوتن حسێب بکین.

٢ ـ [ئەمانەت هەلامەت] ل ١٤.

ئەڤ گوتن کێماسی تێدا هەیەو دڤێ ببیتە [ئەمانەت کرە هەلامەت].

٣ ـ [ئەوێ بێژیت وبکەت ئەو مێرە، ئەوێ نەبێژیت و وبکـــەت ئەوە شێرە ئەوێ بێژیت ونـەکـەت ئەو کەرەکـە ژکەرێت بێ ڤێرە]. ل ١٤.

ژ ئالێ ناڤەروکێ ڤە ئەڤ گوتن دروستە لێ دڤیا [برگێ شێری] بەرێ [بـرگـێ مێری] بێت گوتن، چونکی ئەڤ زنجـیرەیە [تسلسـل] واتـە [شێرە، مێرە بلێ‌خێرە] نەوەکی مامۆستای نڤیساندی.

٤ - [بیبه زینێ ل چیلێکری] ل ٢٠.

پەیڤـا [بیبه] زێدەیەو ب ڤێ چەنـدێ دڤێت گوتن نه ل ژێر گوتنێن پیتا [ب] بێته حساب کرن لێ‌دڤێ بچیته ژێر پیتا [ز]ێ...

٥ - [دیکلی گوته کەری:... ] ل ٥٠.

ڕاستی مەرڤ جارنـا نزانیت چه تشت ل سەر ڤان ئاخفتنێن هوسا بێژیت تو خودێ کەی ئەڤ گوتنا مەزنایه؟؟؟

کەجا هوون بەرسڤێ بدەن، ئەڤ چی‌یه مامۆستا؟؟؟

٦ - [کێم بژی‌و سەرفەراز بمره] ل ٨٤.

ئەز نەباوەرم گوتنا مینا ڤێ هەبه، تنێ لناڤ [سۆران] هەیه وەکی دبێژن [کـەم بژی‌و کەڵ بژی] گەر ئەڤ گوهەراندنا ڤێ نەبه، من نەباوەره ل بامه هەبیت؟؟

٧ - [یەکێتی کلیلکا سەرکەتنایه] ل ١٢٧.

بێنا چێکرن و دارێتنێ یاژێ دفریت، نەهەوجەی لسەر نڤیسینێ‌یه؟؟

پشتی مه ئەڤ پشکا کتێبی تێك ڤەدای‌و بێژنگ کری، ئەمێ بێن سەر پشکا دووێ، ئەوا برەك هۆزانڤانێن کوردن کا چاوا گوتن ێ مەزنان ل ناڤ هۆزانێن خوەدا بکار ئانینه وچاوا فولکلۆرێ دەولەمەندێ‌مه کارینه دناڤ هۆزانێن خوەدا بکار بینن.

جا تشتێ من لڤـر دڤێ بێژم مامـۆستایی (حجی) ل رووپەلێ (١٧٠)ێ گوتنەکه گرنگ یامامۆستا [د. بدرخان سندی] ب خەلەتی نڤیساندیەو تومارکریه، دابزانین ئەو چی‌یه؟؟

ل هاڤینـا «١٩٨٤»ێ مامـۆستـا بدرخان سندی ل یانا [نوهەدارا] لدهوکێ [تاقیکرنا خوەیا شیعری] ژجەماوەرێ دهوکێ‌ره خوەند وئەڤ گوتن ژخەلکی‌ره گوت [فلکلورێ مه، گەلەك خزمەتا شعرا من کریه] واته من گەلەك سودو مفا ژفولکلورێ کوردی وەرگرتیه وشعرا خوه پێ ب رەوش خستیه. جامێری دوو جاران ئەڤ رستـەگـوت و ڤەگێراو گوتی هیڤی‌دارم کەس بەروڤاژی ڤێ گوتنێ نێنەگەهیت؟؟

لێ مخـابن مامـوستـا «حجی» بەروڤـاژی دڤێ گوتنێ گەهشت ویەروڤاژی ل رو وپەل (١٧٠) ژێره نڤیساندیه؟؟؟

[شیعرا من فلکلۆر ڤەژاندیەو رەوشەك تازه دایێ].

مخابن مامۆستایێ «حجی» بەروڤاژی دڤێ گوتنێ گەهشتی‌یه؟!

تنێ ل سەر ڤێ پشکێ تشتێ من دڤیا بێژم ئەڤه بوو؟!

ژ ئالەکی دن ڤه مامۆستای فەرهەنگۆکەك هێژا ل داویا کتێبا خوه بومه بەلاڤەکریەو راڤا چەند پەیڤەکان نڤیساندیه لێ هەر دیسان مخابن کەڤتیه چەند شاش بونەکا؟؟

١ - نڤیساندیه:

ئەنیشك: ئەژنو

لێ ب زارێ کورمانجیا ژێری یان (سۆرانی) هەر دبێژن [ئانیشك] بەلێ [ئەژنو چوکه] نەکو ئەنیشك؟

٢ - ڕێڤ: بەر

بەلێ دڤیا [تووکه بەر] بادا مەعنا وێ دروست ببا [بەر] تنێ وێ مەعنایێ نادەت.

٣ - بێش: باج، ضریبه

بەلێ [باج، ضریبه = خویك، خووك] نەکو بێش.

٤ - تاژی: سەگی نێچیر

ڕاستـه سەگی نێچـیره لێ [سۆران] بخوه دبێژنه تاژی [تـانجی] لدوایا ڤێ نڤیسینـا [بێ سەرویـەر] ئەز دبێژم مامـۆستـایێ «حجی» هەرچـەنـد دکتێباخوەدا کەتیه چەند شاشبـونـەکا، لێ کارێ ڤەنج و ژێهاتی وێ کری‌و ژمەوه بەلاڤـەکـری، کۆمکـرن و نڤیسینا گوتنێ مەزنا، چیروك و سەرهـاتی‌و مەسـەلا، داستان و بەیت و ئاخفتا، ستران و لاڤژا کارەکی پڕ هێژاو بەرکەتی‌یه.

ئەوێن دڤی دەراڤی‌دا دخەبتن گەلەك کێم و بتنێ نه جا هیڤیا سەرکـەتن و پێشڤـەچـونـا مامۆستایی داخواز دکەم وهیڤیا دەرکەتنا کتێبا وی‌یا دن [سترانێت داوەت و شاهیێت کوردان] دکـەم و هەر پێشڤەبچیت بو بگەرئێخستن و ببا خستنا خرخالا ئەدەبی‌و فولکلۆرێ کوردی.



ـ ئەحمەد سالار ئامادەی کردووە ـ

کە سانی شانۆیی یەکە

ـ دایك

ـ باوك

ـ کوڕ

جێگا ـ ژوورێکی ڕێك و پێکە

وەرز ـ زستانە

کات ـ یانزەی شەوە

شەستە بارانە

**دایك/** «لەدەرەوە دەنگی دێ»سەرچڵ. . . . . سەرچڵ. . . «دێتــە ژوورەوە» بەبێ ئاگـاداری. بەبێ پرس رکـردن. . . ئای کەکوڕێکی سەرەڕۆیە.

سەرچڵ. . . دەجەهەنەم. دەقیروسیا. ها. . . رانیوە شەوە.

ئەوا لە یانــزەمش لائـەدات. بۆکـوێ چرویێ؟! بەم تۆفـە مەگەر یەکێ خانە بێزاربێ، یان لێ‌تەوق بێ. جاران هەر کە ئێــوارە دادەهــات. ئێتــر ئەوە خواهـاوار کەسێ لە ما بچــوایــەتــە دەرێ. منـاڵی ئەمـڕۆش هەزار پەڵیان ـ ﺷ ەیتاندا داوە. هیچ لە هەواو هەوەسی خۆیان ناکەو تەلەفۆنێ لەگەڵ ماڵی دایکی خونچە بکەم. (ئەچێ بەلای تەلــەفــۆنـەکـەوەو ژمـارەلێ دەدات) هەلاو. . . هەلاو. . . کێیە. . . ئەحمەد گیان ئەوە تۆی.

دایکت چۆنە؟ سەرچڵ لە ماڵی ئێوەنی‌یە؟ نا. . . ئێ. . .

ئەی؟ باشە، خواحافیزت بێ. (تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە).

تخـوا ئەمـە وەختی چوونـە دەرەوەیـە؟! بڵێی لە کوێی بێ؟

(باوك دێتەژووری)

**باوك/** بانگی سەرچڵت کرد ؟ بۆ لە کوێی بووە؟

**دایـك/** نەهـاتـۆتـەوە. ئەوە خەریکـە لەکـراسـەکـەی خۆم ئەچمەدەرێ‌و جێ بەخۆم ناگرم.

**باوك/** ئەگەڕێتەوە.

**دایك/** کەی حەزی‌کرد؟ کەی بیری کەوتەوە؟

**باوك/** ئەی، باشە تۆچیت ئەوێ؟

**دایك/** باوك وابڵێ. ئیتربۆ سەرزەنشتی مناڵەکەبکەم.

**باوك/** مناڵی‌چی، مناڵ مناڵت لێ‌گرتۆتەوە.

**دایك/** ئەی خوابەزیایی نەکات، خۆ پیاویش نی‌یە.

**باوك/** بەقـوربـان کوڕەکـەت تەمـەنی بیست و سێ‌سـاڵە.

چاکەو خراپەلێک دەکاتەوەو زۆر بەباشی ڕاست و چەپی خۆی دەزانێ.

هەر تەمەنەش هێندەی خۆی سنوورو سەر بەستیشی هەیە.

**دایك/** ئەو سەربەستی پێدانەپێی دەوترێ بەدەممەوەدان.

**باوك/** ئەوە ڕێزگرتنە. تەنها ڕێزو بواردن بۆ خۆ پێ گەیاندن

**دایك/** جوانە!! بۆبیرێك لەوە ناکەیتەوە، کێ ئەڵێ ئێستا تووشی بەڵایەك نەهاتووە؟ تۆ خۆت شتی وات بەسەرنەهاتووە؟

**باوك/** ئای لە من وای لەمن! ئای لەورۆژگارەی خوێنی هەرزەییم لە هەڵچوونابوو. ئای هەتا خۆم کوڕ بووم بەبانانەوە...

**دایك/** کاتی ئەوەنی یە. گوێت لە خوڕەی بارانەکە نی یە؟ تۆفانە تۆفان! گوێت لەگرمەی هەورەتریشقەو بروسکە نی یە؟

**باوك/** ئەوە جارێکیان کوڕبووم. ئێوارە داهات...

**دایك/** ئێ خێوی بن چوخمەکەت بینی و داتە بەر خەنجەر؟

**باوك/** کەی شتی وام وتووە.

**دایك/** باران باران نی یە! بۆ تەماشایەك ناکەیت؟

**باوك/** ئێ جا چی بکەم؟

**دایك/** نەخێر تۆ کورەکەت خۆش ناوێ. گاڵتەشت بە من دێ کە ئەوەندە دڵم پێی دەسووتێ.

**باوك/** نەء من بەپیاوی دائەنێم، بەڵام تۆ بە منالی دەزانی.

بەگەنجێکی دادەنێم کەپشت بەخۆی دەبەستێ و بڕوای بەخۆی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە خۆشم دەوێ.

**دایك/** منالی واهی ئەوەیەگوێی پێ نەدرێ و پشت بە خۆی ببەستێ؟

**باوك/** پێم وتی تەمەنی بیست و سێ ساڵە.

**دایك/** بۆکردت بەبیست و سێ؟ بیست و دوو ساڵە. هەر ئەتەوێ بەزۆری زۆرەملێ گەورەی کەیت. ئەی ئەبێ خۆمان بەچەند ساڵ دانێی.

**باوك/** هەژدە.

**دایك/** کاتی گاڵتەکردن نی یە. گوێت لە بارانەکە نی یە؟ چاوت لێ نی یە چ چەخماخەو هەرایەکە؟

**باوك/** ئێ چی تر؟

**دایك/** تاریکی و باران... چەخماخەو شەستە باران... لورەو گیڤە گیڤی با... نانی هاری بەدەمەوە گرتووە، خۆی دۆزیوەتەوە، چەتوون و سەرەڕۆیە. بۆ هێشتم بچێتە دەرێ؟ ئادەی... خوایە ئەوە ئەوبێ.... نەء... هیچ...

**باوك/** لێی مەترسەو دڵ لە دڵ مەدە بەسەلامەتی دێتەوە.

**دایك/** بەخەیاڵتا نایەت.

**باوك/** بۆ؟ خوێنم دۆزیوەتەوە، تۆزێ وەرەوە سەرخۆت.

**دایك/** ناتوانم (ئەگری) ئاخۆکورەکەم چی بەسەر هاتبێ!

**باوك/** هیچی بەسەر نەهاتووەو ئیتر بەس غایلەو واهیمە بکە.

شکور کورەکە دەستەپاچە نی یە. وریایە. لە گەنجێتی خۆم ئەچێ، چوتەوەسەر خۆم...، تخواچۆن گەنجێ بووم؟

**دایك/** بەبەرمەوە نەما.

(زەنگی تەلەفۆن لێ دەدرێ)

**باوك/** ئادەی.

**دایك/** ڕەنگە ئەوبێ، بەڵام ئەبێ چاك بی‌شوێ، باش لێی توورەبە. یان لێی گەڕێ بۆ خۆم.

**باوك/** هەلاو... هەلاو... فەرموو...!

**دایك/** چی یە... کێ یە؟!

**باوك/** (تەلەفۆنەکەدا دەنێتەوە) وەرام نی یە... ڕەنگە بەهەلە لێیان دابێ.

**دایك/** ئەمەش شتێکی توایە.

**باوك/** بەسە بۆ خاتری خواو پێغەمبەر... چی تیایە؟ هیچی تیانی یە.

**دایك/** نا... نابەخوا... هەستە بابرۆین سۆراغێکی کەین.

**باوك/** (بەکەمێ توڕەییەوە) ناکرێ تاوێ ئەم باسە بگۆڕین؟

**دایك/** کوڕە پیاوەکە ئەوە ئەڵێی چی!

**باوك/** پێم وتی ئەگەڕێتەوەو دڵت ئاو ئەخواتەوە.

(زەنگی تەلەفۆن)

**باوك/** ئەمجارەیان چۆنە؟

**دایك/** دایمەخەرەوە.

**باوك/** (تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ)... هەلاو... هەلاو...؟!

**دایك/** سەیرە!

**دایك/** پێمان رائەبوێرن.

**دایك/** هەرئێستا ئەبێ بچی بیدۆزیتەوە... دەنا خۆم ئەچم... خۆم بەتەنیا.

**باوك/** باشە بەلاّم بۆ کوێ بچم؟ سەر بەکوێدا بکەم؟

**دایك/** نازانم، بچۆ... جارێ ئەم تەلەفۆنە بێ هۆنی‌یە... دەی بەقوربانە...

**باوك/** باشە باجلەکانم بگۆڕم.... ئەچم.

**دایك/** جل گۆڕینی بۆچی‌یە خۆ بۆ حەفلە ناچی... یان بۆ دائیرە.

**باوك/** بە بیجامەوە!

**دایك/** ناخەڵکی دانیشتوون و بەم نیوە شەوە تەمای تەماشاکردنی تۆیانە. جارێ بەم شەوە تاریك و نووتەکەکی بەرپێی خۆی ئەبینێ تا بەقەدوبالاّی تۆدا هەڵروانێ.

**باوك/** باشەکە بەرپێی نەبینرێ من بەم چاوەکوت و کوێرانەوە چۆن رێ دەرئەکەم؟

**دایك/** هیچی بۆمەهێنەرەوە (زەنگ لێ دەدرێ)

**باوك/** دەی خوایە.

**دایك/** ئەمجارەیان نایەڵم.

**باوك/** چی‌یە!

**دایك/** ئەی دوزمەوە.

**باوك/** ئەگەر ئەو...

**دایك/** هەلاو... (بەتوورەیی‌یەوە) هەلاو... دەك داوەشێ‌ی. ئەی هاوار ئاسمان....

**باوك/** هیچ.

(دەنگی باوباران زیادبووندایە)

**دایك/** (بەگریانەوە) ئەی دایکت کوێربێ‌و بمرێ... بەخوا ئێستا...

**باوك/** ئێستا چی؟ کچێ بەس خەیاڵی پڕو پووچ بەبیرتابێنە. بچۆ بخەوە.

**دایك/** خەو! ئەوە گاڵتەم پێ ئەکەی؟

**باوك/** نەبە خوا.

**دایك/** هەرزوو دڵم خەبەری دابوو... بەلاّم ئەبوو دەرگام لەسەر داخستایە... خەتای خۆم بوو... باران و چەخماخەش هەر لە زیاد بوونان...

**باوك/** هیچ نی‌یە، باران ئاوەو، چەخماخەش ڕووناکی.

**دایك/** ئەوەبۆ یەکێ دەربەست نەیەت.

**باوك/** بۆ دڵدار... ئای کەچێژم لێ وەردەگرتن.

کوا؟... ڕابوورد... خۆزگە ئەگەرایەوە.

**دایك/** بۆ ناگەڕێتەوە.

**باوك/** نەوەڵلاّ.

**دایك/** خواهاوار، ئەڵێ ناگەڕێتەوە. دیاری شتێك ئەزانی‌و پێم ناڵێ‌ی؟

**باوك/** کورە ئەو ناڵێم، ڕۆژانی دڵ گەرمی‌و دڵداری خۆم ئەڵێم. بەکوتیەکەی، پیر بووم.

**دایك/** ئەی خۆ کوڕی چواردە ساڵیش نیت.

**باوك/** قابیلە هەرمن پیربوویم...

**دایك/** چی‌یە، چی ئەڵێ‌ی.

**باوك/** هیچ، تۆ شکور هەر نەگۆڕاوی... نەوەڵلاّ هەرمناڵیش بوویتەوە.

**دایك/** مەمانەرەبەر قەشمەری‌و گاڵتە جاڕ...

**باوك/** ئەزانی ئەگەر ئەم سەرە سپیەو چرچانەی دەم و چاوم نەبونایە، کە بوونەتە شایەتی حازر بەدەست، ئەوسا ئەمتوانی...

**دایك/** چیت ئەتوانی، فەرموو ڕێم لێ نەگرتووی... عەیب و شوورەیی... خۆ هیچ...

**باوك/** هیچ مەبەستێکم نی‌یە. بەلاّم پیرێتیش جۆرە جوانیەکی تایبەتی هەیە.

**دایك/** دەباشە هەر موبارەکی خۆت بێ.

**باوك/** باشە شکور تۆ هێشتا هەرەتی جوانیتە. ئەوەتا هێشتا سەرت...

**دایك/** سپی نەبووە... ئەو چەند تاڵەش خۆم حەزم لێ‌یەتی ناشێ بەرەفیقی خۆتم بزانی.

**باوك/** کچێ، بەراستی چۆنم؟

**دایك/** لەوانەگەڕێ، ئەوامن گلاراومەو شێت ئەبم...

ئای كه ماندووم

**باوك/** ئەوه مەلێ. ئەوه خوانەخواسته نیشانەی پیرێتی‌یه.

**دایك/** دلّت دێ وام پێ بلّێی؟ تخوا کاتی خۆی چۆن بووم؟ ئای جاران.

**باوك/** لەبیرت دێ، ئەو شەوەی بەتەمام نەمابوو، تابەیانی هەوالّت بیستەوه، ئای چ شەوێك بوو، گورگ بەگورگایەتی خۆی کەساس دەبوو. ئەی لەبیرتە پێت وتم:

مالّ کاول چیت کردووه، خۆ هیچ جێیەکت بەوشکی نەماوه، پاشان بەسرکەییەکەی ملت سەرت سریم و پێت وتم.

**دایك/** ئای لەو شەوه تووشه... بەخوا دلّم خۆش بوو.. بەلاّم پاشان کە بیرم لێ ئەکردیتەوه مووچرکەی ترس گشت گیانی دا ئەگرتم.

**باوك/** لەم شەوه ئەچوو... وەره سەیرکه (بەرەو پەنجەرەکه ـ دەچێ)تەماشای ئەوهەورەیان و گوێ سەباناکه. ئەهاچۆن پلووسکەکان چۆن ئاویان بەخوڕ پیادێنە خوارێ.

گوێت لە دەنگییەتی... کچێ نازه گیان وەره پێشەوەو سەیرکه، گوێ‌گره...

**دایك/** (هەردووکیان ملیان ناوەتە پەنجەرەکەوەو پەردەکەیان لەسەر ئالاّوه) ئەللاّ... لەم هەوا خۆشه.. باشە بۆنەچینە دەرێ؟ دەی کوڕه خێراکه

(دەستیان لەناو دەستی یەکتردایەوه دێنەپێشەوه)

**باوك/** جل گۆڕینی ناوێ دەی... خێراکە... بەرەوکوێ، بچین؟

**دایك/** ئەی دۆزینەوه.

**باوك/** دلّداری‌و کوڕه سەره ڕۆیەکەمان!

**دایك/** کەتاریکیەکەی خۆشه.

**باوك/** شەسته باران و باو بۆران.

**دایك/** ئەی پالّتۆکەت لەبەرناکەی؟

**باوك/** ناشێ وابزانی سەرمامه؟

**دایك/** تابەیانی، تا ئەی دۆزینەوه ناگەڕێینەوه، باشه؟

**باوك/** ئاچەترەکانیش بێنه.

**دایك/** باشه، ئەوه چەترەکەی تۆیەو ئەوه منیش..

**باوك/** بەقوربان یەك چەتر... چەتری ترمان ناوێ.

**دایك/** ئەرێ وەللاّ، دوو چەترمان بۆچی‌یە ئەی بۆ جاران به چەترێکەوه ئەچووینه دەرێ.

(زەنگی تەلەفۆن لێ‌دەوات)

باوك ودایك (بەیەکەوه) لێی‌گەڕێ

**باوك/** چەترەکه هەلّده

**دایك/** خۆ هێشتا لە ژوورەوەین.

**باوك/** گرنگ نی‌یه.

**دایك/** خۆزگه بەوڕۆژه.

**باوك/** ئەمرۆیه.

**دایك/** کەبارانە زۆرەکە باری‌و چووینە ژێر درەختە گەورەکەوه. بەلاّم لەبەر گڕی لاوێتی گوێمان بەکزەبا ساردەکەش نەئەدا.

**باوك/** ئەوەبوو پاش مارەیەك خۆشی کردەوه، بەلاّم تخوا حەزت ئەکرد؟

**دایك/** نەبەخوا.

(زەنگی تەلەفۆنەکه لێ‌ئەدات)

**باوك/** لێی‌گەڕێ تازووه بابچینە ژێر ئەو درەختە گەورەیه، ئەها ئەوەی تەنیشت دارئەلکتریکەکه.

**دایك/** بائەو تەلەفۆنە بێ‌دەنگ کەم. (هەلّی‌دەگرێ) هەلاو... بەلێ چۆنی ئەختەرخان، ئەوه چۆن بوو؟!

کەواتە لەمالّی ئێوه بوو، بۆهاتەوه، دەمێکە، کەواتە ئێستا دەگاتەوه، باشە مالّتان ئاوابێ. ئەوا هاتەوه.

**باوك/** چی لێ بکەم.

**دایك/** بابرۆین

(زەنگی دەرگاکە دەدات)

(ئەچنە دەرێ‌و پاش کەمێك کوڕه خۆی ئەکات بەژوورا)

کوڕ/ ئەوه بۆ کوێ چوون. (پەردەکە لادەدات)

چوونە دەرێ، چەترەکەشیان فرێ‌دا، ئەوه چی‌یە لە من وا بوو دنیام بەسەرا ژێروزەبەر ئەکەن کەچی بەرووما پێکەنین. بەخوا سەیریانە ئەوه بۆچوونە ژێر ئەو درەختەوه، بەم باران و وەختە درەنگە، تەماشا چۆن یاری بە چلی درەختەکە ئەکەن ئا، ئەو پێکەنینەیان لەچی‌یە؟ ئەمەچی‌یە تازه عەشقێنی ئەکەن بابچم بیان هێنمەوه.

(دەڕوات و کۆتایی دێ)

میلۆدرامایێکی ڕادیۆیی

# موسیبەتی خولەو تالە

نووسیی: کەماڵ ڕەئووف محەمەد

* کەسەکان

١ ـ تالە
٢ ـ خولە
٣ ـ باشچاوەش
٤ ـ قۆمیسەر

- ١ -

(شوێن بازاڕە)

**تالە:** (بانگ دەکات) ئا، خولەی بارم، ئا وەرە بزانم!

**خولە:** (لە دوورەوە ـ بەبێزارییەوە) نایەم. بڕۆ، نایەم.

**تالە:** ئا وەرە پێشەوە بزانم. (لەگەڵ نێزیك بوونەوەی خولە ـ لەسەرخۆتر) ئەگینا ئەکەومە وێزەت، ها!

**خولە:** (بەدەم نێزیك بوونەوە) ها، چی‌یە؟ چیت ئەوێت بزانم؟

**تالـە:** چاوکـە چاو! ئەوە بۆ وا شکڵت ناشیـرین کردووەو ڕیپۆقت تێ هەڵسووە؟

**خولە:** (بەگرژییەوە) ئینجا جەنابت هەقت چی‌یە بەسەرەوە؟

**تالە:** (بەبێزارییەوە) هەقم چی‌یە؛ وەڵڵاهی ئەگەر تۆزێك نان و پیبازمان پێکەوە نەخواردبایە، ئەوا شەرت بێت ملم هەڵ ئەکێشایت.

**خولە:** (بەفیزەوە) دەها، دەی‌بزانم.. ئەگەر ئازایت!

**تالە:** (بەپەشیمانی‌یەوە) ئاخر لە پای‌چی مردووت بمرێت، لەپای‌چی؛ بەڵام.. لام وایە ئاشت بینەوە، باشترە.

**خولـە:** بەلای منـەوە، قەینـاکـە.. بەڵام بەقەبری باوکم، ئەمجارە شەڕم لەگەڵ بکەیت، ئەها، ناپارێزم.

**تالـە:** (بـەتـەوس و پێکـەنینەوە) هاهاها، ناپارێزێت؟ ئاخر ئەگەر بتپارێزایە، ئەوا ماڵی خۆشت و منت کاوول نەئەکرد. ئەهـ! ئەوە فاتەی سۆفی عەوولیشیان دابەشوو، باشە؟

**خولە:** (بەبێزارییەوە) دایان بەشوو چاوی دەربێت.. بەڵام ئەوەش هەموو فیتی تۆبوو.

**تالە:** (بەبێزاری‌یەوە)! فیتی من بوو یان هی تۆ؟ ئەگەر تۆ حەزت لێ نـەکـردایـەو هەر من حەزم لێ بکـردایە، ئەوا هەر شتێکم ئەکرد بەشتێك.

**خولە:** ئەی دەباشە، با تۆ حەزت لێ نەکردایەو من حەزم لێ بکردایەو شتێکم بکردایە بە شتێك!

**تالە:** هەتیو ئاخر؛ جارێ من لەتۆ گەورەتر بووم بە عومر،

ئینجا هەروابێتەوە دڵی من (بەگەر مییەوە) دڵی من لە دڵی تۆ بەفەوەتر بوو!

**خولە**: مردووی درۆت بمرێت باشە! ئاخر پیاو، ئەڵێی ئەیکات بە شەڕ لەگەڵتاو...

**تالە**: (لەسەرخۆ ـ قسەی پێ ئەبرێت) هەتیو شەڕی چی؟

خۆ هێشتا ئاشت نەبووینەتەوە؟ شەڕی چی ئاخر ماڵ کاوول ئەوە هەردووکمان چووینە سەر ساجەکەی عەلی ی..

**خولە**: (بەماتی یەوە) دەباشە، باگوێی نەدەینێ! (وریاتر) خوا کەریمە بۆ فاتەیێکی تر.

**تالە**: (بەتەوسەوە) یەعنی ئەم جاریش بە هەردووکمان تێی بەربین؟

**خولە**: نانا! ئەڵێم خوا کەریمە بۆ دوو فاتەی تر.

**تالە**: ئەمەیان ئەهوەندترە.. بەڵام ئینشاڵڵاهـ.. تۆ کە چەڵێك ئەبێت بە تووشتەوە.

**خولە**: نەوەڵڵاهی، ئینشاڵڵا تۆ دەعبایێکی لووت براوت ئەبێت بەتووشەو... هەتیو من نازانم تۆ بۆ ئەوەندە ڕقت لێمە.

**تالە**: ئەزانی بۆ؟ چونکە حەزم لە هەر کچێ کرد، تۆ لێم بوویت بە ساحێبی.. ئێ بەم جۆرە منت کوشتووە، ئاخر..

**خولە**: باشە، ئەی تۆ ئەڵێیت چی عەقدێك ببەستین؟

**تالە**: (بەسەرسامی یەوە) عەقد.. وەکو چی؟

**خولە**: باشە، تۆ حەز لە یەکێ بکە لە گەڕەکی ئابلاخ.. منیش حەز لە کچێ ئەکەم لە گەڕەکی سەرشەقام بێت..

**تالە**: (بەگرژی یەوە) ئاخر هەتیو خۆم سەرشەقامیم.. تۆش باووباپیرت خەڵکی ئابلاخن.. ئێ تۆ لەوێ بۆ حەبیبە، مەنیجێ بگەڕێ.. ئێ..

**خولە**: (قسەی پێ دەبڕێت) ئێ ئەوا، ئەگەر لەسەر ئەمە ڕێك کەوتین، ئەمجا تۆ بڵێیت بێت بە نسیبمان؛

**تالە**: (بەفیزەوە) من ئەڵێم بەڵێ.

**خولە**: هەتیو ئاخر مەیکە بەفشە گاڵتە! چۆن؟ ئێمە مەجیدی‌یێکی زەمانی قەدیمیش شك نابەین، نەخوازەڵا دینارێك!!

**تالە**: ئەزانی چی خولەی بارام؟ گوێ‌بگرە، ئەوا ڕەمەزانەتی‌یە..

**خولە**: (بەسەرسامی‌یەوە) ئای قوڕبەسەرم، ئەزانم!!

**تالە**: ئەمجا ئەچین بۆ لای قاضی یەئەفەندی ناسیاوی خۆمان، ئەڵێین؛ ئیجازەیەکمان بۆ پەیدا بکات یەشکو لەکون و قوژبنێکدا، لەگەراجێکدا بۆ خۆمان خەریکی سی‌و جگەر فرۆشتن بین. (بەخۆشی‌یەوە) تۆش ببە بە شاگردی خۆم.

**خولە**: (بەخۆشی‌یەوە) وەڵڵاهی هەتیو ئەڵێیت تەگبیرێکی جوانە. بەڵام، ئاخر قاضی ـ یە ئەفەندی لەسەر ئەو ڕۆژەدا.. ئەترسم بەگرتنمان بدات.

**تالە**: دەتۆ مەترسە! (بەفیزەوە) خۆم، خۆم لە پشتەوەم. ئەمجا ئەمە ئەو، ئینجا هەموو ڕۆژێك، ئەگەر بەسبب بوو، قسەی خۆمان بێت، ئەوا ئیش ئەکەین و بەشەویش، بەشەویش بزانین لەبەر سینەماکە هەر جگەرو.. ئەفرۆشین..

**خولە**: (بەنارەزایی‌یەوە) ئۆهۆو، وەڵڵا هەتیو ئەوەیان بە من ناکرێت. من ناتووانم لە ئارەقەکە بتەکێمەوە.. من، بەمن تەرك نادرێت.. ئای بەزۆرە!؟

**تالە**: (بە تووڕەیی‌یەوە) دە تۆ ڕاوە!! (لەسەرخۆ) تۆ ئەگەر ئازایت و ڕاست ئەکەیت، بچۆ چاخانەیەکی ئابلاخی‌یەکان و لەوێ خۆت بکە بە ڕەفیقی خدرێ، عەولایە، نادرێ، بەڵکو خۆتی لەگەڵ ڕێك بخەیت و ئێ.. فاتەیەکە، حەبیبێك، مەنیجێکت دەست بکەوێت و بەڵکو بیکەیتە هاوسەری خۆت

**خولە**: باشە! کورت و موختەسەر، یەعنی ئارەقەکەشم نەخۆمەوە.

**تالە**: (بەتووڕەیی‌یەوە) نەوەڵڵا زەهری مەکە! ئاخر تووڕەم مەکە! (لەسەرخۆ) هەتیو من بڕیارم داوە هەر ئەبێت ژن بهێنم. جا پارە بۆ ئەوە باشترە یان بۆ ئارەق؟ (بە گرژی‌و

شپرزەیی یەوە) ئاخر، ئاخر دەتۆ پێم بڵێ، دەی!

**خوله:** ئاخر هەتیو پێی ڕاهاتووین.

**تالــه:** ئێ با ڕووش بکــەینــە قیبلەی محــەممــەدو بەڵکو سفتاحێ بکەین.. مردووت بمرێت، بەسە!!

**خولــه:** ئێ باشــە، ئەگــەر دەستمــان نەکەووت! شەرتە من هەقی هەموو ڕۆژێکت لێ ئەکەمەوە.

**تاله:** (بەبێزاری یەوە) ئاخر هەتیو تۆ گەورەی مەکە! شەیتان بە نەحلەت بێت! گوێ بگرە، جارێ بابزانم تۆ چەندت لە باخەڵەدا هەیە.. ئابزانم؟

**خولــه:** (بــەشلەژانــەوە) هـ.. هم.. هەمووی، هەمووی حەوت پەنجاییم پێ یە. خۆ ئینشاڵلا نایبەیت؟ ئەوا ئەمشەو چارەکێــك ئارەقی ئەکــرم و باقی پیکــەیشی بۆ پاکــەتێــك و تۆزێك زەیتوون.

**تاله:** (بەپرمەی پیکەنینەوە) هە. هە. ها، ئەی یەی یەی!

**خوله:** (بەبێزاری یەوە پێکەنینەکەی پێ دەبڕێت) ئەوە بەچی پێ ئەکەنیت هەتیو؟

**تاله:** (هەر بە پێکەنینەوە) وەڵڵا بە چرو چاوی تۆ، بەووەش کە تالەی مامەسالەت (بەفیزەوە) گیرفانی پڕەو دەوڵەمەندە!

**خوله:** (بەسەرسامی یەوە) دەوڵەمەند؟

**تاله:** ئائا، هەتیو. گوێ بگرە؛ پیرێژنێك هەیە لەلای کۆنە ئاشــەکــەی لای ماڵی خۆمــانەوە، ئەووم بەهەر جۆرێك بوو هەڵ خەڵەتان.. ئێ، «۱۰» دینارم لێ سەندووە تا کاسبی پێوەبکەم.

**خولــە:** (بــەســەرســامی یــەوە) هەتیــو قەت شتی وا نابێت! ئابزانم، ئەگەر ڕاست ئەکەیت دەی دەریبهێنە!

**تاله:** (بەخۆشی یەوە) بەقورعان درۆناکەم، بە قەبرەکەی باوکت

**خوله:** بەخوا باوەڕت پێ ناکەم. بەڵام.. باشە چۆنت هەڵ خەڵەتاند؟

**تاله:** (بە خۆشی یەوە) گوێ بگرە! جارێ.. ئەوە لەوەتی ئەو ڕۆژی سۆفی عەوولــەوە، چووم لە دەوری ئەوپیــرێــژنــە خولامەوەو خۆم کرد بەساقەی و بەقوربانی و ئێی..

**خوله:** (قسەی پێ دەبڕێت) ئێە دەی، هەتیو شەقم برد.

**تالــه:** لەگــەڵ بەســاقــەو بەقــوربــانیش دا، ملم شکاندو بە درۆوە پێم وتووە کە ئەیهێنم.

**خوله:** (بەسەرسامی یەوە) ئەیهێنیت!

**تاله:** (بەبێزاری یەوە) نا، نا.. ئاخر ئێجگار وام نەووت. بەڵام هەتیــو؛ ئەوی لات ولــووت بێت و هەژار بێت، خۆ هەر ئەبــێــت فێــڵ و فەرەجێــك بکــات.. جا من کەسم شك نەبرد لەو زیاتر.. گوایە ئیشاڵڵا ناچم دزیش بکەم؟

**باشچــاوەش:** (دێتــە ناوقســەیــانــەوە ـ بەتەوسەوە) وای وای وای؛ بەخــوا جوانــە! گوایــە تالەی سالە ئەمە هێشتا دزیت نەکردووە؛ کەوابێت خەڵقیش ڕووت ئەکەنەوە.

**خوله:** (بەشپرزەیی یەوە)، ئە ئە ئە، ئەوە، ئەوە بارچاوەشە! (بەخەندەوە) ئەهـ، ئەهـ.

خوا، خوا قەوەتت بدا، چاکی شوکر؟

**تالــه:** (بــەگــەرمی یــەوە) عەلــەیکــومــو سەلام بارچــاوەش ئەفەندی.. ك ك.. فە، فە، فە، فەرموو بابچین چایێك بخۆینەوە! خۆ شوکر سیحەتت باشە.

**باشچــاوەش:** (بــەتــەوسەوە) لەخوا بە زیادبێت و کوێراییتان دابێت زۆر باشم.. دەی یاڵڵا پێشم بکەوون بۆ مەرکەز.

**خولــه:** (بــەشپــرزەیی یەوە) کو، کوڕە ئاخر، ئاخر بارچاوەش بۆ، بۆ خاتری خوا وازمان لێ بهێنە!

**تاله:** ئاخر، ئاخر بۆچی بێ قەزابێت.. ئای؟

باشچاوەش: (بەتووڕەیی یەوە) دەستی خەڵکیش ئەبڕن!

**تاله:** (بەبێزار ی یەوە) ئاخر ماڵم کاوول کردیت خۆ دەستی تۆم نەبــڕیــوە؟ (لــەبــەرخــۆیەوە) خۆ بە قورعان، قورعان بە حەققت ئەگەر بم توانیایە سلێشم نەئەکردەوە.

**باشچــاوەش:** کەوابــوو ئێستــا من دەستتــان ئەبڕمەوە. دەی خوێڕینە، دەی پێشم کەوون!

**تالــه:** (بــەبێــزاری و شلەژانــەوە) دەی دەی.. باشــە، فە، فەرموو. گوایە قابیلە ئێوە بووبن بە ملۆزمی ڕزق و کاسبی ئەم عالــەمــە. ئەگەر (بەژیری یەوە) تو وات لێ هات، شەرتە

بارچاوەش ئەفەندی، ملی خۆم دابێت لە قەنارە دەستت بیرم. (بەگەرمی یەوە)یاڵڵا، بۆ کوێمان ئەبەیت فەرموو. فەرموو!

**خولە**: (بەکڕووزانەوە) ئاخر بارچاوەش ئەفەندی لە ڕێی خوادا بۆ کوێمان ئەبەیت! وازمان لێ بهێنە.

**باشچاوەش**: (بەتووڕەیی تەواوەوە) یاڵڵا دەی پێشم کەوون وەختی چەنە بازیی نییە! دەی، ئەڵێم!

**تالە**: فەرموو دەی. باوابێت

**خولە**: (بەتێکەڵ بوونی قسەوە) دەتۆراوە!

**باشچاوەش**: دەی پێشم کەوون.

- ٢ -

## (ژووری قومیسەر)

**تالە: ئاخر جەنابی قومیسەر.. ئاخر جەنابی قومیسەر، ئەوا من بەم ڕەمەزانەتی‌یە پیرێژنێك «١٠» دینارم.. لە پیرێژنێك «١٠» دینارم پەیدا کردووە، بەشکو بەم زستان و ڕەمەزانەتی‌یە کاسبیی‌یێکی پێوە بکەم (بەخەمگینی‌یەوە) بڵێ تو خوا بارچاوەش، تۆ تۆ لەبازاڕدا یەخەی من بۆچی ئەگرێت؟**

**خولە**: (بەخەمگینی و کڕودۆانەوە) وەڵڵاهی جەنابی مەعمو مەرکەز، بەسەری تۆو بەسەری خۆشم، هیچ قەباعەتێکمان نەکردووە.

**باشچاوەش**: ئەفەندی هەردووکیان درۆ ئەکەن! جەنابت ئاگات لێیە، ئەو شەوە لەسەر دوو قوم عارەق بازاڕیان تێك و مەکان دابوو.. هەموو دوو هەفتە لەمەوپێش چوویبوونە سەر قاضی و گەڕیان لەکچەکەی سۆفی عەوولی عەرزوحاڵچی دابوو.

**قومیسەر**: کچی کێ؟

**تالە**: قو.. قوربان کچی سۆفی عەوولی عەرزوحاڵچی، بەڵام ئەفەندی هیچ واقیعەتێك ڕووی نەدا.

**خولە**: ئـ ئـ.. ئەرێ وەڵڵا ڕاست ئەکات. جەنابی مەعمو مەرکەز من و تالەی ڕەفیقم بەس حەزمان لێ کردبوو، کەچی بەناشکوریی نەبێت، بە نسیبی کەسمان نەبوو. لەبەختی ڕەشیشمان دا، ئەوە هەفتەی پێشوو شووی کردو بردیان بە بووکیی. ئیەخوا خۆی ئەزانێت، بیلامانێ، ئێستا منالیشی نەبوویێت!

**قومیسەر**: بەسە خوێڕی..! سەرمان مەئێشێنن و هیلاکمان مەکەن!

**خولە**: بەقوربان جەنابی مەعمومەرکەز، قەت ئینشاڵڵا خوا ئەوە ناکات هیلاکت بکەین، بەڵام خوا شایەتە، بارچاوەش بووە بە بەڵاو لە کۆڵمان نابێتەوە.

**باشچاوەش**: ئاخر ئەگەر ئێوە پیاوبن، عاڵ و ساڵ بن..

**تالە**: (بەبێزاری‌یەوە) ئاخر قومیسەر ئەفەندی، بارچاوەش ئەم جوێن و جوێن کاری‌یەی لە چی‌یە؟

**قومیسەر**: (بەگرژی‌یەوە) باشە بێ‌بڕەوە! ئێ، بارچاوەش کە چوویت بەشوێن پیرێژندا وتی چی؟

**باشچاوەش**: وەڵڵا ئەفەندی وتی نایەم.

**تالە**: (بەگەرمی‌یەوە) ئەی بارچاوەش؛ ئەی باشە نەی‌ووت، من بەڕەزای خۆم ئەو پارەیەم داوەتێ؟ دەبڵێ وانی‌یە!

**باشچاوەش**: بەڵێ ئەفەندی وای ووت، بەڵام ئەمانە پیاوخراپن، ڕەنگە لە ترسیش دا وای‌وتبێت!

**خولە**: کوڕە بۆ خاتری خوا، لە ڕابی‌خوادا بارچاوەش ڕەحمێ بکەو ئەمەندە جوێنمان پێ مەدە! ئاخر بۆ بوختانمان بۆ ئەکەیت؟

**تالە**: (بەدڵشکاوی‌یەوە) وەڵڵاهی جەنابی قومیسەر ئەفەندی، خوا بەرقەراری نی‌یە بارچاوەش وامان لێ ئەکات. ئەمە بۆچی؟ باوەڕبکە، بە کەلامولڵا، پیاوین و ئەمانەوێت بەم ڕەمەزانەتی‌یە بۆ خۆمان، ئەڵێم بۆ خۆمان کاسبیی‌یێك بکەین و سفتاحێکمان دەست بکەوێت. سوێندیشت بۆ ئەخۆم؛ بە تەڵاقی باووباپیرم قەستەم، وا گەڕاومەتەوە هەتاکو وازم لە عارق خواردنەوەش هێناوە. مەسەلەکەش؛ قومیسەر ئەفەندی، بیلامانێ ئەمەوێت پارە کۆبکەمەوەو ژنێك بهێنم.

**خولە**: (بەخۆشی‌یەوە) ئەئە، ئەرەوەڵلا قوربان ڕاست ئەکات. پێکەوە، ئێ نیازمان وایە من کچێکی ئابلاخی‌و ئەویش کچێکی سەرشەقامی بهێنێت.

**قۆیسەر**: یەعنی هەڵیان ئەخەڵەتێنن، وانی‌یە!

**خولە**: نە. نە.. نا، نەوەڵلا قوربان، بە شەرع و مەرع.

**تالە**: ئەفەندی پیاو کاسبی بکات و ڕەنج بدات و ژنێك بهێنێت، ئەبێت تۆزێکیش فێڵ بکات، چونکە عەیب نەبێت، ژن هێنان هەروەکو جاران نەماوە، زۆری تی ئەچێت.

**باشچاوەش**: وەڵلا ئەفەندی من ئەمە یەك بزانم، سالە قسەی ڕاست بزانێت. منیش ئەوە هەر ئەگەڕێم بۆ ژنێك بە هەرزان بیهێنم، کەچی..

**تالە**: (بە کوڵی پێکەنینەوە) ئەهـ، ئەهـ قوڕ بەسەرم، لە قەبرەکەش دا. قوڕبەسەر باوکیشم. بۆ بارچاوەش ئەوە سەرو ڕیشت سپی کردووەو کردووتە بە کلـووی سپی؛ گوایە هێشتا.. هێ هێ.. هێشتا هەر عازەبیت؟

**خولە**: ساوەڵلا، بە هەقی قورعان بۆیە وا گەڕ لە ئێمە ئەئاڵێنێت، ئەیەوێت هەروەکو خۆی، ئێمەیش سەروڕیشمان سپی بکەین و بێ ساحێب بین. (بەتکاوە) قوربان جەنابی مەعمومەرکەز، ئێستا بەرمان بدەو با بچین فریاو خۆمان بکەوین، ئێها! تکاشت لێ ئەکەم با بارچاوەش ئیتر.. پێی بڵێ با دووامان نەکەوێت.

**قۆمیسەر**: باشە، ئەچن چی ئەکەن؟

**تالە**: (بەگەرمی‌یەوە) قوربان جارێ ئەچین بۆ لای قاضی ئەفەندی، ئەوە ناسیاوی خۆمانە.. بەشکو واستەیێك ماستەیێکمان بۆ بکات و ئیجازەیێکمان پڕ بدریت بۆ خۆمان بەم ڕەمەزانە لە قوژبنی گەراجێك دا سی‌و جگەر بفرۆشین.

**خولە**: چاووت لێ‌یە قوربان؛ ئەوەتا بۆ ئیجازە ئەگەڕێین، گوایە نامانەوێت موخالیفیش بجوولێینەوە.

**قۆمیسەر**: خوا ئەکات ئێوە ئەمەندە پیاو ئەبن!

**تالە**: (بەگەرمی‌یەوە) قۆمیسەر ئەفەندی بە ٣٠ جزمەی قورعان پیاوین و تۆ.. هەر ئەوەندە بەرەڵامان بکەو.

**خولە**: (قسەی پێ‌دەبڕیت - لەسەرخۆ) ئەی تالەی مامە سالە، بەسەری ئەولادی سوێندی بۆ بخۆ!

**تالە**: (بەخێرایی‌یەوە) ئەفەندی تۆ سەری ئەولادەکانت هەتا درەنگ نەبووە بەرەڵامان بکە.

**خولە**: (بەتکاوە) ئەها لەڕێی خوادا! بەسەری تۆ لەبرساوا لاکەمان دێت، (لە دڵی خۆیدا) دەك بارچاوەش خوا بتکات بە چیلکە مادام وا گەڕت لێمان ئاڵاندووە. باشە، ئەگەر بەرەڵاتان بکەم، گفت ئەدەن ڕووبکەنە کاسبی خۆتانە بهێڵن ئێمەش لێتان ڕازی‌بین.

**تالە**: حەز ئەکەیت بەتەلاقی موستەقبەلم سوێندت بۆ بخۆم قۆمیسەر ئەفەندی؟!

**قۆمیسەر**: نا نا، پێویست بەوە ناکات! بەڵام باشە ئەگەر هاتنەوە بۆ ئێرە؟

**خولە**: بماندەرە بەرتێلا. باشە قوربان.

**باشچاوەش**: وەڵلاهی من بۆ ئەوە ناهێڵم ڕۆح بدەن بەدەستەوە.

**تالە**: (بەبێزاری‌یەوە) ئاخر ڕجات لێ ئەکەم بارچاوەش، ئێمە لەگەڵ تۆمانە یان جوابی قۆمیسەر ئەفەندی ئەدەینەوە؟

**قۆمیسەر**: بارچاوەش وازیان لێ بهێنە! بەڵام هەموو وەختێك موراقەبەیان بکە!

**باشچاوەش**: بەسەرسەر، ئەمر ئەکەیت!

**تالە**: بەلا ئیلاهە ئیللەڵلاهـ پێویست ناکات.

**خولە**: ئەفەندی لە ڕێی خوا.

**تالە**: (بەخەمگینی‌یەوە) لەوە ئەچێت، بارچاوەش نەیەڵێت یەك پوول پەیدابکەین.. قوربان جا تۆ سەری ئەولادت هەر ئەوەندە، تۆ بارچاوەشمان لێ لابدە!

**قۆمیسەر**: ئاخر نابێت، یان بەرەڵاتان ناکەم.

**خولە**: (لەپەناوە) دەی‌تالە، مر.. مرووت بمرێت، دەدەی کامیان باشە؟

**تالە**: بڵێم چی؟ من خۆمم پێ‌موحافەزە ئەکرێت، بەڵام، ئەترسم سەرخۆش بیت و بارچاوەش پێ‌بزانێت و بەسایەی

موبارەکتەوە منیش بگریت! ئاخر هەتیو من بەبێ عارەق هەڵ ناکەم. دەتوخوا وەرە مەمرە لەداخدا؟ هەتیوبڵێ زەهری ناکەم.. ناکەم.

**خولە:** (بەرزتر) دەباشە هەڵ ئەکەم و زەهری ناکەم.

**قۆمیسەر:** ئەوە وتت چی؟

**خولە:** ئەئە، ئەفەندی وتم باشە، باشە، با بارچاوەش موراقەبەمان بکات.

**تالە:** بەبە، بەڵێ، بەڵێ ئەفەفەفەنی باوابێت.

**قۆمیسەر:** ئێ، دەباشە باشچاوەش بەرەڵایان بکە.

**باشچاوەش:** باشە بە چاوان! (سڵاودەکات) یاڵڵا دەی برۆن.. ئەوا دیسان لەژێر دەستی خۆم دان. (بەدەم ڕۆیشتنەوە)ئێوە ئەگەر ئازان قزەیێك بکەن! دە، یاڵڵا. (تێکەڵ بوونی مۆسیقا) دەی نەیەن بەم ناوەدا، یاڵڵا

..

- ٣ -

**تالە:** (بەهەڵەداوانەوە) ئەها، لەرێی‌خوادا بارچاوەش.

ئەها دە تۆ ڕێم بدە بۆ لای قۆمیسەر ئەفەندی ناسیاومان، توخوا!

**باشچاوەش:** کورە قوزەڵقورتی گران. بڵێ، بزانم چ واقیعەیەکت کردووە.

**تالە:** کورە بە قورعان واقیعەتم لەدەست نەقەماوە، بەلام (بەپەستی و گرژی‌یەوە) ماڵیان کاوول کرد - ووم.

**باشچاوەش:** کوا خوا ئەوە ئەکات؛

**تالە:** (بەبێزاریی‌یەوە) ئەی کوا خوا ئەوە ئەکات جەنابتی بیردایەتەوە! ئاخ، نازانم تۆ چیت ئەوێ لەمن؟ گوێ‌بگرە بارچاوەش، بەقەبری دایکی ڕەحمەتیی هەردووکمان، ڕێم ئەدەی بچمە لای قۆمیسەر ئەفەندی باشە، ئەگینا من، تازە لە ڕۆحی خۆم بێزارم..

**باشچاوەش:** (بەتوورەییەوە) ئەوە هەرەشە لە کێ ئەکەیت؟

**تالە:** (بەشپرزەیی‌یەوە) بار - بارچاوەش.. هەرەشەت لێ‌ناکەم خوا ماڵت وێران بکات.. بەلام دەتۆ بهێڵە بچمە ژوورەوە.

**باشچاوەش:** نابێت نا.. چیت ئەوێ بڵێ، جاری با من بزانم!

**تالە:** ئەلحوکمو لیلللا. ئەلحوکمو لیل - للاهـ.. دەباشە، دەبرۆ خولەی بارامە قەڵبەم بۆ پەیدا بکە! ئەو کافرە کوشتوومی.

**باشچاوەش:** (لەسەرخۆ) خولەی ڕەفیقت؟ بۆچی لێ کردوویت؟

**تالە:** ئاخر دەوەرە ورگی خۆت لەداخدا هەڵ مەدرە کورە دەبهێڵە بچمە لای قۆمیسەر ئەفەندی‌ی! ئەوە بە تۆ ئەڵێم کوشتوومی، کەچی گاڵتەت پێ دێت؟

**باشچاوەش:** ئەزانیت بۆ؟ ئاخر هەتیو، تۆو شکات کردن لە ڕەفیقی خۆت کوجا مەرحەبا؟

**تالە:** کورە بارچاوەش، ڕەفیقی منەو بۆ تۆ! بەلام من بەردەستم بکەوێت لەت ویەتی ئەکەم.

ئێستا بچمە ژووری یان داروبەرد بدەم بەیەکدا..

(دەنەڕێنێت) ئەی هاوار. قۆمیسەر ئەفەندی، جەنابی قۆمیسەر ئەفەندی هاواروفیغان،

**باشچاوەش:** هەتیو، ئانا! کورە ووس!

**تالە:** (هەر دەنەڕێنێت) جەنابی قۆمیسەر ئەفەندی، جەناب، بارچاوەش داوای بەرتیلم لێ‌ئەکات..

**باشچاوەش:** هەتیو کافر..

(دەنگی پاڵەپەستۆو چوونە ژوورەوە)

**تالە:** (بەهەنسکە برکێ‌یەوە) جەجە جەنابی..

**باشچاوەش:** ئەفەندی تالەی سالە خەریکە لە مەرکەزدا واقیعەت بنێتەوە!

**قۆمیسەر:** هەتیو بەم نیوەشەوە خێرو بەرەکەتت هێناوە؟ ئاوەرە بزانم، چیتە!

**تالە:** جە، جەنابی قۆمیسەر ئەفەندی، ئەها.. بەسەری تۆ، نە سەرخۆشم، نە قەباعەتم هەیە.. بەلام..

**قۆمیسەر:** بەلام سنگدان و قوززەڵقورتی گران.. دەبڵێ دەی، بزانم.

**تاله:** قۆمیسەر ئەفەندی، دەتۆ بهێڵه بۆت بگێرمەوه بێ قەزابیت.. (بەهیلاکی یەوه) ئینجا، بەهەزار رجاوتکا، قاضی ئەفەندی ناسیاومان ئیجازەی بۆ پەیداکردین تا له گەراجی ئەسحابه سپی دا سی و جگەر بفرۆشین. منیش له خۆشیاندا کەوتمه خۆم و وەجاخ و خەڵووزو شیش و قاپ و قاچاغم پەیداکرد. بۆ نەگبەتیش «١٠» دینارەکەم دا به خولەی بارامە قەڵبە، بچێت بیدات به بەیعی سی و جگەرو.. ئەوه، ئەوه لەبەیانی یەوه رۆیشتوەو وەکو بیستوومه چووه «١٠» دینارەکەی داوه به عارەق و قومارو ماڵی منی وێران کردووه. د. تو خوا بارچاوەش.. ئەها قۆمیسەر ئەفەندی، بارچاوەش بنێره.. بینێره بۆم بدۆزنەوه. خۆبچێته سکی دایکییەوه هەر ئەیکوژم.. ئەی هاوار. ماڵ وێران خۆم.

دەی، دەی قوربان، تو خوا بنێره بیدۆزنەوه!

**قۆمیسەر:** بەخوا چاکتان تێ هێنا. بەڵام باشه.. ئەم جاره ئەیخۆن. ئا بارچاوەش..

**باشچاوەش:** بەڵێ گەورەم.

**قۆمیسەر:** برۆ ئەو کابرایەم بۆ بدۆزەرەوه لەبنی عەرزیشدا بێت.

**باشچاوەش:** (سڵاودەکات) ئەمرئەکەیت. هەر ئێستا. (دەروات)

**تاله:** (بەکرووزانەوه) ئەهـ خوایه بەساقەت بم، چۆن ماڵم وێران بوو. جەنابی قۆمیسەر ئەفەندی، رەفیقی ئەم زەمانه ئەئاوایه! بەڵام.. ئەفەندی بەخوا.. گوێت لێ بێت، من لای خۆم گەرابوومەوه. وەڵڵاهی بەتەما بووم تۆزێك پارەم دەست بکەوێت، له گەرەکی خۆماندا فاتەنێك بهێنم و بۆ خۆم بژیم.. ئەهـ، ئەوا سەریشم تێ ناو ئاش بەتاڵ و گیرفانم پووچەڵ!

**قۆمیسەر:** تۆ پێم بڵێ، هەموو وەختێ چ ئیشێك ئەکەیت؟

**تاله:** وەڵڵاهی هەر ئیشێ بێت ئەیکەم، بەڵام بەناشکوری نەبێت، کەسم نی یەو پارەشم نی یەو دوکانیشم نی یەو ئیتر ماڵ وێرانم.

(دەنگی ترپەی پێ و هاتنی رێبوار).

**باشچاوەش:** (بەدەم سڵاوکردنەوه) ئەفەندی ئەوه خولەیه.

**خوله:** (بەدەم ویلی سەرخۆشی یەوه) شەشەوتان - باش

**تاله:** (بە رقەوه) ئەی کافری مەلعوون، کوری بارامەقەڵبەی خێل وخوار.. ئەوه، ئەوه.. تۆ لاچۆ بارچاوەش.. بارچاوەش هەر تۆ لاچۆ.

**قۆمیسەر:** شەرەهەرا مەکەن! ئەمه چی یه؛

**تاله:** ئەفەندی، دەباشه، ملیم بۆ هەڵبکێشەو دڵم ئاو بخواتەوه.

**خوله:** (بەسەرخۆشی یەوه) وەڵڵاهی با تێر سەرخۆش بم ئینجا. تالەی مامه ساله، دوو جار له چاوی تۆ رێستم له قومارچی یەکان دا، بەڵام بەخوا نەیگرت. نەیگرت..

**تاله:** (بەرقەوه) ئەی پشتاویشتت ئەسووتێنم..

**قۆمیسەر:** هەتیو، خولەی بارام. کوا پارەکانی تاله؟

**خوله:** ئـ.. ئـ.. ئم، ده وەڵڵاهی، قۆمیسەر ئەفەندی من بێت و یەك فلسم پێ نەماوه.. وەرن بمگەرێن.

دام بەعارەق.. قومار. بەسەری ئێوه خەریك بوویم بەیەك شەوه، بەڵام شی بڵێم.. فێڵیان لێ کردم. فێڵیان لێ کردم و سەر.. سەرخۆشیان کردم و نەیان هێشت.. شی بڵێم؟

**قۆمیسەر:** دەسا باش چاوەش چینێکی باشم بۆ بۆکته!

**خوله:** ئە، ئاخ خ.. ئاخ بۆ، بۆ خاتری خوا. ئاخ خ خ ئەوه شیتان لێ کردم.

**تاله:** (بەرقەوه) تو خوا خۆشم! بەقورعان خۆشم چینێکی لێ نەدەم ئەمرم!

**خوله:** (بەهەناسەسواری یەوه) هـ.. هـ.. هـ.. قوربان، قوربان جا تۆخوا حەز ئەکەن بم کوژن. وەڵڵا.. وەڵڵاهی خۆ من له خۆم بێزارم.. ئای! بەڵام رێم بدەن تۆخوا.. تۆخوا با یەك قسه بکەم.

**قۆمیسەر:** بۆ هێشتا قسەت هەیه؟

ئەئـەرێ، وەڵـڵاهـ. تەنـهـا، تەنـهـا یەك قسـه

بەقوربانت بم.. بابیکەم!

قۆمیسەر: دەباشە، دەی چەنەکەت بدە، بڵێ بزانم!

خولە: قوربان.. قوربان.. بەخوا حەزم کرد شاگردیی

تاڵەی مامە ساڵە بکەم.. حەزم ک.. کرد کە ئیشم هەبێت.. دوکانم هەبێت و.. نانم هەبێت. ماڵیشم هەبێت، ژنم هەبێت، منداڵم هەبیت؛ رەووییێك.. بەڵام بە، بە بەگریانەوە بەچی، قوربان؟ بە دینارێك؟ بە دوو، بە دە، بە بیست؟ بە سەدیش من نانم بەپیاوی ناو پیاوان، قوربان.. نایم.

قۆمیسەر: ئەی بە چەند؟

خولە: (هەر بەگریانەوە) تتۆ بڵێ بەشی؟ بەشی؟ نای! قوربان، من و تاڵەی برام و ئەمساڵی ئێمە.. ئێمە لە موسیبەتداین قوربان.. لە موسیبەتدا ئەزانیت بەشی ئەبین بە پیاوی ناو پیاوان؛ بە خۆشەویستی‌ی‌ی.. بە پارە؟ نا، بە گیانێکی بەهێز کە.. ژیانمان سەر ـ تا پا بگۆڕێت.. بە، بە، بەڵام.. (گریانێکی بەجۆش و تێکەڵ بوونی موسیقای کۆتایی ـ).

● تەواو ●

پەراوێزێك

ئەم کۆششە وێنەییکە بۆ بووژاندنەوەی شانۆی رادیۆ کە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ دەستمان دایە، بەشکو بتوانرێت ـ لەگەڵ چەند کارگەرێکی ئەو سانەی. رادیۆ ـ ئەو هونەرە هەڵبکەوێتەوە.. سەرەتاش، پرۆژەیێکی میلیۆدرامایی بوو لە مەڕ (دووکەسی سادەو هەژار و بێکارەی نێو کۆمەڵی ساڵانی ١٩٦٠) کە بەئەڵقەی یەکەم (کڵاوێك بۆ دووکەس ناشێت) دەستمان پێ‌کرد، کە ئەو لە ٢/ ٣/ ١٩٦٧ «ماوەی ـ /١٧ دەقیقە» تۆمارکرا..

پاشان (موسیبەتی خولەو تاڵە) بە هەفتەیێك تر.. بەڵام لەبەر نەبوونی رایی‌کار ـ مخرج ـ و ناتەواوی تۆمارکردن و کەم وکورتی زۆری ئەداکردنی چەند ئاکتەرێکی میلۆدرامەکە، ناچاربووین دەستمان لە (پاشماوە)ی هەڵگرت، لەگەڵ ئەوەش ئەو «٢» ئەڵقەیە، کاتی خۆی سەرنجی گوێگریان راکێشابوو، تەنانەت تا سەرەتای حەفتاکان داوای دووبارەکردنەوەیان دەکرا. هەردووکیان هێشتا لە گەنجینەی رادیۆی کوردی‌ی بەغدادا هەڵگیراوون و وا بۆ کەڵکی خوێندەوار ـ وەك خۆی‌و بێ دەستکاری‌ی ـ ئەم وێنەیەمان خستەڕوو.

لە ڕووی ئەمانەتیشەوە ـ بەپێویستی دەزانین ـ ئ، لایەنانە ڕوون بکەینەوە:

١ ـ کەسەکان؛ ئەم ناوانەن کە کارگێڕی رادیۆبوون:

● تاڵە: کەمال رەئووف محەممەد.

● خولە: عەبدوڵڵا عەباس.

● باشچاوەش: عەزیز کافرۆشی.

٢ ـ میلۆدرامەکە بە نووسین و نواندنەوە، بۆ هەموو، پاداشتی «٥» دینار بوو.

٣ ـ ماوەی «ـ,٢٢» دەقیقەبوو.

٤ ـ رایی‌کار «مخرج» نەبوو.

٥ ـ پێشەکی و کۆتایی میلودرامەکە، ماوەیان بەم جۆرە بوو:

پێشەکی: بە مۆسیقاو دەنگی وێژەرەوە: ـ ١,٢٨, دقیقە

کۆتایی: = = = = ١,٨,٠١ دەقیقە

مۆسیقای جیاوازی نێو میلودرامەکە؛ رۆژئاوایی وێنەگری‌ی بوو، هەڵبژاردنی نووسەر بوو.



# مەلە لە گێژاوی نەفامی دا

● هیمدادی حوسێن ●

وردە . . وردە بۆلای شوێنی پاسەکان شۆڕبوویتەوە . چوار پێنج کەسی تریش لەوێ وەستابوون . . سەیرێکی کاتژمێرەکەت کرد ٢ , ٤٥ دوو وچل وپێنج دەقیقەی پێشان دا . لەوکاتەدا پاسەکەی شۆڕش وەدەرکەوت . سواری پاسەکە بوویت . خۆت بە ڕۆژنامەکەی دەستتەوە خەریك کرد ، دوای ماوەیەك پاسەکە لە وێستگەیەکی دی وەستا .

پیرێژنێك و دچیکی نەشمیلی قژڕەشی چاوسەوزی ئەسمەر وەسەرکەوت . لە پاسەکە جێ نەبوو ، تەنها کورسی یەکەی تەنیشت تۆخاڵی بوو لەگەڵ کورسی یەکی دی کە چوار کورسی لە دواوەی تۆبوو . بۆجوانت زۆردی بوو ، بەڵام ئەمە لەوانە ، دەڵێن لەبەهەشت حوری هەیەو هێندە لێی ورد دەبوونیتەوەو هێندە جوانن ، بەوانت دەهاتە بەرچاو ، نیگای چاوە وێلەکانت تیری بووو . بێ چاوتروکان نەتدەزانی سەیری کوێی بکەی قژی ڕەشی قەترانی ، چاوەکانی هێندە شین بوون سەوز خۆیان دەنواند ، کوڵمە گۆشتنەکانی ، لێوی ئاڵ وخشڵە درەشاوەکانی ملی ، هەموو ئەمانە تۆی حەپەساند بوو . چەندە حەزت دەکرد بێتە لای تۆ دانیشێ ، چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوەو لای تۆدانیشت ، ترپەی دڵت بەرەبەرە بەرز دەبۆوە . بەلا چاوێکەوە لە دەست و سەعات و پەنجەی نەرمی ڕادەمایت . لە ناوەوەش ئارەقەت دەکردو وەك مەنجەڵێکی ساوەر دەکوڵایت ، وەك لە پێشبرکێیەکی خێرای شێتانە ڕابکەیت شەکەت دیاربووی و نائارامی و ماندووبوونێکی زۆر بەڕووتەوە دیاربوو . جار جارێکیش کە پاسەکە پێچی دەکردەوە دەستی بە کورسی یەکەی بەردەمتانەوە دەگرت ، تۆیش جوان . . جوان لە قامکی و زەندی پڕ بازنیت دەڕوانی ، هەندێ جار خۆی بەلای تۆدا خوار دەکردەوە ئەویش بە پارێزێکی زۆرەوە و لەگەڵ ئەوەش کە شانتان بەریەك دەکەوت ، وەك دوو جەمسەری باکوور و باشووری دوو موگناتیس یەکترتان کێش دەکرد . پاسەکە گەیشتە لای ماڵەکەتان ، بەڵام دانەبەزیت و وتت لە وێستگەکەی دیدا دادەبەزم و لەوێوە بە پیادە دەگەڕێمەوە تەنها ئەم تەزووە گەرمە لە دەست خۆم نادەم و جێی خۆم لەق ناکەم . جیروهۆڕی پاسەکە گوێی کاس دەکردو وەك نەخۆشێك دەپژمی و بۆنی دووکەڵی مەکینەکەی مرۆی کاس دەکرد ،

بەلام ئەمـە شتێـك نەبـوو تۆگوێی پێ بـدەیو گرنگـی پێ بدەیت. پەرە.. پەڕەی ڕۆژنامەکەت هەڵدایەوە ، دەستت بەر دەستی کـەوت.. وەك تەزووی کارەبـا رایچڵەکـانـدیو بەپەشۆکاویو شڵەژاویەوە وتت:

ـ بـ... بووره.

ئەویش بگرژییـەوە بە سەرلێوانـەوە شتێکی وت، نەتزانی چی وت، ڕۆژنـامـەکـەت قەد کردەوە، لە جامی پاسـەکـەوە سەیـرێـکـی دەرەوەت کرد. تەواودڵـگـیـر بوویت. زۆر دوورکـەوتیتەوە، ئەوە نەخۆشخانەی وەرەمدارەکانە. لە خۆتت دەپرسی ئەوە چی یە؟ ئەم مردوو مراوە تاکەی دانابەزێ؟!.. «مرۆڤ ئەو کاتانەی جڵەوی بۆدەستەلاتی خەیاڵ شۆڕ دەکات ، هەموو شتێکی بیر دەچێتەوە، ئەگەر لەکاتێکی ئاسایی دیکە دابێت. گاڵتـە بەو کردارانـەی ئەو کاتـەی خۆی دەکـا ئەوکاتە لای ئەوپەشیمـانی بوونی نی یـە..» پاسـەکـە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو. ڕووخسـارەکان لەبەرچاوت دەگۆڕان، هێندێ دادەبـەزین.. هێنـدێ تازە وەسـەردەکـەوتن، سەیرێکی دەست و پەنجەکانیت کردەوە. ئەنگوستیلەیەکی زێری زەردی درەوشـاوەی لە پەنجـەدا بوو پیتی «N» ی ئینگلیـزی لەسـەر نووسـرابـوو کەوتیـە خەیـاڵی ئەوەی چ ناوێـك بەوپیتە دەست پێ دەکـات «نـاسك»، نەجیبە، نازدار، نازەنین،...» پاسەکە لەڕۆیشتن بەردەوام بوو، بەلام تۆتا ئەژنـۆت کەوتبـوویتـە نێـو قوڕێکی خەستی نەفـامی یـەوە لاشەیەکی بێ گیان بوویت و بە کوشینی پاسـەکـەوە درووابـوویت.. پاسـەکـە وەستـا ، ئەو کچـەی ، کێ دەڵێ کچـە؟!، ڕەنگـە ژن بێ، بەهەرحاڵ ئەو ئافـرەتـەی تا ئێستا وەك بەنجی عەمەلیات هەمووگیانی سرکرد بوویت، تەکـانی داو لە شوێن خۆی هەڵسا.. نیگـای چاوە کزەکـانـی تۆیش وەك تیـر لە گیـانـی ئەودەچـەقین ، تا لە پاسەکەش دابەزی تۆچاوەکانت نەترووکاندو لە شوێن خۆتەوە جووڵەت نەکرد.. ئەو دابەزی و (جابی) پاسەکەیش ڕووی تێکردی:

ـ کاکە گیان بۆکوێ؟ تەواو..

بەرلەوەی هیچ بلێیت ڕووت بۆدواوە وەرسووڕاند.. سەیرت کرد پاسـەکـە کەسی تیـانـەماوەو هەرخۆت تەنیایت، ئەمجا بە تووڕەیی یەوە دەستت کردە ڕۆژنامەکەت وهەڵسایت وتت:

ـ باشە کاکە.. منیش لێرە دادەبەزم.

هێشتـا قاچێکت لەسـەر پێپلکـەکـانی پاسـەکە بوو گوێت لێ بوو جابی یەکە وتی:

ـ ئەفەندی.. لێی گۆڕاوە ، ئاگای لەخۆنی یە.

لەگـەڵ شوفێـری پاسـەکـە بە جووتـە دایـانـە قاقای پێکەنین و پاسەکە لەوێ سووڕایەوە. تۆیش لە شوێن خۆتەوە وەستایت، ئافـرەتـەکـە دوای ماوەیەك لە خانوویەکی سێ نهۆمی چووە ژوورەوە. ئەمجـا وردە.. وردە ڕێگـای ئەومـاوە زۆرەی کە لە ماڵ دوورکـەوتبـوویـەوە گرتـە بەر و لە ڕێگـایش لەقـەتـاتی فلیمەکەت دووبارە دەکردەوەو پێکەنینشت بەخۆت دەهات و دەت وت:

دڵداری خۆشە لە هەر دوو سەربێ
نەك یەك بسووتێ یەك بێ خەبەربێ (*)

خوا ئەزانێ ئێستا کچی چ دەوڵەمەندێکە و لەگەڵ من کوجا مەرحەبا؟!!

★★★

دوای دووڕۆژ ، وەك بەیانی یەکـانی ، سەدریەکەم لەبەر کرد بوو، چاوەڕێی دکتۆرم دەکرد، چونکە من خۆم یاریدەدەری دکتـۆربووم و بێ ئەوهیچم نەدەکـرد،.. لەوکـاتـە فەراشەکە هاتە ژوورەو و وتی:

ـ کاك رزگار لە قاوشی پێنجەم کچێکی گەنج مردووە، دوێنێ شەو درەنگ هێنایان، ئەوکاتەش حاڵی پەشێوبوو، بەلام دیارە تازە گیانی دەرچووە..

منیش هەر لە خۆمـەوە، کاری منیش نەبـوو، هەر چووم بۆ بینینی.. بەڵێ، هەمـان کچـەکـەی دووڕۆژ لەمـەوپێشی پاسـەکـە بوو.. چاوەکـانی خستبـووەسـەر یەك و ماڵئاوایی لەم دنیایە کردبوو..

# خۆت بە خۆبێت



● عبدالكريم حسن عبدالله●

بەردە فرکێی (قاله) شێت رێگەی لە رێبوار بەستبوو. . . دوورەو پەرێز سەرنجم دەدا. . منداڵ و هەرزەکاری گشت مەیدانی ماستەکەی تێوروکابوو. . . بەردێکی وێڵ ئاراستەی سەرسنگی پیاوێکی بەساڵا چووبوو. . . لەشوێنی خۆیدا بەزەویدا کەوت مرد. . . ؟. . . بوورایەوە. . ؟. . . نازانم. . . جووڵەی لێبڕا. . . چەند پیاوێك پەلاماریان دا. . . بۆ نەخۆشخانەیان فڕاند. . . ئەم دیمەنە دڵ تەزێنە ئەو رۆژەی یادهێنامەوە. . .

[لەناو پێشەنگای هونەرمەند (ع . ل) مدا سوورامەوە. . . سەرنجم وەك قیبلەنوما لەئاستی تابلۆیەك دا بەهێمنی لەنگەری گرت . . . وەك دەستێکی نادیار پاڵم پێوەبنێ رووبە رووی تابلۆکە هەنگاوم نا . . . بریتی بوو لە وێنەی دوو پیاوی بە ساڵاچووی جل وبەرگ پەڕپووت. . . لە روخساریان دا خەم وپەژارەی تەمەنێکی پر لە دەردی سەری و ئازار بەدی دەکرا. . . لەدەوری مێزێکی خڕی فۆرمیکادا بەرامبەر یەکتری دانیشتبوون . . . ئەوەی لای راست دەستی بۆ پەرداخەکەی بەردەمی درێژکردبوو. . . . ئەوەی کەیان بەنیازی پێك پرکردن قاپەکەی بۆ پەرداخەکەی بەردەمی بەرزکردبوو. . . تابلۆکە لەرەنگ و هێڵ دا سەلیقەیەکی هونەرمەندانەی تێدا بەدیکرا ئەوەندە بیرم لەتابلۆکە کردەوە وام هەست دەکرد هاورێی سێ هەمیان

خۆمم ... گوێم لە گفتوگۆیان بوو... وەك کەسێکی بێئاگا لە خۆی رووم کردە ئەوەی لای ڕاستیان و وتم:

-:(خەم مەخۆ... تەنها کەسێك نیت لەم جیهانەدا ژینت زیندە بەچاڵ کردبێ... هەزارەهای وەك تۆی مردوو هەیە کە نانی زیندوو دەخوات...)

هەنگاوێکی کە لە تابلۆکە نزیك بوومەوە وەك بمەوێ پەرداخەکەی بەردەمی ئەوەی کەیان بۆ لای خۆم ڕابکێشم و بەتوورە بوونێکەوە وتم

-: (بەس بخۆرەوە ... بەس... شەو نییە خۆت نەکەیتە مەسخەرەی حەوشی گەورە ... ئەی سەر بۆزی چاو شڵەقاوی نەفرەت لێکراو...)

ساتێك بێدەنگ بووم... ئەو شەوەم هاتەوە یاد

[:لە گریان و قیژەو هاواری دایکە کلۆڵەکەم لەخەو بە ئاگاهاتم ... باوکم بە دەست خەڵکی حەوشیگەورە وە وەك شەق شەقەی منداڵ دەهات و دەچوو... هێزی ئەژنۆی نەبوو تەنانەت لەسەر لاقی بوەستێ... دەمی بەکەسیان نەدەگیرا .. کە وەك ژەهراوی مار وشەو ڕستەی سووك و ناشیرینی بەرووی دایکما دەپرژاند ... دایکم دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆیو ئێمە داخستبوو... لە پەنجەرەکەوە بەخەڵکەکەی ئەووت

-: بابڕوا پیاوی وام ناوێ... نەشەوێکەو نەدوو... نەساڵێکەو نەدە... شەوێك وەك پیاوی خەڵکی ڕووی لەم ماڵە نەکردووە... وازم لێبهێنێ بە سواڵیش بێ ئەم پێنج منداڵە بەخێو دەکەم ... بابڕوا ... بۆ کوێ دەچێ بچێ...

کە زانی دەرگای ژوورەکەی لێناکرێتەوە خۆی لەدەستی خەڵکەکە ڕاپسکان و بەرەوکۆڵان ڕۆیشت... ئەم دیمەنە تراژیدیە وەك شانۆگەریەکی شەوانە پێشکەش بەخەڵکی حەوشی گەورە دەکرا... کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە پەنجا کەسێك دەبوو... چواردە ژووری لێبەکرێ درابوو... لە وەرزی هاوینان دا لەسەر هەموو ژورێك چیخێك دادەکوترا کە لە باڵەخانەیەکی دەکرد ئەگەر لە حەوشەوە سەرنجت بدایە... ئەوەندە تەنافیجل هەڵ خستنی تیدا هەڵ خرابوو کە وەك تەنافی جاڵجاڵۆکە سەری حەوشەکەیان پێتەنیبوو... بۆگشت کرێچیەکان بەلوعەیەکی ئاو هەبووکە زۆری ئاژاوەو شەڕوشۆڕی ژنانی لەسەر پەیدا دەبوو... تەنها ئاو دەستێك هەبوو.کە گونیەشڕەیەك کرابووە دەرگاو.لە هاوینان دا بۆنی پیاوی کاس دەکرد... بەدەگمەن دوو خێزان دۆستایەتیان لەمانگێك زیاتر درێژەی دەخایاند.. زۆر جاریش لەسەر کۆکردنەوەی پارەی ئاوو کارەبا ئاژاوە پەیدا دەبوو.. یەك لەرقی ئەویکەیان دەنگی ڕادیۆنەکەی بەرزدەکردەوە بەجۆرێك حەوشی گەورەیان دەشڵەژاند (سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسیەوە)... دەرگای حەوشی گەورە هەمیشە لەسەر پشت و کراوەبوو... بوون و نەبوونی وەك یەك بوو.. کەس نەیدەوێرا دەرگای ژوورەکەی بێقفڵ بەجێبهێڵێ .. ئامۆژگاری (ماڵی خۆت قایم ڕاگرەو سەگی بەر دەرگا بە دز مەگرە) دروشمی خۆپاراستن بوو..

شەوی پایزی سارد لەژێر لێفە شڕەدا مووچڕکەی سەرمای بە لەشم دا دەکرد.. تاکو ڕۆژ بووەوە خەو لەچاوم نەکەوت ... پێش هەموو کەس لە دەرگای حەوشی گەورە چوومەدەرەوە .. کە بینیم باوکم لەو دیوو دەرگاکەوە ڕاکشاوە.. پەلامارم دا بۆ یەکەم جار باوکم لەباوەش.گرت ... بەڵام باوکێکی بێگیان... باوکێکی بێزویان باوکێکی بێنووزە...]]

لە گفتوگۆی کیژێکی دەنگ ناسك بە ئاگا هاتمەوە.. هەستم بۆراگرت ... کە ئەی وت:

-: مامۆستا هوشیار ئەمرۆ لە پۆل دا دەربارەی ئەم تابلۆیە ئەدواو نیوەی وانەکەی پێبەریکرد..

-: پرشنگ گیان تۆ بەقسەکانی مامۆستا (هوشیار) زۆر دڵ شاد ئەبێ... وانییە؟

-: شەونم گیان . وەك مامۆستایەك خۆشم دەوێ و بەس..

- : ئەزانم ... چاك ئەزانم ... ئێستاكە ئەمەوێ لەبیروبۆچوونی تۆ تێبگەم دەربارەی ئەم (مۆزەخانەی چەکە) کەبە شاکاری ئەم هونەرمەندە دانراوە...

پرشنگ دەستە سپی‌یەکەی لە گیرفانی چاکەتەمۆرەکەی دەرهێناو قژی لوول کراوەکەی سەر رووومەتە پرە ئاڵەکەی لادا وتی:

- : لە رۆژ یەکەوە ئادەمیزاد بەردی وەك چەك بۆ پارێزگاری لەخۆی بەکارهێناوە لەم تابلۆیەدا وێنەی کێشراوە.. تەنها وێنەی چەکی ئەتۆم نەبێ کە هونەرمەند مەبەستی نەبووە وێنەی بکێشێ... لەدوای تەقاندنی کەسێك نامێنێ نەنانەت وێنەی لەسەر تابلۆیەك بکێشێ... شەونم دەستی لەسەر شانی (پرشنگ) داناو وتی:

- : بۆچوونی منیش لە بۆچوونی تۆ دوور ناکەوێتەوە.. بەڵکو تەنها ئەمەوێ سەرنجێك ئاشکرا بکەم کە تۆلات لێ نەکردەوە

- : فەرموو شەونم گیان گوێم بۆ راگرتووی...

- : ئەو بەردەی قابیل هابیلی برای پێکوشت تاکە چەکی دەستی ئادەمیزادبوو لەسەرەتای هاتنە دنیاوە... بەڵام نەوەی داهاتوویان چەکی شیروتیریان بۆ لە ناوبردنی رەچەڵەکی یەکتری بەکاردەهێنا.. نمونەش (نۆبل) بووکە (تی.. ئێن.. تی) بۆ چاکردنی رێگەی ئاسنین دۆزیەوە.. بەڵام بۆ مرۆڤ لە ناوبردن بەکارهێنرا... کە زانی. کوشندە ترین هێزی مەرگی بۆ ئادەمیزاد پەیداکرد تاکو مردن بەئازاری ویژدانیەوە ئەتلایەوە... دڵنیاشم کە چەندە چەکی دەستی زۆرداران بەهێزتربێ مافی زەوت لێکراوان ئەبێ بسێنرێ

- : شەونم گیان درەنگ بووە بابرۆینەوە...

گفتوگۆی ئەو کیژە بیری ژەنگ گرتوومی بۆ جیهانێکی ون و نادیار راپێچ کرد.. لە دڵی خۆم دا وتم:

- : «ئێمەی مرۆڤ نەوەی بەرد وەشێنێکی پیاو کوژی وەك قابیل بین. ئەی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە خاوەنی کوشندە ترین چەکە ئەبێ چارەنووسی بە کوێ بگات..؟ ئەی جیاوازی نێوان (قالە) شێتێکی ئەمرۆو قابیلێکی سەرەتای ئادەمیزاد ئەبێ چبێ؟ ئەو لەسەر خوشکە جوانەکەی براکەی کوشت... ئەی (قالە) شێت لەسەرچی ئەو پیاوەی کوشت؟.. بەم جۆرە کوشتنەش دەوترێ مردنی قەزاو قەدەر..؟]

لەوە زیاتر خۆم بۆ نەگیرا.. بەگورجی لەمەیدانی ماستەکەوە بەرەومالّ گەرامەوە لەبەر خۆمەوە ئەم وت:

- : (ئێستاکە شانۆگەری حەوشی گەورە ئەبێ چی بێ..؟ ئەی بەم نیوە رۆژە ئەبێ ئەکتەرەکانی ئەبێ کێ بن..

دووری‌یە لەسەر دزینی قاپ و مەنجەڵ نەبوبێ بە ئاژاوەو شەرو شۆر..! بیرم کەوتەوەوە.. (ئامەکوولە) نۆرە سەرتەنووری هەیە... ئای کە زمانی تیژو قسەکانی جەرگ برە..؟

لەسەری کۆڵانە تەنگە بەرەکەی حەوشی گەورە لام کردەوە.. دەروازەی قوبەداری لەبەر ژن وپیاو منداڵی حەوت گەرەك دیار نەبوو... بەگورجی درم بەخەڵکەکەداو خۆم گەیاندە هەیوانەکەمان... رووم لە دایکم کردو وتم:

- : دایە گیان چی روویداوە..؟

دەستی گرتم و بردمیە ژوورەوەو وتی:

- : ئەوەندەی ئاگادارم ئەڵێن (خونچە بێوەژن) پیاوێکی نەناسمی بردۆتە ژوورەکەیەوە...

لەژوورەکەدا خۆم بۆ راگیرنەکرا... لەبەرئەوەی کە گومانم لەراستی بەسەرهاتەکە کرد.. وەك کەسێکی نزیك لە ئافرەتەکە ویژدانم رێگەی نەدام قەناعەت بکەم... بەپەلە لەژوورەکەمان هاتمە دەرەوە... (ئەڵماسە سوور) بەتێلایەکەوە دەوری خەڵکەکەدا دەخولایەوەو ئەی وت:

- : ئارێگەم بدەن دوو تێلای تێسرەوێنم... خەڵکینە بۆ خاتری خواکەی ئەمە حاڵە..؟.. لێم گەرێن حەیا نەماوە.. شەرەف ناموس.. قەترەیەکە کە تکائەتکێ ... وەرە ژنەکە هیچ شەرم نەکەی زەلامێکی زەبەلاح

لەبەرچاوی ئەم هەموو خەڵکە بەرێتە ژوورەوە... بەس نەبوو چاوم لێی بوو... لەناکاو چەند پیاوێك وەك قسەیان کردبێ بەیەك بەگورجی خۆیان کرد بەناو خەڵکەکەدا... لاوێکی باڵا بەرزی سەرو چاو خوێناویان لەژێر چنگی ژن و پیاوی حەوشەکە رزگار کرد.. کەکەس رەنگی جلەکانی نەئەزانی چۆنە لەبەر خۆڵ و خوێنی سەروگوێلاکی... لەیەکێ لە ماڵەکانی دراوسێ حەشاریان دا...

ژن و پیاوی حەوشی گەورە بەسەرۆکایەتی (ئەڵماسە سوور) دەرگای ماڵەکەیان دایەبەر بەردوشەق و تێلا...

ئەوەی نوێنەری راستەقینەی شەرەفی خەڵکی حەوشی گەورە بوو (ئەلماسە سوور) بوو کە رووی ئەکردە خەڵکەکەو ئەی وت:

ـ: شەرەف گرانە... خەڵکینە مەهێڵن لە دەستان دەرچێ... قسەکانی ئەو ئافرەتە کە زیاتر بۆ سڕینەوەی لاپەرەی رەشی ژیانی خۆی بوو ئەو شەوەی هێنایەوە بیرم

[دەچوو بۆ شەش مانگێك لەوەوبەر... لەنیوە شەوێکی پایزی ساردی گەڵا رێزان دا دەستم لە خوێندنەوەی کتێبی (شەهیدانی قەڵای دمدم) هەڵگرت... تاکو دەستێك بەئاو بگەیێنم... لەکونێکی گونیە شڕەی ئاو دەستەکەوە بینیم ئافرەتێك لە ژوورەکەی (بلەدرکاوی) وەك سوێسکە دەرپەری... چەند رۆژێك لەوەوبەر لەدایکم بیستبوو کە خێزانەکەی تۆراوەو خەزوری تەلاقی لێخواردووە کە نەیداتەوە... کەوتمە گومانەوە... لە دڵی خۆم دا وتم

ـ: «ئەبێ ئەم ئافرەتە کێ بێ؟»

چاوم لێنەترووکاند... خۆی بەهەیوانی ژوورەکەی (عەزەکوڵ) داکرد... مەسینەیەکی دەست دایەو بەرەو ئاو دەستەکە هات... چەند کۆکەیەکم بۆکرد... لە نزیك ئاو دەستەکەوە راوەستا... لە ئاودەستەکە هاتمە دەرەوە... رووی تێکردم وتی:

ـ: بیسم الله... بیسم الله...

بە پێکەنینێکی تەوساویەوە ئاوڕێکم بەلایدا دایەوە وتم...

ـ: بیسم الله ناوی ئەزانم لە کوێ بووی...

لە جێگەی خۆی دانیشت و مەسینە ئاوەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە]

ئەوەندەی نەخایاند پیاوێکی بەساڵاچوو کە یەکێك بوو لەو کەسانەی لاوەکەیان رزگارکرد خۆی بەحەوشی گەورەدا کردو بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد:

ـ: ئەی خەڵکینە ئەو لاوەی ئێوە نیوە مردوویتان کردووە برازای خونچە بێوەژنە... کوری حەمەی ئەولایە... وەك ماڵتان کاول بێ ئەو لاوەتان بۆ بەو دەردەبرد..

خونچە بێوەژن کەزانی کەسێك هەیە پشت گیری لە شەرەف و برازاکەی بکات وەك پڵنگێکی بریندار لە ژوورەکەی کە لەترس لێدان خۆی حەشار دابوو دەرپەری و وتی:

ـ: کوا... ئازادی برازام ماوە... کوا...؟

بەدەم گریان هاوارەوە خۆی کرد بەماڵەکەی لاوەکەیان.. لێ شاردبووەوە.

(ئەڵماسە سوور) سەری شۆرکردو تێلاکەی فرێداو ئەیویست خۆی بەژوورەکەی دا بکات خۆم گەیاندە بەردەمی و سەیرێکی چاوەکانیم کرد کە وەك چاوی سەگی دز شۆری کردبووە بەرپێی و وتم:

ـ: خۆت بەخۆتبیت... ئەی سەگە سوور..

بەپەلە خۆی بەژوورەکەیاندا کردوو دەرگاکەی لەدیووی ناوەوە لەسەر خۆی داخست...

دایکم هات وتی

ـ: کورم (ساڵار) هەتا زووە ژوورێك بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی بگوێزینەوە... ئەمە شوێن نی یە... کورم...

رووم وەرچەرخاندو بەزەردەخەنەیەکی بروا بەخۆوە وتم

ـ: شوێن هەر شوێنە.. گرنگە مرۆڤەکانیەتی...

بەگۆڕینی شوێن مرۆڤەکانی ناگۆڕین.. بەڵام بەگۆڕینی مرۆڤەکانی شوێن ئەگۆڕێ...

# ڕێکێش



○ نڤیسینا شعبان مزیری ○

«ڕێکێش» ڕێڤینگ بۆ. . پارچەکا کاغەزا زەر ڤی بۆ ناڤ و نیشانێت جهێ بازێرێ «چیمەنێ»و مالا وێ لەسەر نڤیسی بۆن. . ب ساناهی نەدهاتە خاندن. . پسیار هاتەکرن کو بەراهیکێ ئەو ئەڤینداری «چیمەنێ» بۆ. . ئو ئەڤرۆ ڕێڤینگە. . دیسا ڕێکا ئەڤینا بەراهیکێ یاگرتی یە

ڤە . .

ڕێکێش لاوەکێ تەنا و شەرمین بۆ. . نەخۆشی نەدیت بۆن. . ئەڤرۆ گەلەك نەخۆشی و ئاستەنگێت دکەڤنە ڕێکا وی دا چ جهێ گەهشتبایێ دا وێ کاغەزێ دەتەڤ خەلکی. . خەلك دا ژ چهەکی هنێرنە چهەکێ دی دەست تەنگ بۆ. . پارە ڤێ نەما بۆن هەژار بۆ هندە جارا دا گەریێت وەکو قەرەچا گەلەك جارا خارنا وی ل بەر دەرگەها بۆ، ل سەر لێڤێت چەهدا بۆ. . هوسا خودیت. . بەلێ دسەر هندێرا ژی باوەری بخو هەبۆ کەیڤا وی گەلەك دهات چونکی ل هیڤیا پاشەڕۆژەکا نوی بۆ. . گەلەك کەیڤا وی ب وی بازێرێ مالا «چیمەنێ» لێ دهات د دلێ خودا دگوت :ـ

«بازێرەکێ خۆشە چهێ ئەڤینا منە. . پاشەڕۆژا منە. . خەلکێ وی بازێری چاڤ ڤەکری نە ژ هەمی ڕەنگا. . مرۆڤێت تێدا. . سەرەدانا خۆ برە گەلەك چها گەلەك گەریا گەلەك وینە کەتنە پێش چاڤێت وی کامیرەکا بچویك ڤێ بۆ. . د دلێ خۆدا دگۆت. . دێ ئەڤان وێنا گرم ل دەمێ دزڤرم بۆ مالا خۆ. . دێ پێشەنگایەکێ ڤەکەم. . ل چایخانەکێ ڕۆینشتەخارێ. . ل سەر تەختەکی بۆخۆ چهەك کر لدەڤ برادەرکی. ڕۆینشت بەردەسك هات چایەك بۆ ئینناپێناسین دگەل وی مرۆڤی کر ئەوێ لدەڤ وی ڕۆینشتی ژ یاریکرێت دومینێ بۆ. . هەرۆ سپێدێ دا ژ مال دەرکەڤیت و قەستا چایخانێ کەت تۆ دبێژی دەواما رسمی یە. . هەکە ڕۆژەکێ نەچیت. . هەڤالێت وی دێ شەپرزەبن ئەندامێت دومینێ تمام نابن دێ ل هیڤی بن ڕاوەستن ئو پسیارا وی دێ کەن. . ئەرێ چ مەسەلەیە؟ بۆ نەهات؟. یانێ گۆت بۆ مرن تێ نەبیت. نەبێژە سپێدێ. . ڕێکا خو خەلەت کر بۆ، کانێ ئەو ژی چەوا هەڤالەکێ خو بێ کەڤن ل چایخانەکا دی دیت و چایەك دایێ پشتی موغدارەکێ سەگڤان لدەڤ وان پەیدا بۆ. ـ ها، سەگڤان تەخێر بۆ. . ئەم هندێ ماینە ل هیڤیا تە تۆ نەهاتی. . مە

سەرا پشکێت کوژتی کر تۆ دزانی «سەربەست و شوان» بیست شیشکا و دگەل دەف چا خسارەت بوْن..

- ئەو چەوا!! هەوە ئەڤە ژی ب سەرێ هەڤالێت من ئینایە..

- ئەرێ برا

- دێ کا تۆ سوحبەتێ ب هێلە بۆ پرێڤە دەمێ ئەم قەستا مال دکەین..

- بۆ چی..؟!

- د دانێت من بێت خۆرێن بۆ دەستەکێ دومینێ چەوا ئەز نەحازر هینگێ ژ هەڤالێت من دبەن؟!

- ڤێجا تە چ ئنیەتە..

- تولا وان ڤەکەم.. دەڤێ خو سیرکەین ژ بەریکا وە.

- «کرەکەنی» ما تە کیژ جارێ ژ من بری‌یە..؟ داڤێ جارێ ب بەی.. کا گازی‌کێ.. داتە ژی وەکی هەڤالێت تە خسارەت بکەم..

- خالۆ رەجەب بۆ مە دەستەکێ دومینێ بینە و دگەل (٤) جار چاو هەشت شیشکێت کوژتی

- سەر ناڤێ کێ بنڤیسم..؟!

- ما تۆ نزانی؟! خو ئەڤە جارا ئێکێ نینە ئەم تێنە چایخاناتە..

- بێ سەگڤانی..

- بەلێ.

- ل بەر مێزێ دوو تا بوْن.. دەنگێ شریڤین و پەریڤێنا پیلێت وان هولا چایخانێ تژی دەنگ کر هەر ئێکی ژوان دەستەك بر دەستێ سی‌یێ.. کەرە «ورە.. ورە»...

ل دویماهیکێ سەگڤانی گوت. دوو شەش مرۆ و قفل..!!

- هندی ئەو مرۆڤێت ل وێرێ هەمی‌یا بەردا کەنی‌یێ و گوت.

- ها.. دا بزانی کوهینگە تە بەرامبەری مە نە.. ئەز خسارەت بوْم، یان تۆ. دێ رابە هەرە ل بەر مێزا پارە دانێ دوو تا بە.. رابوْن کارێ چوونێ کرن. وەسا چێ بۆ وێ شەڤێ چۆ مالا نزاری نڤست و بۆ مێهڤان.. نزاری گۆت.

«من رۆژا پاشتر ئەو دگەل خۆ برە ژۆری‌یا باژێری داکو مالا چیمەنێ نیشا بدەم ئو ل سەر من بۆکو ئەژی بچم بۆ دیتنا هندە زەلاما ل وێرێ.. بەلێ چونامە رێباری‌یا مە.. گەلەکا خۆش بۆ.. خەلکی کارێ چەژنی‌کر.. رێکێشی وەسا هزر دکر کو خەلکێ باژێری قەدرێ وی ناگرن.. سەر هندێ را ژی ئەوی کێم بەحسێ خەلکێ باژێری دکر.. دەمێ من پسیار ژێ کری.. و من گوتی‌یێ ئەرێ تۆ چەوا ئەڤی باژێری دبینی.. ئو رێڤە چوونا چەوایە ل باژێری گوتە من گەلەکا نەباشە.. ئەڤە چەند رۆژە ئەز دگەریم لدویڤ ئەڤان ناڤ و نیشانا کەس نیشا من نادەت و من نابەتە ل سەر رێکا راست داکو بگەهمە «چیمەنێ» هەر ئێك بێ من دهنێرتە دەرەکێ ئو شولێت خو ب من دقەتینن بەلێ ئەڤ باژێرە هوسا نامینیت هەکە ئەزێ د حسێبێت خودا خەلەت نەبم.. ب ئژنەها خودێ دێ باش بیت هەمی تشت دێ بۆ من بچهـ ئین.. من باوەرە.. دێ باژێر بیتە خالا ئێکێ بۆ ئەڤینا من و چیمەنێ نزاری گوت.. «وەختێ گەهشتینە بنەچهێ گوتە من تۆ دگەل من ناهی‌یێ من گوت ب بۆرە هاتنا من هەتا ڤێرێ‌یە ئەوی بەرسڤا من دا و گوت.

- «خوزی من زانی‌با کا بوچی کەس دگەل من ناهێتە خازگینیا داکو من چیمەن خازتبا؟.. نزاری گوت «بەس من بۆ ناڤ و نیشانێت هەڤالا ئو چهێت خارن و ڤەخارنێ و نڤستنێ نڤیسین و من دانەڤێ.. ل دویماهیکێ دەمێ ژ من وەرگرتین سوپاسیا من کر.. ئو دەمێ گۆتی‌یە من بخاتراتە.. دگرنژی و نیشانێت سەرکەڤتنێ لدەڤ پەیدا ب بوْن بەس هزرا وی و گوهێ وی ل بەراهیکا وی بۆ کا دێ چەوا دەرگەهێ وان قوتیت و بەرامبەری زربابێ چیمەنێ راوەستیت.

# شیعر نامرێ

○ پیربالْ مەحمود ○

مەلێن: سەنتوری شکاوە
کپە، ژێیەکەی پساوە
نەوایەکی خۆشی نی‌یە
پێشکەشی‌کا، سوودی چی‌یە؟
سروش لە لای قروقاتە
وەکو وەرزێکی نەهاتە!
خوێنەگەر شاعیر ئەمینێ
شیعر نامرێ هەر ئەمێنێ!
هەتا هەر خۆر لە ئاسۆدا
پرشنگی خۆی لە ڕووی تۆدا
هەتا مانگ هەر خۆی نوێ کا
ڕووی خۆی لە ئێرەو ئەوێ کا
هەتا ئەستێرە ڕەونەقی
مابێ، یا جریوەی زەقی
هەتا (مان) (نەمان) ئەبینێ
شیعر نامرێ، هەر ئەمێنێ!
هەتا گوڵشەن گوڵی هەبێ
چووزەرەو سونبوڵی هەبێ
هەتا دارێ لەسەر زەوی
مابێ، لەجێی بەرزونەوی
هەتا چریکەی بولبولێ
دەنگداتەوە لەگوێی چڵێ
شیعر نامرێ هەر ئەمێنێ
شیعر ڕۆڵی خۆی ئەبینێ
هەتا گەشایی لە چاوێ
هەڵ بچێ، یا لە هەناوێ

هەتا دڵداری لە دڵێ
شەپۆل شەپۆل هەڵبقوڵێ
هەتا هەر (وەلی)و (شەم) هەبێ
یا نەخۆ (زین)و (مەم) هەبێ
هەتا چاو هەتاو ئەبینێ
شیعر نامرێ هەر ئەمێنێ!
هەتا مەردوم پێش ئەکەوێ
ئاشزانێ ئاخۆچی ئەوێ؟
بەرەوکوێ؟ بۆ کوێ ڕائەکا؟
چ تێك ئەداو چ چا ئەکا؟
هەتا ڕازێکی هەرمابێ
یا ئەم ڕۆژگارە ئاوابێ
هەتا جیهان خۆی ئەبینێ
شیعر نامرێ هەر ئەمێنێ!
هەتا زانستی لە شەقام
هەنگاو باوێ بەرەو ئەنجام
هەتا لێرە، لە ڕێی هەبوون
نەگاتە کانی‌یەکی ڕوون!
هەتا پەناو پێچی‌مابێ
هەتا چارەنووسی ئاوابێ
هەتا شەو ڕووی ڕۆژ ئەبینێ
شیعر نامرێ هەر ئەمێنێ!
هەتا چاوی بێ‌فێل و غەش
سەرنج باتە سروشتی گەش
هەتا زارێ بەگۆڕمی ئاخ
بداتەوە وەڵامی داخ!
هەتا کچە شۆخێکی شەنگ
مابێ لە دونیای بێ‌خەپەنگ
شیعر نامرێ هەر ئەمێنێ

---

(١) ئەندێشەی ئەم شیعرە بە دەستکاری‌یەکەوە، لە داهێنانی شیعرێکی شاعیری ئەسپانی (کۆستانۆ ئەدۆلفۆبیکەر) وەرگیراوە.



# ئەستێرەی پەروین

چاوت بەجوانی ئەستێرەی پەروین
گەردن وەك بلوور جوانو خوێن شیرین

تینوی شەرابی ئەو دەمولێوەم
کەوا پێی بگەم دەمێکە پیوەم

کاتێ فریشتەکە جوانی هانی
تەنها هەر بەتۆی رەوادی جوانی

من بەخەیاڵی شیوەی جوانی تۆ
شەو ئەبەمە سەربەرامبەر بەکۆ

جازبەی جوانیت هێندە بەتینە
زیاترە لە ڕۆژ بۆ ئەم زەمینە

تریفەی جوانیت وەکو مانگەشەو
لە چاوم نەدا چاو ناچێتە خەو

دڵی پرسوزم حەزو دڵداری
بەتەنها بۆ تۆم کردوە بەدیاری

تۆی جوانترین گوڵ لە باخی گوڵا
کەوا ناشتومە لە ناخی د ڵا

دڵیان بوژیان کاتێ کە بەش کرد
من وەرم گرتو بەتۆم پێشکەش کرد

دڵم ئینجانە تۆش گوڵی بەهار
ناودڵ بەتۆوە بوتە لالەزار



**علی ناجی عطار**

پەروەردەی ئەکەم بە خوێنی دڵم
گەشەی تیا بکا لە ناویا گوڵم

بە چەشنێکی‌وا مەستی خەیاڵم
نەتوانای بەدەن نەهێزی باڵم

نەماوە بەتۆو داوە بەتەنیا
بیرو خەیاڵم لە دارای دنیا

مەرجو پەیمانە بڕیارم داوە
نەزری سەرشانەو بەجێم هێناوە

کاتێ زەنگی دڵ لێ‌ئەداتەوە
مەعبەری دڵمت بۆ ئەکاتەوە

ئەودڵەی کەوا دڵسۆزی تۆیە
کەجێ نزرگەی پیرۆزی تۆیە

هەرچەندە ژیان لەسەر دڵ بەندە
کەتۆی تیانەبی کوا نرخی چەندە

زۆرە لە دنیا دیمەنی جوانی
یەك لەیەك جوانتر دیمەنەکانی

وەکو ڕۆژ لەدەم کەلا گزنگی
لە هەڵهاتنا تیشکو پڕشنگی

یا زەردە پەری وەختی ئێوارە
لە سەر ئەو لووتکەی چیاو نزارە

یاشەو بەجوانی ئەستێرەکانی
کە لە چاوئەدا پڕشنگی جوانی

یا باخوباخات ناو دارستانی
بەبنیائەڕوا ڕوبارو کانی

ئەمانە جوانی دنیای سروشتە
ڕازاوەتەوە ئەڵێی بەهەشتە

بەڵام هیچ کامیان لەو دیمەنانە
قەت ناگا بەتۆ بەو شیوە جوانە

تۆی هیوای دڵو ڕوحی ڕەوانم
ئارامی گیانو خۆشی ژیانم

دڵ ئاوێنەی دڵ نەبی ئاسازی
چون دەرئەکەوێ خۆشی دڵداری

چەند خۆشە دوو دڵ بە خۆشەویستی
لە ناخي د لا خەیاڵو هەستی

لەگەل ئەوەشا سەودای دلداری
لە حەدبەدەرە ئیشو ئازاری

بەڵام هەرخۆشە ئەو ئێشە کەوا
خۆشەویستی بۆی ئەبیتە دەوا

بۆیە کە بەشەر ماوەی ژیانی
هەموی بەخت ئەکا لە ڕێگای جوانی



# کۆن و نوێ

● محمد أمین پێنجوێنی ●

جاران ئەنکم..
کەهەوێنی لێ‌ئەبرا..
ئەنگوستیلە (پیرۆزە)کەی!
ئەخستە ناو شیرەکەوە
تایگرسێ..
کلاَنکەی شین
لەسەر سنگی وەکو (پەنیر)
کەی ئەگرسێ؟!!
ئەگەر ئەڵێیت؟
(چاوەزار)ی لە چاو چونە....!
وا خەریکە چاوو زارم..؟
وەکو پشکو دائەگرسێ...!
بە چەخماخەی ئەو زنجیرەی لە ملتایە
پوشوی وشکی یادەکانم...
هەروەکو گڕ..
هەڵ ئەگرسێ
دائەگرسێ..

ڕەشەبایەك لە پەنجەرەیە دوورەوە هات
زریکانی ئا ئەم شاعیرە چی دەکات. . . !
چی بنووسێ ڕای دەماڵم وەك پووش و کا. . . !
لەو ڕۆژەوە هەزاران هەزار ڕەشەبا
ئەلەو پەنجەرە دوورەوە دێت و دەڕوات
تووڕە دەبێ‌و قوچ لە پەنجەرەکە دەدات
شیعریشم هەر هاژەی‌دێ وەکو دەریای
ناڵەرزێ بەگەزافی هیچ ڕەشەبای. . . !
تاریکە شەو وتی: ئەستێرەکانی خۆم
دەتوێنمەوە دەبا ئیتر
ئەدڵداران لە گوڵزاری پرشنگیدا بەختەندەی گڕ
دروست بکەن کۆشکی سەوزی هەزار نهۆم
ئەشاعیران وەربگرن لێی بەهرەی شیعر
لەو شەوەوە. . هەزاران شەو
لە لافاوی چرکەی‌کاندا هات و. . . ون بوو وەك زیخ و
چەو
دڵداران هەر تریفەیان لێ دادەبارێ‌و تروسکە
شاعیرانیش هەر دەنووسن هۆنراوەی گڕو برووسکە. . . !



# ڕەشەبایەکی تر

لەتیف هەڵمەت

# غەریبی شاعیرو پێنج پارچە شیعری بڵاونەکراوەی

لەمانگی شەشی ساڵی ١٩٨٣دا کەشکۆڵێکی شیعریم لە بەڕێز مامۆستا مەلا محەممەدی پێش نوێژی پێشووی مزگەوتی خانەقای قەڵادزێ دەست کەوت کۆمەڵێك شیعری بڵاونەکراوەی شاعیرانی تێدایە لەوانە پێنج پارچە شیعری [غەریبی]یە. دوای نووسینەوەیان دەستم کرد بە پرسیارو گەڕان بەدوای ژیان و بەرهەمی کەی غەریبی بە تایبەتی لە مامۆستای بەرێز - مەلاعومەری هورێوەیی - و مەلامحەممەد عەبدوڵڵاو وە ئەو نووسینانەی تائێستا لە هەندێك ڕۆژنامەدا بڵاوکراونەوە دەربارەی ژیان و بەرهەمی غەریبی. . .

غەریبی: ناوی مەلا مەحمودی کوڕی مەلا غەزای کوڕی مەلا مەحمودە، لەگوندی - گەناو - ی ناوچەی پشدەر ژیاوەو سەروبەری خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی دارەشمانەییەکان بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

ئێستاش نەوەی غەریبی لە ئۆردوگای تووسوراتی ناوچەی پشدەر دادەنیشن. وا لێرەدا ئەو پێنج پارچە شیعرە بڵاونەکراوانە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران بە هیوای ڕزگاربوونیان لە دوو توێی بیرچوونەوە. . .

ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ تائێستا ئەو بەرێزانەی خوارەوە کەم وزۆر شتیان دەربارەی [غەریبی] نووسیوەو هەندێ شیعریان بڵاوکردۆتەوە. . .

١ - عوسمان هەورامی: پاشکۆی عێراق. ژ(٢٩)ی ئابی - ١٩٧٩

٢ - ئەحمەد محەممەد پشدەری: پاشکۆی عێراق. ژ(٣٠)ی ئەیلول و (٣٢)ی ت٢،ك ١ - ١٩٧٩ -

٣ - عبدالستار کاظم: پاشکۆی عێراق. ژ(٣٣)ی کانونی دووەمی ١٩٨٠.

٤ - ڕۆژنامەی هاوکاری: ژمارە (٤٨١) ئەحمەد محەممەد پشدەری

٥ - ڕۆژنامەی هاوکاری: ژمارە (٤٨٤) علی محمود پشدەری

٦ - ڕۆژنامەی هاوکاری: ژمارە (٥٠٤) ئومێد کاکەڕەش.

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:
● عبدالقادر عزیز سعید ●

لەتەن جانم جودابوو تۆ نەهاتی
وەفات بێ، بێ‌مرووەت بۆ نەهاتی
بە میسلی پیری کەنعانی عزیزە
دوو چاوم بوو ئەویشم چوو نەهاتی
لەعالەم عاجزە مورغی سەحەرگاە(١)
کە تۆ ئەی خونچە ئەمشەب بۆ نەهاتی
فیدای چەشمی(٢) عەزیزت بم لەبەرچی
رەمیدەبووی وەکو ئاهو نەهاتی
وەکو دەروێش دەکێشم ئاهویاهو
سەر ئەنجام بوو غەم و ئاهوو نەهاتی
وەکو شیری ژیان تێکت شکاندم
بلورین ساعیدو بازوو نەهاتی
مەظەنە مەقصدت قەبلە لە هیجران
دەمێکە ئەی بتی بەدخوو نەهاتی
لەهات و چوونەکەت وەك بەرقی خاطف
نەزانم هاتووی یاخود نەهاتی
بەتیری کوشتمت بۆ کفن و دفنم
لە سەرچی ئەی کەمان ئەبرۆ نەهاتی
موقەیەد بووم بە زنجیری دوو گیسوت(٣)
چ بوو ئەی شۆخی عەنبەر بۆ نەهاتی
بە ناحەق کوشتتم بەم چاوە مەستە
پەشیمانی دەبینی زوو نەهاتی
دەزانی ڕوحەکەم ڕوحم لەلاتە
چی‌یە ئەی دولبەری مهرو نەهاتی
دلت ختسومە ناوگێژی سکندەر(٤)
چ بوو دەمامەی جادو نەهاتی
بەهاری عومر، تاراجی خەزان بوو
گولستان ڕوی، خاڵ هیندو نەهاتی
فیدات بێ جانی زامداری [غەریبی]
دەهان پووستەی مەلاحەت بۆ نەهاتی

* * *

گرفتارم بە زولفی عەنبەرینت
بدەقووتم لە لیوی شەککەرینت
دەزانی، من بریندارم بەنازت
بفەرموو چاوەکەم چۆنە برینت
برەو سوفی مەن و معشوقەومەی
ئەتۆ تەقواوو فردەوسی بەرینت
مونەجم. باوەڕێ ناکەم بەقەولت
برەو لەم بەزمە تۆو عیلمی فرینت
لەپێش حوسنی، جیهانگیری گولی من
گولا تۆ چیو گریبان(٥) دادڕینت
بە هەشتی وەسلی توی کردە جەهەنەم
رەقیب ئاخ لە دەستی زۆر وەرینت
لە وەختی پێکەنین ناڵێ لەسەر چی
فەقیری شێتی مەن شین و گرینت
بە مێشکی، تەر گەر کاغەزی نیگارم
لە لێوت نابیەم قەد ئافەرینت
دلی عالەم دەسوتێنێ بە ئاهی
عەجایب موعجزە ڕووی ئاگرینت
موها قوربانتم وەنی‌یە وەنابێ
نی‌یە کەس میسلی بەندە کە مترینت
لە مەهجوری بەبێ‌مایەی وصالت
هەتاکەی نازفرۆشی دڵ گرینت
بە تۆفیقی خودا چوتە بەهەشتێ
لە دونیادا ڕەفیقوو هەم قەرینت
مەبە ڕەنجە لەبەر قەتلی [غەریبی]
بەسە، زەخمی موژانی نەشتەرینت

* * *

وەکو ڕوخسارەکەت ڕەنگین، ڕوخی شەمسو قەمەر نابێ
وەکو بادەی لەبت شیرین، پیاڵە پڕ شەککر نابێ
لەطافەت یا نەظافەت یا مەلامەت یا نەزاکەت قەط
وەکو ماهی جیهان ئارام لە پەریانو بەشەر نابێ
هەتا من هاتمە ئاشتی، لەگەڵ ئێمە بەشەر هاتی
لە دەست پەریان لەگەڵ ئینسان بەغەیری شۆڕوشەڕ نابێ
وتم دەگری وەکو منداڵ دلم بۆ شەککەری لێوت
وتی ماچی لەبی[6] لەعلم بەبێ خوونیجگەر نابێ
وتم ئایە بەهای ماچت خەراجی میسرە یا چینە
وتی یەك بۆسە مودونیا بەسەودا سەربەسەر نابێ
وتم بنوارە من جارێ، وتی قەتڵت لەسەر خۆبێ
وتم خوونی [غەریبی]ڕا بەبێ ماچی لەبت نابێ.

* * *

قامەتی شۆخت لەباغی حوسن، نەخلی باسیقە
لێوی شیرینت نیگارا شەکرو شەهدی[7] فائیقە
قوتی ڕۆحم خەندەیەکی گوڵ بوو، نەی فەرموو وتی
غەم مەخۆ ئەی بولبولیبێچارە ئەڵلا ڕازیقە
عیشوەیی چاوت ستاندی سەبروئارام و شەکیب[8]
خەندەیی لێوت ڕفاندی عەقڵ و قوەی ناطیقە
شوعلەیی نوری جەبینت بەدری ئەوجی دولبەری
شەعشەعەی ڕوخساری خوبت میسلی بەرقی باریقە
یا بەجیلوە یا بەعیشوە یا بەخەندە یا بەناز
یا بەچاوت یا بەلەب هەرکەس بە نەوعێ عاشقە
غوصەی عیشقە نیشاطی کەیفو بەزمی عاشقان
چاوی بیمارت لەبۆ خەستە طەبیبی حاذیقە
وا لە شوعلەی ڕۆژی ڕوخسارت دڵ و عەقلی دزیم
چاوەکەم حەربایە بەم ڕوخسارە شەمسی شاریقە
گەرچی بێ مەیلی وەکو شاهی ستەم گەر چاوەکەم...
خاڵی ڕووت قوربان دەڵێی میهتر نەسیمی ساریقە
بۆ خەلاتی نیوە ماچێکی لە لێوت توو خودا....
با دلی نەشکێ [غەریبی] عاشقێکی صادیقە

* * *

لە باغان ئاهو ناڵین دێ گوڵی باغی ئیرەم ڕۆیی.
لە مەیخانان صەدای شین دێ شەهنشاهی صەنەم ڕۆیی.
دڵم وەك غونچە تەنگو پڕ لە خوێناوە خودا ڕەحمێ...
لە بووستانی نەظافەت ئەم نیگاری غونچە دەم ڕۆیی.
نەما قوەت نەما ڕاحەت نەما تاقەت نەما عوشرەت
قریبی دڵ طبیبی دڵ شەفای دڵ لاجەرەم ڕۆیی.
مەڵێن تووتی مەناڵێنە قەفەس خاڵی لەشەکرئەمما
غەزای جان نەما چبکەم کە ڕوحی موحتەرەم ڕۆیی.
[غەریبی] مەی سروشکی چاو نەدیمی غوصە هیجرە
لەرەزمی کاوس ساقی، لە نەزمی بەزمی جەم ڕۆیی.

* * *

پەراوێز:

---

١ - مورغ: باڵندە.

٢ - چەشم: چاو.

٣ - گیسوو: ئەگریجە.

٤ - گێژی سکندەر: گێژی ئەسکەندەر.

٥ - گریبان: یەخە، بەرۆك

٦ - لەب: لێو.
٧ - شەهد: هەنگوین.
٨ - شەکیب: ئۆقرە.

«*» - وەفایی - شیعرێکی بەپێزو ناسك و پاراوی هەیە کە بەم دوو دێرە دەست پێدەکات:-

لە باغان ئاهـ و ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی
لە مەیخانان صەدای شین دێ، دەڵێن پیری موغان ڕۆیی

دیارە [غەریبی شاعیر] ئەم شیعرەی لەژێر کاریگەری ئەو شیعرەی [وەفایی]دا گوتووە....

(-) دیوانی وەفایی - محمد علي قەرەداغی - ل٢٠٥ -

# ناڵەی هۆزارێکی گیراو

فانی

ئەم پارچە شیعرە بەسۆزە هی مەمەند ئاغایە، کە لەقەبی شیعری (فانی)یەو خەڵکی مەرگەیە کە سەر بە قەزای پشدەرەو لە ساڵی ١٩٤٨ زدا ئەم شیعرەی داناوە. لێرەدا پێشکەش بە خوێنەرانی گۆشەی (شیعری هەڵبژاردە)ی دەکەین.

شەماڵ

لە ناو گۆشەی قەفەس بلبل دوێنێ
وەهای فەرموو بە شێوەی دڵ رفێنێ
ئەمن گیرام و ئازادیم لە دەس چوو
ئەما بۆ رێی فیراریشم کەلێنێ
ئەگەرچی ئادەمیزادی درۆزن
لە پێشا بۆ نەجاتیم دای بەڵێنێ
بەڵام ئێستا ئەزانێ رێم براوە
بە لاما دێت و جارێ نام دوێنێ
بە رووما دێ لەبەر جەوری ئەسیری
هەموو دەم جۆگەڵەی ئاور خوێنێ
وەها برسیم و تینوو بوومە سووژن
کەسێ مەردانە خۆم تێناگەیێنێ
لە ناو رۆژانی ئازادی ئەناڵم
وەکوو تیر لێدراوی ناو نۆینێ
دوسەد بریا لە پڕ چووبامە زاری
درندەی گەورە یا بازو شەهێنێ
ئەما بامایە، ئەم پیستایە ناکەس
بدا پێم بێ خەتا هەردەم جوێنێ
چ خۆشە رۆژی ئازادی چ خۆشە
ئەچی هەردەم بە شادی بۆ شوێنێ
کە شەو نوستی لە ناو باخ و چڵی گوڵ
کەسێ باڵ و سەرت تێك ناشکێنێ
صەبا عەتری گوڵانی پێگەیشتوو
بە رووخۆشیو گەشی ئەیباو ئەهێنێ
لە ئەم چڵ بچیە ئەو چڵ بۆ نیگای گوڵ
کەسێ لەم جێگە راشت نا پەڕێنێ
ئەوا ئێستا لە ناو داوی ئەسیری
غەمم خۆراکە نیمە غەم رەوێنێ
برینداری بەدەن نێزیکە ئێستا
وجوودی من لە بەر یەك هەڵوەشێنێ
لە خوام داوایە عیزرائیلی گەورە
بنێرێ گیانی شیریتم دەرێنێ
بڵێن با بلبلانی دی وەکوو من
گەزافی ئادەمی هۆشیان نەسێنێ
بە لافی دوژمنان هەر کەس بەقاکا
وەکوو من تۆوی بەدبەختی ئەچێنێ
وەکو زەهری هەلاهیل وایە شیری
کە دەستی موددەعی تێیکا هەوێنێ
کەسێ ویستی سەری دوژمن بەرز کا
ئەبێ تا ماوە خۆی سەرداتەوێنێ
ئەوا داوی فریبی ئادەمیزاد
لە بن را وەختە قاچم داوەشێنێ
ئەگەر فەرزا سەرم بگرن لە زێری
کە سەربەستی نەمێنێ سەر چ دێنێ
لە ناڵەی ئەو هوزارەی خەستە (فانی)
بە ئاهو ناڵەوە خۆی رادەژێنێ

# گزنگباران!





○ جەزا عەلی ئەمین ○

پیتە گوڵینەکانی هەناو ئەوانەی بە دەیان زمان دەیان وت هەر ئەوەتـا بێ ، وەك بووك دەرکـەوێ، پەلکـە زێـرینەی ئەوینی بۆ دەکەینە تاقی پێشوازی، خوا دەکا دێ گوڵ لە بەر پێی‌دا رادەخەین!

پەلکــە هەوری سپی هەنــاســەی بۆ هەڵـنادەین تا لە بەر خۆرەکـە ئاڵتـر . بێ جا شەونمی شەنگی دەردا، پاشان نیگا تینـووەکـان سەربنێن بەیـەکـەوە دڵـۆپ دڵۆپ ئاونگی گەردنی بخۆنەوە، خۆیانی پێ بشۆنەوە.

ئێی پەریخان!

نەکەی زیزبی ، لەباتی پەست بوونێ دەرووەکانی شۆخیت

بکەوە با لە هەموویانەوە بێمە ژووری!

هەرچی تامی ئەولێوە تەنگ و تینووانەیە تکە تکە وەکی هەنگوین تا گوڵە هەنگوین لە سینەما شین نەبێ دەمیان لێ نەکەمەوە!

یا چەپك چەپك هەڵاڵەی رووە بۆندارەت بکەمەوە لە تاقی دەروونما گرم، تا بۆنت لە باڵای هەردوولامان تێ دەپەڕێ!

× •

کاتێ چەپەی نەرمت
پەردەی گوێم دەهەژێنێ
بە پێی پەتی،
سەما لەسەر دەکا
بە شێنەیی دەمدوێنێ
یەکە.. یەکە
چرۆی گیانم دەپشکوێ

بدوێ، بدوێ
پۆلە مەلی سیحراوی ناو دەمی تۆ
کە هەڵدەفرن
دەگەنە لام
بە دەم پشووی دەنگیانەوە
لە دۆزەخم دەکەنەوە
بەهەشتم لێ دەکەنەوە!

بدوێ.. بدوێ
هەتا دنیا کۆتایی دێ
تا لە باتی پەست بوونێ
لە چوار کەناری دنیا
شادی دەڕوێ

، ،

تووڕە مەبە پەریزادە!
زیزیت
گوڵەکانی نێوانمان
ئەو خونچانەی بە بێ دەنگی ئاومان دەدان
پەستیت
پەلکەکانیان دەپروێنێ!
لقە ئاڵەکانی خۆشەویستی
ئەو پەلانەی
رووومەتیان لە تریفە دەسوو
تووڕەبوونت دەیانشکێنێ!
بەڵام پەری!
تۆ تووڕەش بی میهرەبانی.
وەکو هەمیشە هەر جوانی!

، ،

لەباتی زیز بوونێ، هێدی هێدی بەو پەنجە وردانە پەرچەمی گزنگ رەنگت لە هەناوما دابێنە..

وەرینی ئەو تاڵە زەردانە
بۆ هەردەی دڵ چراخانە
بووك بردنی پەری‌یانە

، ،

گەر لە هەموو ژیانتا سستیت لێ بۆتە خوو، بۆ تاوێ دایێ لە جێ بە پێی تەزانیتەوە، پاشان شانەی پەنجە لەپەرچەمتا بگێرە! هەر دای‌بێنە، تا گەرمەزام و کۆنە برینی یەك لە بان یەك گشت، هەر هەموویان داپۆشرێن، لەوەتەی هەم دۆزەخیان بۆ دەروونم گواستۆتەوە. وەرە بەپێی پەتی بە ناو دڵما تێر بگەڕێ..

× ×

ئەی سارای دڵ!
چ زوو بوویە تاسکە هەواری
گزنگ باران؟!.
چ زوو بوویە
جێ پێی پەری‌یان!؟.

شیعر

فۆلکلۆر

# هەر باڵای لەیلی لیمەو دیار بوی

○ نعمة علي سايه ○

«لە شعری فۆلکلۆری کوردی،
لەیلیو زلێخا قاپێ هاوردن»

قاپێ هاوردن پێیکردن بازی
منیش هاوردن زوورو نارازی
دوو بەی دوو تلا دوو لیموو دووسیم
هەر هەیشت وە بازی لە لەیلی دزیم
قاپێ هاوردن، قاپ چەپ بز
چك چاڵ و بك بەرز لە هەردولا دز
لەیل.قاپ گرتەو دەس، وە قاپ کرد بازی
قاپ کە ئەڵوەشان لەیل بوو وە قازی
نووره هاتە دەس زلێخای عەرعەر
ئەویش بویە وە وەزیر لەیل خاتر تەڕ
نووره هاتە من لە خودا لاڵیام
وە دەس و وەدەم ڕوی زەمینێ ماڵیام
دان لە تەپل و کووچ دزێگە گیریاگە
بارو بارخانەی لەیلی بریاگە
خاسە خولامان نەوکەران چڕی
چەن سەد تویل ئەنار لە باخان بڕی
چەن سەد تویل ئەنار جوور تلاشەی تێغ
هەر پیس ناخوێنم دەر هاورد لە بێخ
هەر پیس ناخوێنم کوو کردن لەلام
خوین فەقارەدا لە سەر پەنجەی پام
وردو ئەسیرم سوو لە بازار بوی
سەر پەنجەم وە دەس دەڵاڵ لە شار بوی
جەلادم هەفت بوی، سێ لێ تویل هار بوی
وە شەرتی باڵای لەیلی دیار بوی
نوام گەرگەڕەی گێژی گەرداو بوی
دویام ئەرکەمەن یاس پەڕاو بوی
وە قەی ئەو یاسە لاشەم وە داربوی
هەر باڵای لەیلی لیمەو دیار بوی
وەختێ کە باڵای لیمەو دیارە
نەباکم لە شاو نە لە خودکارە
خوینم وشك بویەوە ڕویزامەوە
جوور عەقیق وە بان نقرەی خامەوە

### فەرهەنگۆك

تلا = زێڕ
بز = بزن
بوی = بوو
لاڵیام = پاڕامەوە
ماڵیام = ماڵیم
چڕی = بانگ کرد
فەقارە = فوارە
بوو = ببێ
ئەڵچوو = بەرزبیتەو بۆ لێدان
یاس = شاخ، کێو
ئەرکەمەن = زنجیرە
نقرە = زیو



# چاڤێت تە

● نزار بەزاز ●

ئاوەرێت چاڤێت تە . .
پەلێت سوورو گەشن
هلماوا تەناهی‌یا دلێ من د سوژت
هزرو بیرا لناڤ سەرێ من
د کوزرینت
چاڤێت تە . .
دەریایێت کیرن
لبەر شەپولێت وان . .
ئەز پەرم
یاری‌یا بمن د کەن
من د بەن و دئینن و
د خەندقینن
رێت تە . .
لسەر جانی‌یێ میرن
لبەر دلگێریاتە . .
هەمی شوخ و شەنگێت وارێ مە
پیرن . . پیرن

لێکۆڵینەوە

# شاعیری ناو جافی شاتری حاجی برایم

○ مصطفی نەریمان ○

چیای بەرزو سەرکەشی کوردستان ، ئاوی ساف و رۆشنی چەشمەکان ، دەنگی چریکەی بولبولان، بۆنی خۆشی هەڵاڵەو گوڵان ، بوونەتە هاندەرو پاڵ پێوەنەری کوردان، تاوەکو بچنە ناو دەفتەری نووسەرو شاعیران.

ئێمەی کورد تاخوا حەزکا شاعیرمان زۆرە، یا ئەوەتا سروشتی جوانی کوردستان یان زۆرو ستەمی زەمان ناویانی لە ریزی شاعیراندا تۆمار کردووە. ، تائێستا لەسەر سەدان لە شاعیرانمان نوسراوەو دیوانیان چاپکراوەو لێکۆڵینەوەیان لە سەرکراوە، بەڵام هێشتا دەیەها شاعیری ئەوتۆمان هەن چەند ساڵێکە شیعر ئەهۆنەوەو تاکە شیعرێکیان لێ بڵاو نەکراونەتەوە یەکێك لەوانە (حاجی برایمی شاتری)یە.

جاری (شاتری) خێلێکە لەناو هۆزی (جاف)، جێ‌و شوێنیان ئاوایی وگوندەکانی دەورویشتی ناحیەی (پێوان)ی سەربەقەزای (کەلار)ی پارێزگای سلێمانی‌یە . لە چلەکانەوە (حاجی برایمی شاتری)م ناسیوە خۆی لە ساڵی (١٩١٧) لەدایك بووە، پیاوێکی سوارچاك و دلێرو نەبەردو بەوەفاو خاوەن پایەو مەقامە، خوێندەوارێکی باشە کوردی‌و عەرەبی، فارسی ئەزانێت و لەتورکیش ئەگات ، گفتولفت شیرین و زوبان بەئەدەب و نوکتەو قسەی خوشە ، کەم رێك ئەکەوێ پیاوێ وەها لەو دەشت و هەردە خەرێك کشت وکاڵ و مەڕومالآت بەخێو کردن بێت ئەمەندە زرنگ و ئەدەب دۆست بێت، رۆژێك نەی درکاندبوو شاعیرەو سی ساڵ پترە شیعر ئەهونێتەوە تا لەم رۆژانەدا لەسەر دانێکیدا رازی دڵی خۆی درکاندو دیوانە شیعرەکەی خستە بەردەستم .

ئەبینم ئەم برایە دەردو ئەندێشەی خۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و کاروباری رۆژانەی تێکەڵ بەپەندو ئامۆژگاری کردوەو لەقاڵبێکی کوردیکی لادێ نشیندا پێشکەشی کردوەو سەرباری ئەمانە هەمووی خواناسینێکی پەجگار پتەو لەدڵ و دەرونیدا رەگی داکوتاوە.

شاعیرمان (شاتری) پەیوەندی لەگەڵ شاعیران و رۆشنبیرانی دەورویشتی خۆی‌و ناوچەی گەرمیاندا توندو قایمەو هەمیشە حەزلە ئەنجومەنی روناکبیران ئەکات، لەگەڵ مەرحوم شێخ ئەحمەدی شاکەل خاوەن دیوانی (شاعیری دەشتی گەرمیان) بەشیعر لە گەڵ یەك دواون، هەروەها لەگەڵ مامۆستای پایەبەرز (مەلا عبدالکریمی بیارە - مودەرس)و لەگەڵ خوا لێ‌خۆشبو (مینەجاف ئەمین بەگی کەریم بەگ) و دەیەها نوسەرانی دیکە جگە لەئامشۆی بۆ دەزگای رۆشنبیری‌و کۆڕی زانیاری.

ئێمە لێرە بەپێی دەرفەت چەند پارچە شیعرێکی (حاجی برایمی شاتری) بلاو ئەکەینەوە تاوەکو خوێنەری کورد ئەم شاعیرەمان لەنزیکەوە بناسن.

لە یەکێك لە پارچە شیعرەکانیدا ئەڵێت:

**کۆشکی سێ قاتم (زنج) و (سەرتەنە):**
**جێی رابواردنم (کاچ) و (بنکەنە)**
**باخاتم (نەیجە)ی (نێلە گەورەیە):**
**باخێکی قەدیم چەنهای دەورەیە**
**جێگەی مەسیفم بۆ هاوین هەوار:**
**دارەکەس (خلە)ی دایم بەرزو دیار**

(زنج - کولیت) خانویەکی بچوکە لە نەیجە (قامیش) دروست ئەکرێ (سەرتەن) بەهەمان شێوەی زنج دروست ئەکرێت بەڵام بانی دیوارەکە بەنەیجە ئەگیریت لە شێوەی

تەیماندا ئەیدەن بەسەردیوارەکەیدا (نێڵە) شوێنێکە ئەکەوێتە ژووری دێی قەڵاتەپزانی سەربە ناوچەی پێوازە قامیشەڵانێکی زۆری تێدایەو لە جێگەیەکی بەرزدایە (دارەکەی خلە) جێگەیەکی بەرزە لەو ناوچەیە دار بەروویەکی لێ‌رواوە (کاچ) ئەولا شاخەیە کەلووس و باریك دێتە خوارەوە (بن کەن) ژێر کەنی شاخ.

لەم چەند دێرە شیعرەدا نموونەی‌بەکوردی‌یەتی سروشتی کوردستانی دەربڕیوەو خۆش ویستنی خۆی تیادا ئاشکرا ئەکات.

بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکو بە نەوەو وەچەکانی ئەڵێت ئێوە هەمیشە ئەبێت خۆراك و پۆشینی خۆتان مەخەنە لاوەو لە یادی نەکەن، ئەمەش نیشانەی پێ‌بەستی شاعیرە بەکەلەپووری کوردستانەوە و هەستی کوردایەتی تێدا ئاشکراو دیارە:

گەنم و دۆی سپی نۆشی گیانت بێ:
بەختیاری‌و خۆشی هاورێی ژیانت بێ
قەت تەرکی مەکە رۆژی ئەژدادت:
خواردنی دێرین نەچێ لەیادت
(دۆینە) و (ترخێنە) و (فەرەنجی) و (لەباد):
بخۆو بپۆشە پێی ئەبێت دڵشاد

حاجی برایمی خۆمان سەرکردەی خێڵی شاتری‌یە ، کە لەناو عەشرەتەکەیدا دەنگی شیعر هۆنینی بڵاوبووەوە ئەوی هۆشمەندو رۆشنبیرە دڵی‌پێ گەشایەوە بەڵام هەندێ ساویلکەو نەفامی ناو هۆزەکەی بەم رێرەوەی قایل نەبوون گوایە یەکێك خۆی بەپیاو بزانێت نابێت خۆی بە شیعرەوە خەریك بکات بەتایبەت ئەگەر گەورەی عەشرەتێك بێت ئەوا هەر نابەجێ‌یە، بەڵام شاعیرمان (شاتری) لێ‌یان راپەڕی‌و بەم پارچە شیعرە وەڵامی دانەوە:

مەرحەبا کاکە رۆڵەو دێوانە:
شوێن کەوتوی نەفس و رۆژو زەمانە
ووتبوت عەیبە بۆتۆ شاعیری:
گوایە تۆ بۆمن دڵ پڕ ئاگری
بەڵام ئەزانم نەزان ئەحواڵی:
ئاقڵی ئەمڕۆو سەروەت و ماڵی
شاعیری فەخرەو دەس کەس ناکەوێ:
مەگەر زۆر بە شاز شاعیر رێك کەوێ
گەر زانا نەبێت شیعر نازانی:
شیعرە بەهرەیە لە خوای رەبانی
لای شێت و نەفام شیعر نابیسی:
هەرقسەی بێ جێی تێت بۆ هەوەسی
ئەگەر من عەیبم هەرشاعیری بێ:
جێی فەخرە بۆمن شیعرم دیاری‌بێ
شاعیری وەها بووە لە دنیا
لە پیاوی گەورەو شێخ و عولەما
من بەیان بکەم ناوی شاعیران:
کەلەم ناوەدا هەبوون لەمەیدان
حافظ و سەعدی خەڵکی شیرازن
ئەولیای خواوزۆر صاحب نازن
کە شیعری ئەوان هەتا دوای زەمان
ئامۆژگاری‌یە بۆ گەلی جیهان
(سالم) و (نالی)و (مەولەوی) مەشهور
یا ئەحمەدبەگی (کۆماسی) مەسرور
(مەحوی)و (زێوەر)و (پیرەمێرد)ی دیار
(فائق بێ‌کەس)و (قانعی) هەژار
مصطفی‌بەگی (کوردی) فرەزان
یان ئەحمەد بەگی ناو(صاحیبقەران)
یا (ئەحمەد موختار) لە میرانی جاف
یا (تاهیر بەگی) دڵ و دەروون ساف
یا بڕوێن بۆلای شێخی تالەبان
شێخ رەزا مەشهور بەدوو سێ زوبان
شیعری داناوە لە هەجوو تەعریف
وەکو(زنجانی) مەشهور بە تەصریف

(وەفایی) مەشهور یا (مەحمود پاشا)
کەکەس ناتوانێت لێی بکا حاشا
یا (شێخ سەلامی) عازەبان هەوار
کە شیعری چەندێك پەسەندەو دیار
یا زانای عالی (مەولانا)ی مەشهور
کە شیعری ووتوە لە وولاتی دوور
لە ئەفغانستان خاکی قەندەهار
شیعری فەرمووە بەشیرین گوفتار
یا لە مشایەخ لە نەقشبەندی
ئەولیای خوا لای خوا پەسەندی
نەوەی شاعوسمان شاهی هەورامان
شیرین شا(عومەر) بیارە مەکان
یا لەبەگزادەی مەنگورو پشدەر
مەمەند ئاغا ناو(فانی)و دەربەدەر
(گیویموکریان) (دلزار)ی هەولێر
(خانای قوبادی) دڵ و دەروون تێر
یا باوەشێخی ماڵ لە (بێساران)
شێخ کاکە حمەی بێلۆ دارسەیران
یا (حاجی قادر) بە (کۆیی) مەشهور
(سەیدی هەورامی) یا (خانم مەستور)
کەلە شارەکەی سنەی کوردستان
ناوی مەشهور بوو بە (مەستورە خان)
یا (مەحمود خانی) کانی سانانی
زانای فرەزان عەهدو زەمانی
بابینۆ نزیك شارەکەی بەغدا
فەیلەسووفی دین زاناو توانا
(مامۆستا مەلاکەریمی) مەشهور
تا ئاخر زەمان فەیضێکە وەك نوور
قەت ناکوژێنتۆ تا دنیا دنیاس
ئاساری دیارە کە چەند پیاوی خواس
بابیەینو بەودەشت شیروانەو شاکەل
(ئەحمەد شاکەلی) دیارە لە سەرکەل

یا (حەمۆ مین بەگ) لەمیری کەلار
دانیشتوی گۆبان شاعیرو دیار
تەنها ئێستاکە ئەمەم لە بیرە
زۆرتری ماوە دڵم زویرە
ئەمن رەئیس نیم من خزمەت کارم
خزمەت کارێکی خزمەت نادیارم
بۆ کەلکی عەشرەت یاریدانی قەوم
دایم حازرم بەبێ لۆمەو لەوم
تەواوی نەخۆش عەیاددەی ناساغ
بۆ هاواری قەوم کزو بێدەماغ
بۆ تەعزیە چوون لەبۆ (دیەت)(*) دان
بەشوێن گیراودا دایم هەوڵدان
ئەمجار عەزیزان رەئیسی تازە:
پێشکەش بەئێوە ئەو رازونیازە
خولاصە رۆڵە رەئیسی‌یەکی من:
هەرگیز نامەوێت تا ئەچمە کفن
رەئیسی عێلێ گشت وەکو تۆبێ:
هەرزەو مەغرورو گشت نەزان گۆبێ
قەومێ نەزان لێپرسراوی بێ:
بەسەروەتی رۆژ ئەمرۆ ناوی بێ
من هەر رەئیسی ناوماڵی خۆمم:
رەئیسی ئەوزاع ئەحواڵی خۆمم
خولاصە رۆڵە من هیچ و تۆ هیچ:
رێی (قەلاتە پزان)(**) خەتەرەو پێچ پێچ

(شاتری) دوو دەفتەر پڕپڕ شیعری جۆراو جۆری هەیە ئێمە ئێستا هەر ئەم مشتەمان لێ هەڵبژاردو مشتێکیش نیشانەی خەروارێکە

(*)دیەت دان ـ مەبەستی چارەدانی خوێنە، واتا حەل و فەسڵ کردنی خوێن

(**)قەلاتەپزان: ئەوئاوایی‌یە کە حاجی برایمی تیادانیشتوە، رۆژی ئەورۆمان ماڵی دووەمی لە کەلاریش هەیە، واتە دو ژن و دوو ماڵی هەس.

# چێخۆف خەڵكی شاری سلێمانییە

مستەفا ساڵح كەریم

پێش ئەوەی ناونیشانی ئەم نووسینە یەكالا بكەینەوە با دەمە تەقێیەك لەسەر لایەنێكی گرنگی ئەدەبی بكەین كە ئەویش [وەرگێرانە]. ئاشكرایە وەرگێران ڕۆڵێكی گرنگی لە دەوڵەمەندكردنی ئەدەبدا هەیە، كتێبخانەی هەر نەوەیەك بگری دەبینی مۆركی وەرگێرانی پێوە دیارە.

هەر لەبەرئەوە بوو گۆڤارێكی وەك (گەلاوێژ) كە ماوەی دە ساڵ لە ئاسمانی ئەدەب و ڕوناكبیریی كوردیدا ئەدرەوشایەوە، بایەخێكی تەواوی بە وەرگێران دەداو هانی نووسەرانی ئەدا كە شاكارە جیهانیەكان بكەن بە كوردی و لاپەرەكانی گۆڤارەكەی پێ ڕەنگین بكەن و چاوی خوێنەرانی پێ ڕوون كەن و ئاسۆی ڕۆشنبیرییان پێ فراوان كەن.

■ ■ ■ ■

لە کاتێکدا لەم بوارەوە دەمەوێ بچمە سەرباری وەرگێڕان و نەخشەی گۆڤارەکانمان لەم بارەیەوە، نامەوێ دەست بخەمە کاری هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەك، چونکە هەریەکەیان نەخشەی تایبەتی خۆیان هەیەو لە سەری ئەڕۆن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر نابێ بە هیچ کلۆجێك لەو نەخشەیە بدوێین، چونکە گۆڤارەکان لە نیەرەتا بۆ خوێنەری کوردن لەبەر ئەوە بۆمان هەیە باری سرنجی خۆمان دەربارەی نەخشەو پلان و ڕێبازو ناوەڕۆکی ئەو گۆڤارانە دەرببڕین.

یەکێ لەو گۆڤارانەی ئیمڕۆ لە ئارادایە کە ئەویش گۆڤاری (کاروان)ە بڕیارێکی هەیە کە هیچ بەرهەمێکی وەرگیراو بڵاو ناکاتەوە ئەگەر لە عەرەبی یەوە وەرگێڕابوو، بە پێچەوانەشەوە دەرگا والایە بۆ هەموو جۆرە وەرگێڕانێکی تر کە لە زمانە بێگانەکانەوە وەرگیرابێ.

ئەم بڕیارە کارێکی وای کردووە ڕێگا لەو کەسانە بگرێ کە عەرەبی بە چاکی دەزانن و کوردیەکەشیان ڕەوان و پاراوە [چونکە زمانی تر نازانن] هەر لەو کاتەدا ڕێ خۆش بوو بۆ ئەوانەی تەنانەت کەم دابێژێك ئینگلیزی ئەزانن ئیتر گرنگ نی یە ئەگەر کوردیەکەشیان شەق وشڕ بێ.

لە کاتێکدا ئەوانەی دەستەی یەکەم دەتوانرا لە لایەن هەڵبژاردنی بابەت و چێژی ئەدەبی و پاراوی زمانەکە شیانەوە سوودیان لێ وەربگیرێ داخم ناچێ کە دەڵێم هەندێ لە دەستەی دووەم زمانەکەیان بە دەردو مەخسەرەیەك بردووە کە خوێنەر وەرگێڕانی لە بەرچاو بکەوێ سەرەڕای ئەوەی هەندێ جار دەبینین تەنانەت لە هەڵبژاردنی بابەتە ئەدەبی یەکەشدا سەرکەوتوو نین چونکە زۆربەیان بەدوای وەگێڕانی کاری ئاسانا دەگەڕێن و خۆیان لە قەرەی ئەو جۆرە چیرۆکانە نادەن کە (د. یوئیل عزیزو کاظم سعد الدین و) ئاوەڵەکانیان لە ئینگلیزی یەوە دەیانکەنە عەرەبی.

کارگێڕانی ئەو گۆڤارە بۆ چەسپاندنی بڕیارەکەیان دەرگایان خستە سەرپشت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕاون ئیتر بێ ئەوەی پسپۆرێکی شارەزای وەهایان بێ تا لەتەك دەقە ئەسڵی یەکەدا بەراوردیان بکات یان هیچ نەبێ خۆیان کەمێك ئارایشی زمانەکە بکەن، نە، هیچ کام لەمانە ڕووی نەدا بۆیە کار گەیشتە ئەوەی کە:

١ - چیرۆکی وا بڵاوبکەنەوە، پێش پازدە ساڵ لەمەو بەر لە گۆڤاری تراو بە زمانی کوردی بڵاوکرابێتەوە بێ ئەوەی هیچ سرنجیان ڕابکێشێ، (قەیچی کا) ئەوە نی یە لەسەری نووسراوە لە ئینگلیزی یەوە کراوە بەکوردی.

٢ - هەندێ بەرهەمی وا بڵاوکرایەوە کە لە هەر دێڕێکیا بەلای کەمەوە دوو جار فەرهەنگی بۆپشکێنراوە، بۆیە یەتەواوی خوارو خێچی ڕستەکان لەبەر چاوی خوێنەر زیك زاك ئەکەن.

٣ - جۆە چیرۆکی وەگێراوی وا بڵاوبکرێتەوەکە شیاوی بڵاوکرونەوە نەبن، چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە مەرج نی یە ئەو نووسەرە بە ناوبانگانە هەرچی یە کیان نووسیوە بۆ وەرگێڕان دەست ئەدەن.

٤ - چیرۆکی وامان بەر چاوکەوت کە کوردی یەکەیان ئەوەندە بێ هێزو تێك شکاو بوو، خوینەر بۆ تێ گەیشتنی تووشی تەنگە نەفەسی دەبوو.

٥ - هەر لەم بارەیەوە لە گفتوگۆیەکدا مامۆستا ئەکرەم قەرەداخی دەربارەی یەکێ لە چیرۆکەکانی ئەو گۆڤارە وتی: کاتێ بەراوردم لەگەڵ دەقە ئینگلیزی یەکەدا کرد[٣٦] هەڵەی زەقی گەورەم دەست نیشان کرد...

× × × ×

لە ئەنجامی ئەم ڕاستیانەی دەرخران نامەوێ خوێنەر وا تێ بگات کە من دژی ئەوەم لە زمانە بێگانەکانەوە بەرهەمە ئەدەبی وەربگێڕدرێ.

بە پێچەوانەوە لەو باوەڕەدام کە وەرگێڕانی چاك و سەرکەوتوو ئەوەیە لەسەرچاوە ئەسڵی یەکەیەوە وەرگێرابێ، واتە ڕاستەوخۆ لەو زمانەوە کە پێی نووسراوە، بە مەرجێ وەرگێڕ هەر دوو زمانەکە بە چاکی بزانێ و چێژی ئەدەبی هەبێ و سەلیقەی وەرگێڕانیشی بێ. چەند بەختیار دەبووین گەر بهاتایە برا پسپۆرەکانمان لوتکەی ئەدەبی ڕەسەنی جیهانییان ڕاستەوخۆ لە سەر چاوەکانیانەوە وەربگێڕایەتە سەر زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردی یان بە بەرهەمی ڕەنگینیان

دەوڵەمەند بکردایە!! بەڵام لێرەدا ئێمە لاریمان لەوانەیە کە ئینگلیـزی ئەزانن سایـان بە باشی یان بە نیـوەچڵی بەڵام کوردی‌یەکـەیـان وێـرانـە، دیـارە مەرج نی‌یـە هەر کەسێ ئینگلیزی بەباشی زانی لە وەرگێڕان سەرکەوتوو بێ، چونکە وەرگێـڕان لە خۆیـدا هونـەرێکی تایبـەتی‌یە، ئەوەتا دەبینین دەیـان کەسی لای خۆمـان بەکـەلـوریـۆسی یان تەنـانـەت ماستـەریشیـان لە زمـانی عەرەبیـدا هەیـە، واتـە عەرەبی بەبـاشی دەزانن کەچی دەبینین خۆیـان لە قەرەی وەرگێـڕان نادەن چونـکـە ئەوە باشـی دەزانـن کە مەرج نی‌یـە هەر کەسێـکیـش عەرەبی زانی بتـوانێ لە بواری وەرگێـڕانـا سەرکەوتوو بێ.

ئەوانـەی بە دوی ئەم مەسـەلانـەدا بگـەڕێن بۆیـان دەردەکەوێ چ مشتومڕێکە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لە سەر وەرگێـڕان و هەر یەکـەیـان ڕەخنـە لەوی تر دەگرێ کە گوایا دەقە ئینگلیزیەکە مەبەستی ئەوەیەو وەرگێڕیش بە جۆرێکی تری لێك داتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکـەن هەمـوویـان پسپـۆڕو خاوەن تاقیکـردنەوەن وەك: (د. محسن موسوی)، (د. عبد الستار جواد)، (د. عبد الـواحـد لؤلؤه)، (کـاظـم سعـد الـدین)، (نجمـان یاسین)... تا ـ د. بە لایەنی خۆشمانەوە هەر لەو کاتەدا چەندین کەسی وا هەن کە هەرچەندە بەرهەمەکە لە زمانی عەرەبی‌یـەوە وەردەگێـڕن، بەڵام چونکـە شارەزاییـان لە هەر دوو زمانەکەدا هەیەو ئەو سەرچاوەیەی لێوەی وەردەگێڕن باوەڕ پێکراوە بۆیە لە کارەکەیاندا سەرکەوتوون و خوێنەر چێژ لە وەرگێڕانەکەیان وەردەگرێ.

* * * *

ساڵێکیان لە تەك چەند هاوڕێیەکدا لە شارێکی بەری ڕۆژئاوای وڵاتدا لە خانوویەکدا پێکەوە گوزەرانمان دەکرد، دیـارە چەنـد کەسێ بۆ ماوەیـەکی دوورودرێژ پێکـەوە بژین شارەزای گەلێ لایـەنی ژیـان و گفتـوگـۆو هەڵسو کەوتی یەکتری دەبن.

برادەرێکمان خەڵکی ناوچەی [ڕانیە] بوو بە پێکەنینەوە پێی ڕاگـەیـانـدین کە هەنـدێ کەسی خەڵکی سلێمـانی لە ئاخاوتنا وشەی [ئەمانە] زۆر بە کاردەهێنن بۆ نمونە دەڵێن:

«چـوومـە بازاڕو ئەمـانـە»، «خـەریکی کڕینی سەوزەو ئەمانە بووم»، «نەخۆش کەوتم وئەمانە»، «دەرمانی و ئەمانەم زۆر خوارد»....تا... د کاتێ ئێمەش وەك ئەو برادەرە خۆمـان بۆ هاوڕێیـەکی ترمـان نایـەوە بۆمـان دەرکەوت کە ڕاستـە، هەنـدێکمـان ئەم وشـەیە بە حەق و ناحەق بە کار دەهێنین بە ڕادەیەك کە هەموو کەسێ دەرکی پێ بکات، ئەشێ ئەمە جورە ڕاهاتنێ بێ لای هەندە کەسێك.

لە کاتێـکـدا ژمـارەی مانگی شوبـاتی ئەو گۆڤـارەم دەخـوێنـدەوە کە لەم وتارەدا وا پەنجـەم بۆ ڕاکێشـابوو، شانـۆگـەری‌یـەکی چیخۆفم بەر چاو کەوت لە ئینگلیزی‌یەوە کرابوو بە کوردی دەستم کرد بە خوێندنەوەی... ئەوەندەی پێ نەچـوو پێکـەنـین گرتمی، برادەرە ڕانیـەییـەکـەم بیرکەوتەوە... زیاتر پێکەنینم هات، چونکە کوتومت لەوە ئەچـوو [چیخـۆف] لە سلێمـانی ژیـابێ، یان ئەوەتـا ئەو برادەرانەی خەڵکی سلێمانی کە وشەی (ئەمانە) بە زیادەوە بە کار دەهێنن دەبێ خزمی (چیخۆف) بن، یان هیچ نەبێ لەوەوە فێـری ئەو خووە بوون کە ئەم وشـەیـە ئەوەنـدە بڵێنەوە... ئەوەتـا لەم شانـۆگەریەی چیخۆف دا (٨) جار وشەی (ئەمانە) بەرچاو دەکەوێ وەك لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە.

١ ـ سوپاس و ستایشم هەیە بۆ دوعا بە خێرەکانت و (ئەمانە).

٢ ـ گرەو ئەکەم پڕ بە دڵ خۆشی دەوێیت و (ئەمانە).

٣ ـ کرێیان نەدەدا بە نەنکت و (ئەمانە).

٤ ـ بەڕێز مەسەلەکەت گەیاندە دادگاو (ئەمانە)!

٥ ـ دەتنـاسـم ئەوە هەر بۆ ئەوە وەستـاوی تا مەسـەلـەکـە بگەیەنی بە یاساو دادگاو (ئەمانە).

٦ ـ ڕەدووی ئەندازیارێکی میعماری کەوت و (ئەمانە).

٧ ـ ئەوە هاتەوەو (ئەمانە).

٨ ـ ناتالیا ڕازی بوو (ئەمانە).

تۆ بڵێی چیخـۆف پێش خەڵکی سلێمـانی (ئـەمـانـە)ی بەکـار هێنـابێ! بە ڕاستی سەرم لەم کارە سوڕمـاوە!

چونکەوشەی (ئەمانە) کە لەوەو پێش باسمان کرد چۆن لە ئاخاوتنەکەدا بەزەقی دوورئەکەوێو دیارە چۆن ترنجاوەتە ناو رستەکانەوە ئاواش لەم شانۆگەری‌یەدا مۆرکی ئاوەکێتی پێوە دیارە.

ئەمجا بێجگە لەو وشەیە چەند جارێکی تریش وشەی (ئـەم شتـانـە)و (ئـا لەو بابـەتـانە)ی تیٚ‌دا بەکار هێنراوە کە ئەوانیش خزم و کەسوکارو ناسیاوی وشەی (ئەمانە)ن.

١ ـ شاڵ و دەست کێش و (ئەم شتانە)

٢ ـ هەڵبگیرسێنێ (ئا لەو بابەتانە)

٣ ـ خوازبێنی‌و (ئەو شتانە)!

٤ ـ زۆر تۆکمەو پتەوو (ئا لەو بابەتانە).

٥ ـ راوە رێوی‌و (ئەو شتانە)

٦ ـ خەڵکی بشێوێنی‌و (ئەو شتانە)

سەرەرای ئەم سرنجـانـە، لەم شانـۆگـەری‌یـەدا زاراوەیـەکی سەیـرم بەرچـاو کەوت وەرگێـر لە شوێنێکـدا نووسیـویـەتی: «نـەنکی پوورم» ئەمەیان لە مەتەڵ دەچێ! چونکـە پوور ئەگـەر خوشکی دایـك بوو ئەوا دەبێ بوتـرێ (نـەنکی دایکم)، ئەگـەر خوشکی باوکیش بوو دەوتـرێ (نەنکی باوکم)، ئیتر نازانم لە کوردەواریدا (نەنکی پوورم) لە چ خانەیەکدا جێ‌ی ئەکرێتەوە!!

ئەم شتانەم وەك نموونە ورووژاند بۆ ئەوەی دەری‌بخەم کە ئەو بریارەی ئەو گۆڤارە پێرەوی دەکات لە جێ‌ی خۆیدا نی‌یە، هەرگیز مەرج نی‌یە هەر کەسێ سمێڵی سوور بێ هەمـزاغـا بێ‌و هەر بەرهـەمێ لە ئینگلیزی‌یەوە وەرگێرابێ، بێ‌خەوش بێ‌و شایستەی ستایش بێ.

لێـرەدا دەمـەوێ ئەوەش بڵێم: من لە لای خۆمـەوە ئەو برادەرەی ئەم شانۆگەریەی لە ئینگلیزیەوە کردووە بە کوردی زۆرم خۆش دەوێ‌و رێـزی تایبـەتیم بۆی هەیـەو هیـوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، هەرگیز لۆمە لەو ناکەم ئەوەندەی بەرۆکی ئەوانە دەگرم کە بۆ چەسپاندنی بریارەکەیان هەموو جۆرە شتێك بڵاو دەکەنەوە بە هەموو کەم و کوری‌یەکیەوە!!

* * * *

لە ئەنجامدا ئەشێ هەندێ بڵێن، ئەوەی لە عەرەبی‌یەوە تەرجەمە دەکرێ لەوەو پێش بە عەرەبی خوێندوومانەتەوە ئیتر چ پێـویست بەوە دەکـات بکـرێن بە کوردی، بۆ وەڵامی ئەوانە دەڵێم:

تا ئێستـاش گەلێـك لە خوێنـەرانمـان عەرەبی‌یـەکـە بە چاکی نازانن بۆیە بە پەرۆشەوە پێشوازی بەرهەمە کوردیەکە دەکـەن، جگـە لەوەش مەرج نی‌یـە هەمـوو بەرهـەمێکی عەرەبی بەردەست هەمـوو خوێنـەرانمان کەوتبێ، هەروا بۆ نموونە بەر لە دوو ساڵ لەمەو بەر چیرۆکێکی ڤیرجینیاو ولفم لە عەرەبی‌یەوە کرد بە کوردی‌و لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوم کردەوە، ئەم چیرۆکە (٣٠) ساڵ لەمەو بەر لە تەك چەند چیـرۆکێکی هەڵبـژاردەدا نووسەری بەناوبانگ (جبرا ابراهیم جبرا) لە ئینگلیـزیـەوە کردبـوویە بە عەرەبی‌و لە دووتوێ‌ی کتێبێکـدا بڵاوی کردبـونـەوە، وە تەنیـا ٢٠٠٠ دانەشی لێ چاپ کردبـوو، ئایـا ئەبێ چەنـد خوێنـەری کورد ئەو چیـرۆکـەی بە عەرەبی خوێنـدبێتـەوە؟ ئایا وەرگێـرانێ ئەو چیرۆکە لە سەرچاوەیەکی وا باوەر پێکراویشەوە بۆ خوێنەری کورد سوودبەخش بوو یان نەء؟

یان گۆڤـارێـکی وەك (أسفـار) کە بە مانـدووبـوون خوێنـەری لای ئێمە تاك تاکـەیـەکی دەستگیر دەبێ ئەگەر چیرۆکێك یان شانۆگەری‌یەکی لێوە تەرجەمە بکرێ، ئاخۆ ئەم کارە خزمەتی خوێنەری کوردیدا ناکات؟

لە تەك ئەمـانـەشـدا ئەوە دووبـارە دەکـەمـەوە کە دەبێ وەرگێـرەکـە شارەزاو بە سەلیقـە بێ‌و هەردوو زمـانـەکەش بە چاکی بزانێ سەرەنجـام... هەنـدێ بریـار، یان نەخشەو پلان لە هەندێ لە گۆڤارەکانمانا یان لە دەزگا رۆشنبیری‌یەکانا هەن خزمەتی خوێنەری کوردو روناکبیری کوردی ناکەن، لەبەر ئەوە وا چاکترە چاویان پێدا بگێرنەوەو جۆرە نەرمی‌یەك لە پێناوی ئەدەبەکەدا بەکار بهێنن... بەرانبەر بەوە دەست لە سەر لایـەنێکی تر دابگـرن ئەویش ئەوەیـە کەبـەرهـەمی رەسـەن و سەرکـەوتـوو بڵاویکـەنەوەو رێگا بە شتی بێ پێزو نابـووت نەدەن... هەر بەم پێ‌وەدانـەش هانی وەرگێـرانی ئەدەبی بەهـادار بدەن چونکـە کتێبخـانـەی کوردی تا دەوڵەمەندتر بێ ـ بە بەرهەمی چاك ـ هەرکەمە..

# رکاوی و هوزانەکا سروشتی

○ وەصفی حسن ردینی ○

بیٚ گومان سروشتی کوردستانیٚ بیٚ بویە کانیکا ئیلهامیٚ بو گەلەك هوزانڤان و هونەرمەندا ژ کەڤن دا هەتا نهوو ئەگەر ئەم باش لدویڤ ڤیٚ چەندیٚ بچین دیٚ بینین هوزانیٚت جزیری و خانی و بریفکی و باتەیی و نالبەند... هتد پرە ژ بەحسکرنا سروشتی.

[رکاوی] ژی وەك هوزانڤانەکیٚ کوردو ئەوی ژی گەنجینیا خویا بوراندی لناڤ دول و نهال و دآربەری و دارکنیٚریاو گول شلیٚرا، تەراش و بەریاو پەز کویڤیا.. مەلبەت ئەو ژی گەلەکیٚ داخبار بوی بڤی سروشتی رەنگین و بیٚ رابوی هوزانا خو یا کریە کامیرەو بومە ب ریٚکا هوزانا خو یا خواریٚ ئەڤ ویٚنیٚت قەشەنگ هەلبژارتینەو تومار کرینە.. ب راستی ئەڤ هوزانا رکاوی یاخواریٚ یا پر وینەیەو پر مفایە چنکو تیٚکدا بەحسیٚ گولایەو کاچەند توخمن و کیشی گول یان دار یان فیقی بو دەرماناو نوژداریٚ یا باشە... هتد.

بەلیٚ بەری بچینە لسەر ناڤەروکا هوزانیٚ دائافریەکیٚ بدەینە ژینا هوزانڤانی:-

رکاوی بیٚ کو ناڤی وی بیٚ دروست [شیٚخ بشیر شیٚخ محمد طاهر]ە کوریٚ هوزانڤانیٚ بەرکەفتی (حزنی بریفکی)یە ل سالا (١٩٠٨) لگوندیٚ بابایٚ لچیایٚ مەقلیبیٚ لدەڤەرا قەزا ئیسفنیٚ هاتیە دونیایٚ. خواندنا ئاینی لنك بابیٚ خو خاندیە، پاشان خواندنا سەرەتایی لمویسل بدویماهی ئینایە.. چەند سالەکا بیٚ بویە فەرمانبەر لدهوکیٚ و ئامیٚدیێ و نهومالی وی یا ل باژیٚریٚ مویسل ویا هەژی گوتنیٚ ئەوە رکاوی ئەڤ هوزانا خواریٚ ل سالا (١٩٣٥)یٚ یاڤەهاندنی:-

گەلەك گەریام لجهیٚ کوردا
وەکو جهیٚ وان قەد نینە
لهەمو چولا لهەمو عەردا
جوم و جەلال لیٚ بارینە

× ×

سەریٚت ژووری لبەر کەڤیا
سوسن و هەلال سەرکەتینە
لهەمو بەر شاخ و ناڤ زەڤیا
کەسك و صورو سپی شینە

× ×

هەلال و سونبل و بەیبین
ژ بنەفشیو ئاسمینە
شلیٚرو نیٚرگزو نەسرین
بوهارا کوردا رەنگینە

ل لاتیٚت ژووری ناڤ دەشتا
نیسانوکا جوان سەرهەلینا
تو دیٚ بیٚژی ئەو بەهەشتە
شەڤبوو لەیلانك و رازقینا

ژ گیا صوریازو سێ بسکا
ترشوك و لیش و کویزرکا
لناڤ دەشتا لسەر گرکا
دول و نهال تە ژبیینە
گیابەند حەکیم سەر بەخویە
چ محتاجی وەسفێ نینە
برین چێکر هەواژویە
ئەوە ساخ دکەت برینا
× ×
رەهـ رێڤاس و قەسەل مەحمید
طەبیبان ئەو ژێ گرتینە
دەرمانێت صەیدەلی خانا
هەمی ژ چیایێت ژوورینە
× ×
ژ دارا چیایێوا تێرن
تەژی دار مازیو کنێرن
بەریو کەزان بێ هەژمێرن
کروسکێت خوش و شرینە
× ×
طەوك و گوهیشك گەلەك زورن
بێمك و تفسك ژحەد بورن
هەلهەلوکێت زەرو صورن
فەقیرو ژار بێ خەنێنە
× ×
بەر چەل تەژینە ژ کویڤیا
ژ شفرو بزن و نێرییا
پلنگ و هرج رویڤیا
چەل و چیایێ وان تەژینە
× ×
چیا تەژینە ژ طەیرانە
سەرێت ژوری لبەر جەلانە
خوش دهێت قەب قەبا کەوانە

× ×
کەو قەومەکێ گەلەك بوشە
دەنگێ کەوی گەلەك خوشە
نە وەك گوندی یێ مەدهوشە
کەو طەبرەك خەم رەڤینە
× ×
خوش دهێت ڤیت ڤیتا بولبلا
قومریو هەزارو عەندلا
ڤێکرا دبێن ب بەك دلە
جهێ کوردا هەمو ژینە
× ×
گەلەك بخێر هاتی بوهارە
لبەر کەڤیا ل نزارا
سێرانێ چونە بن دارا
هەمو کەیف خوش و بکەنینە
× ×
هلو بنێرە سەیرانیا
لسەر جوما لسەر کانیا
ڤێکرا د هەژینن کەڤیا
دەواتا رەش وان گرتینە
ژ مێرك و چیمەن و کانێ
ژ دار وبارو حەیوانێ
رکاوی زور ژێ نەزانێ
خودا خێرێ بو وان بینە
× ×
تێبینی

بو ژێدەتر شەهرەزایی و نیاسینا رکاوی و هوزانێت وی بنێرە گوڤارا بەیان هەژمارا (١٠١) سالا (١٩٨٤)، گوتارەکا بەرفرەهـ یالسەر هەی ژ نڤیسینا خودانێ ڤێ گوتاری یە.

# دەمەتەقێی ژمارە

سەعید زەنگەنە



[دەمەتەقێی ئەم ژمارەیە لەگەڵ مامۆستا (عبد الله سراج)ی چیرۆك نووسدایە]

کردومانە بە خوو پاش نەمانی نووسەران و هونەرمەندانمان باسیان دەکەین و ژیان و بەرهەمەکانیان دەنرخێنین: ئەی تاکولە ژیاندان بۆچی باسیان نەکەین؟.. چاکترین پێناسەو باس کردنیش ئەوەیە کە نووسەر یان هونەرمەند خۆی بیڵێت یان بینووسێت.... چونکە ئەمە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی بێگەردی پاشەڕۆژ... خوێنەرانی ئەمڕۆش ئاشنای ژیانیو بەرهەمە کانی ئەو نووسەرو هونەرمەندە دەبن کە دە ەتەقێی لەگەڵدا دەکەین.

لەم بوارەدا چەن پرسیارێکمان ئاڕاستەی مامۆستا «عبد الله سراج»ی هونەرمەندو چیرۆك نووس کرد، ئەویش بە دەنگمانەوە هات و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:

لە کۆڵانی (سەیسەروەر)ی سەربە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٣٧دا هاتومەتە دونیاوە. ئەم کۆڵانەش بۆتە گۆڕەپانی یەکەم ڕۆمانم (هەڵکشان بەرەو لوتکە)و لەوێدا ناوی ڕاستەقینەی دراوسێکانم تۆمار کردووە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییم هەر لە شاری گاوربــاخی تەواو کردو چومە خولی پەروەردەییو لە ساڵی ١٩٥٥ بووم بە مامۆستای گوندی (هەفتەغار) بێگومان ئەمیش لە هەمان ڕۆماندا دەردەکەوێ کە چۆن بە شەمەندەفەر دەچومە ناو دێو بە شەوانە سەگ تێم دەورووکان. لە ساڵی ١٩٨٥دا خانەنشین بووم پاش ئەوەی سی ساڵی ڕەبەق مامۆستایی ـ بیست ساڵی بە وتنەوەی ئەلف وبێو ئەوی دیکەی بە وتنەوەی نیگار لە ناوەندیو سەرەتاییەکاندا.

دەرفەتێکی چاکە بڵێم کە یەکەم چیرۆکم (ڕاوە گورگ) لە گۆڤاری (بەیان)ی خۆشەویست دا بۆ بڵاو کرایەوەو بەمەش زۆر شادمانم. ئەمڕۆکەش لەسەر لاپەڕەی هەمان گۆڤاردا ڕێزم لێدەگیرێو پرسیارم لێ دەکرێت. پێش ئەو چیرۆکە، لە گۆڤاری (ڕزگاری)دا، ژمارەکانی (١١ ـ ١٢ ـ ١٣) شانۆ نامەی (کورەی ئاسنگەر)م بڵاو کردەوە. لە یەکەم چیرۆك سێ دینارم وەرگرت و دوو دیناری تریشم خستە سەر بۆ ئەوەی پاسکیلێکی سێ پاچکە بۆ نۆبەرەکەم بکڕم، ئەمەش لە پۆستەرە چیرۆکی (پاسکیل)دا دەردەکەوێ. هەتاکو ئەم کاتە، سێ کۆمەڵە چیرۆکم بەچاپ گەیاندووە، بێجگە لە زنجیرە لێکۆڵینەوەیێکی هونەری لەمەڕ شێوەکاریو لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە سیویەك ژمارەدا هاتە بڵاوکردن. یەکەم کۆچیرۆکم (لاکێشە ڕووناکەکان)و دوابە

دوای (مردوو خەون نابینێ) لە ساڵی ١٩٨٠و ١٩٨١دا، پاشان (بارام ناوێك هەبوو) لە ساڵی ١٩٨٢دا بەم زووانەش کۆچیرۆکی (پەڕەنگ) دەبەخشمە کتێبخانەی کوردی کە بریتی یە لە دوانزە چیرۆك، هەروەها هیوادارم ڕۆمانی ناویراوم بگاتە گەرووی چاپخانە، بەلامیشەوە مەبەستە چونکە ئەزمونی یەکەممە لەم بوارەو گەلێ لایەنی هونەری و تازەگەری و ڕێبازی جۆربەجۆرەکانم تیّدا ئاوێتە کردووەو کەڵکی زۆریشم لە قسەی نەستەق و فولکلۆرو بەندوباوی میللی وەرگرتووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە تۆمارگەیێکی زیندووە لەمەڕ مێژووی شارەکەم و ئەو ژیانگەیەی تیّدا پەروەردە بووم.

لە هەردوو دیداری چیرۆکی کوردیدا، بەشدار بووم، لە یەکەم دا؛ چیرۆکی (١/٢، ٨ بەیانی و١/٢، ٨شەو)م خوێندەوەو لە دیداری دووەمیش دا؛ چیرۆکی (برایم شۆراوی). ئارەزووی تایبەتیم ئەوەیە بەرهەمەکانم بە گوێرەی مێژووی نوسینیان جارێکی تر لە بەرگێکی قەشەنگ و بیّ هەڵەدا لە چاپ بدرێنەوە. ئامانجی گشتیم ئەوەیە فراوانتر ڕێگای بەرهەمی داهێنەرانە بدرێت، بیّ ئەوەی ناوی نووسەرەکە ببێتە پەساپۆرتی بڵاوکردنەوە، ئەوساش کەڵە نوسەرو کەڵە ڕەخنەگرو کەڵەو... کەڵەکان لە جێگای شیاوی خۆیان دەچەسپێن.

---

پرسیارەکان

---

**پ: بەرێزتان نووسەرو هونەرمەندن، پەیوەندیی نێوان هونەرو وێژە چی یە؟**

و: لە ڕەچەڵەك دا، نووسین کارێکی هونەرکاری یە. دەبینین هەمیشە ئەو نووسەرانە سەرکەوتوو دەبن کە لە هونەرێك پتر شارەزان و لە کارە سەرەکی یەکەیانا تەوزیفی دەکەن. بەڵێ، ڕاستە هەر هونەرێك زمانی خودی خۆی هەیە، بەڵام لە کرۆك و بنەمادا؛ یەك دەگرنەوە، ئێستا بارەکە لام بەم جۆرە دەکەوێتەوە: ـ من کە جاروبار پەنا دەبەمە بەر ڕەنك و هێڵ و بۆشایی و بیّ دەنگی و ڕەزم (ایقاع)و کۆلاج و مۆنتاجی کات و مۆنتاجی جێگاو... هتد، لەبەر ئەوەیە وشە بە هانامەوە نایەت، یان کە تابلۆیێکی هونەری بە وشە دادەڕێژم؛ دەمەوێ بڵێم: بە مەرەکەبی ڕەشیش لەوزەمان دایە نیگاری ڕەنگین بکێشین، هەر وەهاش لەمەڕ بەکارهێنانی گفتوگۆ (الحوار) لە چیرۆك دا کە سەر بە شانۆیە، یاخود سوود وەرگرتن لە ڕەزمی هەڵپەرکێ و مۆسیقاو بۆشایی و سێبەر لە تاشین و هەڵ کۆڵین.

لە بارەی چیرۆکەکانمەوە زور کەس هەستیان کردووە کە هەوێنی هونەری شێوەکاریی تیّدایەو تەنانەت، برادەرێك نیازی وایە باس لە ڕەنگ و هێڵ و تابلۆ بکات لە تۆیی چیرۆکەکانم. سەرەڕای ئەوەی گوتم، دەبینین هونەرمەندانمان دەست دەدەنە خامە بۆ دەربڕینی هەستی ناخیان و شیکردنەوەی بۆچوون و ڕێبازو ئەفراندنەکانیان، ئەوەشی سەربارییێت کە لەم چەند ساڵەی دوایی یەدا؛ بووە باو کە تابلۆ کەڵك لە شێوەی پیت و دەنگدانەوەی دەستەواژەو ناوەرۆك و هێمای هۆنراوە؛ وەربگرێ بە تایبەتی لای هونەرمەندە تاك مەوداکان (البعد الواحد)و هونەری داماڵراو (التجرید = ABSTRACT)و لای خومانیش، هەندێ هونەرمەندی سۆفی مەشرەب، خۆیان لەو شەپۆلە داو بگرە (چیرۆك)یانیش گلاندە تاقیکردنەکەوە. ئەوەی منیش کردوومە، بە پێچەوانەوە، هەندێ لە زمان و تایبەتی یەتی ی ئەو هونەرانەم خواستووە بۆ نوێ کردنەوەو پتەو کردن و جوڵاندنی ئەدەبەکەمان، بە نموونە لە چیرۆکی (فانتازیاو تابلۆیێکی کێوی) فانتازیاکە لەوەدایە، بۆچوونی خۆمم تۆمار کردووە لە بارەی ڕەنگە سەرەکی یەکان و تێکەڵاوکردنی تۆنەکان وەکو هێماو ڕەمز.

هەر لەو چیرۆکەدا، چەند تابلۆیێکم نیگارکێشاوە هەر بە وشەو بەس کە لە دوارۆژدا، هونەرمەندێك یان خۆم بۆم بلوێت ئەو نیگارە وشەیی یانە بکەمە نیگاری ڕەنگ و وهێڵ.

بەلای منەوە، گرانترین و کاریگەرترین هەڵوێستی نووسەر لەوە دایە، لە چ گۆشەنیگایێکەوە دەڕوانێتە بابەتەکەی و چۆن وێنە هونەری یەکان هەڵدەبژێرێ و بە کامە وشەی ڕەنگین و کامە ڕستەی

ئاهەنگێڕ ناواخنی بەرهەمەکەی دەنێرێتە چاوو گیانی خوێنەر، دەنا چی زۆرە؛ ناوەڕۆك زۆرە. چی زۆرە؛ ژان و بێدادی... زۆرە. هەڵبەتە نووسەری کارامە دەتوانێ چلۆن ئەو بابەتانە داڕێژێتە ناو بۆتەیێکی هونەرییەوە. لێرەدا دەرفەتێکی باش و لەبارە ئەگەر پەنجە ڕاکێشم بۆ پەیوەندیی توندی نێوان هونەرەکان لە بان تەختەی شانۆدا، یان لە تەلەفزیۆن و سینەمادا، ئەو دیمەنانەی کە بە وشە نایبیسین بە چاو دەیبینین.

**پ: ئەڵێن: مەسەلەی ویژدان، یەکەم چیرۆکی کوردییە، بەڕێزتان ڕاتان چۆنە؟**

و: هەر بەڕاستیو ڕەوانی، ئەم شتە بوو بە مەسەلە!! بەلای منەوە، دروست نییە بریارێکی موتڵەق بدرێت چونکە دەشێ پێش ئەو دوو چیرۆکەی کە مشت ومڕیان لەسەرە، چیرۆکی تر نوسرابێت.

وەلێ، دەبێ پێوەری هونەری بەردی مەحەك بێت نەك شتی تەسکیتر بەش بەحاڵی خۆم، یەکسانە لام ئەگەر مەسەلەی ویژدان یەکەم چیرۆك بێت یان ئەو چیرۆکەی کە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا م ناتەواوی بلاو کراوەتەوە یاخود هەر چیرۆکێکی دیکە. جا با ئەم مەسەلەیەش نەکەینە مەسەلەکانی ترو دڵمان بە دەیان و سەدان لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بسووتێ. هەندێك ئێستاش لە ژێر لێوەوە هەر مرەیان دێت ئایا: (ڕەخنەو ئەدەبەکەمان لەکێشەدایە)و (بۆکێ بنووسین و...) دەڵێم: دەمێکە گشت وەلامی ئەو کێشەو پرسیارانە دەزانین و کەچی هەندێ کەس هەلاچی بە وشە دەکەن و فوو لە هەمبانەی ڕزیودا دەکەن، ئەگەر هاتو سەرپشك کرام کە تەنیا لە نێوان ئەو دوو چیرۆکەی ئێستاکونی لەبەر لووت دان، وا سەرەڕای ناتەواویش، دەنگ بۆ چیرۆکەکەی گۆڤاری ڕۆژی کورد دەدەم.

**پ: پۆستەرە چیرۆك چ دەبەخشێ؟**

و: بەرلەوەی هەندێ پۆستەرە چیرۆك بنووسم، گاڵتەم بەم جۆرە دەهات و زۆریش بە ئاسانم دەهاتە پێش چاو، بەلام کە خۆم لە قەرەی دا، تووشی کێشمەکێش و کارێکی سەخت هاتم لەمەڕ خەستکردنەوەی ڕستەکان و هەڵچنین وشەی گونجاو هەڵبژاردنی گۆشە نیگای هونەرئامێز، چونکە هەر وشەیێك سەنگی خۆی هەیەو هەر دەستەواژەیێك نە دەبێ تەسك بێت یان دەڵب وفش بگرە فیت و پڕاوپڕی بیرۆکەی ئەو پۆستەرە چیرۆکە بێت. هەروەها هەندێك بە هەڵەدا دەچن ئەگەر وا بزانن ناوەڕۆکی چیرۆکی کورت و ناوەڕۆکۆکەی پۆستەرە چیرۆك، هاوشانی یەکتریو تەریبن. بەهەرحاڵ، پۆستەرە چیرۆکم بە خزمی کورتە چیرۆك زانی بۆیە نۆمائەسپی خۆم تێدا تاو دا. وەلێ ئەو جۆرە دەربڕینە، بە زمانێکی پاراوی نازانم بۆ لە باوەش گرتنی ژان و خولیاو کێشەو ئامبازبوونەکان. بێگومان نووسراو هەرچەندە کورت بوو بە گوێرەی ئەوە مەودای بڕکردنی کورت دەبێ.

لەم دواییەدا، دە پۆستەرە چیرۆکم لە (بەیان)دا بلاوکردەوە، خۆ ئەگەر هاتو پرسیارێکم لێ بکرێت: ئەی بۆ پەنات بردە بەر پۆستەرو...؟ دەڵێم: ئەو ناوەڕۆکانە هەندە لەزگین و بە پەلە بوون لە دیوی ژوورەوەم دا، بۆیە ئەو کالایانەیان بۆ خۆیان دیاری کردو بۆم هەیە هەر یەك لەو پۆستەرانە بە سکێچێکی ئاوبۆیە بچوێنم. پێشنیارم ئەوەیە، چیرۆك نووسی لاو خۆی لێ دوور بگرێت چونکە ئەم پۆستەرانە وەکو سەراب وان، ڕووکەش و فریو دەرن، بۆیە سەلیقەو ڕاهێنان و هەستێکی ناسکیان پێدەوێ

**پ: گەلێ چیرۆکتان هەیە، کەسەکانی نامۆ نین هەر وەهاش شوێنی ڕووداوەکان، بەلام هەندێك ئەڵێن. ڕستەکانی نامۆن!**

و: خەمی سەرەکیو مەراقی هەمیشەییم لە هونەری چیرۆکدا، نوێ خوازیو خۆجێهێشتنە. دەمەوێ لە هەر چیرۆکێکدا، هەنگاوێك نوای چیرۆکی رابردووم بکەوم. ناوەڕۆکی تازەو بە شێوەیێکی نوێ بیخەمە پێش چاوی خوێنەرانم و نەوەی تازە ڕسکاومان. وشەکان لە مانا

سواوەکانیان یاخی بین و دەستەواژەکان خوێنەر ڕابگرن بۆ دامان و بیرکردنەوە، وێنەکان سەرنج بکێشن و دووربن لە ئاسایی و نزمی. زۆرجار ئانقەست وشە لە مەبەستە فەرهەنگی یەکەی دادەبڕم و مەبەستێکی، تری پێ دەسپێرم.

وێنەی ئەوتۆ دەکێشم کە خوێنەر ڕاچڵەکێ و دووبارە بە ڕستەکاندا بچێتەوە، وشە دەقرتێنم، ڕستە بە ناتەواوی دەهێڵمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر پڕی بکاتەوە. بۆشایی بە شێوەیێکی ئەوتۆ بەکار دێنم کە جێگەی وشە بگرێتەوە. بە نموونە لە بری ئەوەی بڵێم (لە شەقامەکە پەڕییەوە) وتوومە (شەقامەکەی سەربڕی) یان (تەماشای ئەو بەری کرد)م گۆڕیوە بە (هەردوو گلێنە چاوی نارده ئەو پەڕی جادەکە) یان (دەستی نارده گیرفانی)و (نیگای بە پەنجەرە ڕووناکەکەوە هەڵواسران) لەم داهێنان و وێنەکیشانە تازانە، نووسەر لە خۆ جوینەوەو سوان بە دوور دەبێت و مێشکی هەمیشە لە پشکنین و ئەفراندن دا دەبێت.

جاری وا هەیە - وەکو پێشتر گوتم - لە دەرگای زمانی شانۆو هونەری شێوەکاریو سینەما دەدەم. یان ئاماژە بۆ تابلۆیێکی بە ناوبانگ دەکەم، یان ڕستەی کەڵە نووسەرێك دەخوازم بۆ پشتگیریی دەربڕینەکانم. جاری واش بووە (کات)ی جیاجیاو (جێگا)ی جیاوازم تێکەڵ دەبن هەر وەکو چۆن لە مێشکمان دا تێپەڕ دەبن و هیچ سنوورێکیان لە نێوان دا نی یە. جا لە کاتی وادا پەنا بۆ خاڵبەندیو کەوانەکان و پیی کاڵ و ڕەش دەبەم. ئەمانەو هەندێ خاڵی وردی تریش بوونەتە هۆی ئەو درەنگ خۆ بە دەستەوەدانەی چیرۆکەکانم. بەڵام هەمیشە وتوومەو دەیڵێمەوە کە بەرپرسیارم لە هەر دێڕێك نووسیومەو لە هەر هەڵوێستێك کە تۆمارم کردووەو... یان لە هەر فۆرمێك کە ناوەڕۆکەکەم پێ دەبڕیوە، لێرەدا دیسانەوە دەرفەتی ئەوە نی یە بە درێژی باس لە مەسەلەی ناوەڕۆك و شێوەکە بکەینەوە، چونکە دەمێکە بڕدراوەتەوە، بانگی محەمەد ئاشکرا خۆشە، من بۆیە دەنووسم چونکە دەمەوێ شتێکم لەلایە بیڵێم و بیدرکێنم، هەندێ جار وا پێویست ئەکات بیخەمە بوتەیێ ئەوتۆوە کە لێم بکرن. بە هەرحاڵ ئەمە شێوەی چیرۆکی منەو وابزانم لاوان و ڕۆشنبیران (متابعە)ی چیرۆکی چاك دەکەن و برێك هەمیشە دێنە لام و لە خۆم چاکتر لەمەر

بەرهەمەکانم دەدوێن. ئێستاکە وەختی ئەوەیە بڵێم: نەخێر وشەکانم، ڕستەکانم نامۆ نین بەڵام ڕاو باوەڕەکانم هەندێ جار لە پەنای سکێچ و مۆنتاج و وردەکاریی هونەریدا، خۆیان مەڵاس دەدەن و بۆسە دەگرن ولە پاشان وەکو کانیلەی بێ گەرد لە ناڤی خوێنەردا بتەقنەوە. چاکترین بەڵگەشم ئەم چیرۆکانەن: (شیوژاڵە)، (٨،١/٢ بەیانی...)، (بازنەکان)، (فانتازیاوتابلۆیێکی کێوی)، (کاتی پڵنگان)، (لاکێشە ڕووناکەکان)... سەرەڕای خەستیو چڕییان، سەرنجی زۆر کەسیان ڕاکێشاوە. بەڵێ، خۆشم هەندێ جار هەستم بەوە کردووە کە خوێنەرێکی هاکەزایی، بە سانایی کلیلی چیرۆکەکە نادۆزێتەوە کەچی دڵنیام ئەگەر ئەو خوێنەرە جارێك و دووان پێدا بچێتەوە، ئەوا چێژێکی پوخت وەردەگرێ. لایەنێکی تر هەیە ئەویش: ئەی نالێن ڕەخنەگر، نووسەری دووەمەو پردێکی هەمواره لە نێوان بەرهەمەکەم و خوێنەران.

**پ: وا هەست ئەکەیت کە تەلەفزیۆن و سینەما... مێشلی چیرۆك بن؟**

و: نەخێر، بەڵکو تەواوکەری یەکترین. ئەوەتا شانۆ گشت هونەرو وێژەی - بە لقەکانی یەوە - گرتۆتە باوەش، هەروەها سینەماو تەلەفزیۆن، لێرەدا پەنجە بۆ زۆر چیرۆك و ڕۆمان ڕادەکێشم کە بە هۆی ئەو ڕێگایانەوە گەیشتوونەتە خەڵکێکی فراوان و چێژێکی بینراوی تازەیان پێدراوە، هەروەهاش لە سایەی سینەماو تەلەفزیۆنەوە، لەسەر تەختەی شانۆ، زۆرکەس پەلاماری پەرتووکی چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامە نوسراوەکان دەدەن و دەبنە خوێنەری باش. سەرەڕای ئەوانەش هەر لە بنەڕەتەوە، جۆری چێژ وەرگرتن

له داهیشانێکی نووسراو جودایه له هەمان نووسراو به بینراوی یان بیستراوی. من بەش بەحاڵی خۆم که بەرهەمێك دەخوێنمەوه زۆر پەرۆش دەبم که له سەر شانۆ یان له سینەما بیبینم بۆ ئەوەی بەراوردێك له نێوانیاندا بکەم و داهێنانی هەردوو نووسەرو دەرهێنەر لێك جودا بکەمەوه. خۆ زۆربەمان (جەنگ و ئاشتیمان) دیووەو خوێندومانەتەوه، یان (تەنەکە)و (پالتۆ)مان لەسەر شانۆ یان له تەلەفزیۆن دا دیتووەوچیرۆکەکانیشمان بەرچاو کەوتووه، خۆ ئەگەر باس لەوەش بکەین که هەندی چیرۆکی کورت یان ڕۆمان کراون به شانۆنامه یاخود سیناریۆنووس کردوویانی به فلیمی سینەما، ئەمەش دیسانەوه مەسەله یەکەو پێویستی به ناوبردن هەیه.

**پ: لاکێشه ڕووناکەکان یەکەم بەرهەمی چاپ کراوته، وا هەست ناکەیت لەو (١٥) چیرۆکەی له بۆتەی دایه (١٠)یان ڕووناك نین؟**

و: با بزانین چیرۆکەکان کامیانن: ماسی خۆراك کاتژمێر شەترەنج [بە خەڵووزیش نیگار دەکێشرێت] ئۆتۆمبیل [لاکێشه ڕووناکەکان] [مام وسوو] [مانگی سەوز] پەین ١/٢,٨ بەیانی [بێدەنگیش زمانی هەیه] ئاوێنه ڕاسپێری [سێ پوستەره چیرۆك].

چیرۆکی (هەشت ونیوی بەیانی...) له یەکەم دیداری چیرۆك دا خوێندمەوه که جێگای ڕەزامەندی و ستایشی گوێگران بوو. چیرۆکی (ماسی)و (پەین)و (کاتژمێر)و (ئۆتۆمبیل)و (بێدەنگیش زمانی هەیه) له لایەن برێ بەرێزەوه هەڵبژاردران و گوردراونەته سەر زمانی عارەبی، چیرۆکەکانی دیکه شانازی‌یان پێوه دەکەم و ڕای هەندێ برادەری چیرۆك نووس دەڵێمەوه لەمەڕ ئەو چیرۆکانه. (احمد محمد اسماعیل) لای وایه چیرۆکی (لاکێشەکان) سەرکەوتووترین چیرۆکی کۆمەڵەکەیه، برای خۆشەویستم غفوری میرزا کەریم چیرۆکی (مام وسوو)ی زۆر بەدڵ بوو له کاتی چاپدانی‌دا. پاش ئەمان (م.م) چیرۆکی (مانگی سەوز)ی زۆر پەسند کردو به نموونەیێکی باشی لەلام درکاند. مایەوه چیرۆکی (خۆراك) که هەتاکو ئێستاکەش خاوەنی کتێبخانەی ئاسۆی کەرکووك پێم دەڵێ لەبەر خاتری چیرۆکەکەت ئەو زەلامەت نەگرت که کتێبێکمی برد. چیرۆکی (به خەڵووزیش...) زۆر ئاشکراو ڕوونه، نه هێمای تێدایەو نه تەم ومژ، هەروەها چیرۆکی (ئۆتۆمبیل) له دایکێك دەدوێ به دەردەسەری کوڕەکەی پەروەرده دەکات. چیرۆکی (شەترەنج) تاقیکردنەوەیەکمه لەمەڕ نووسینی چیرۆکی (جێگاوشت) بەڵام (ڕاسپێری) به شێوەییکی ئاسایی نووسیومه. (ئاوێنه)ش چیرۆکی بەد-بەختێکه کاکیلەی ژان دەکات ئەویش ئاساییه ڕاسته، هەر وەکو له چاوپێکەوتنێکی پەلەدا له گەڵ بەرێزتان گوتم: پێشوو خوێنەرانم شارەزای هێڵه هونەری‌یەکەم نەبوون، بەڵام هەر دێ بەلەد دەبن و پتر چێژ له بۆن وبەرامەکەی وەردەگرن. تاك وتەراش دێته لام و پرسیار له هەندی شت دەپرسێت یان له هەڵوێستێکی کەسەکان دەکۆڵێتەوه بەڵام کەسێکم نەبیستووه سەرجەم چیرۆکێك بەگشتی بێزاری کردبێت. ئەوەی هەیه کتوپڕ خۆ نادەن به دەستەوه وەکو هەر بەرهەمێکی تازەبابەت و تازه شێوه. من که دەنووسم بۆ حەسانەوەی ناخی هەڵچووی خۆم دەنووسم و پاش هەر چیرۆکێك پەتاییکی سەیر دەمگرێ و حەز به تەنیایی دەکەم پاشان بارەکه لەلام پێچەوانه دەبێت و دەمەوێ کەسێك بدۆزمەوه که بۆی بخوێنمەوه، خۆ ئەگەر کەسێکم چنگ نەکەوت وا بۆ دایکی منداڵەکانی دەخوێنمەوه. خۆ ئەگەر هاتو ئەو چیرۆکه به دڵی کەسانی دیکه بوو ئەوا یەکجار کامەران و بەختەوەر دەبم دەنا، ئەمرۆ له هەندێ شتم نەگەن، مانگێکی تر، ساڵێکی دیکه هەر جێگیر دەبم له دڵ و گیانی وەچەکان، ئەمه به دڵنیایی‌یەوه دەڵێم و ڕێزیشم بۆ گشت خوێنەران.

پ: زۆربەی زۆری چیرۆکەکانت له ڕووداوی ڕاستەقینەوه وەرگیراون، لێرەدا بەرێزتان دەبنەوێنەگرێکی

**فۆتوگرافی، باشە خۆتان ئەتانەوێ چی بڵێین؟**

و: نووسین لە شێوەی فۆتوگراف و ڕاپۆرتانە پێچەوانەی چیرۆکەکانمە وەك خاڵێك بۆ ئەوەی لە کێشەکە بدوێم. من کە لە واقیعەوە وێنەو ڕووداو دەخوازم و دیاردەکان تۆمار دەکەم، هەر وا بە کاڵیو ساکاریو ڕەمەکی نایانخەمە سەر کاغەز. زۆر ڕاستە، واقع و دەورو بەرو مێژووی ڕۆژانەی گەلەکەم هەوێن و مایەی چیرۆکەکانمن بەڵام جۆری (طرح)کردنیان بەلامەوە گرنگەو مەرجیش نی‌یە ڕووداوی چیرۆکێکم سەرانسەر وەك چۆنە ڕووی دابێت بەڵکو لەوانەیە لە ئەنجامی مۆنتاج و کۆلاجی چەند ڕووداوێك و دیمەنێك و تێکەڵاو کردنی جێکات؛ هاتبێتە کایەوە. زۆرجار چیرۆکەکانم لە ژیانی خۆمەوە مژیومەو مەودایێکی بەرینم داوەتیو کەسەکەم بە ڕێبازێکی ئەوتۆ بردووە لەوانەیە خۆم لە دووری‌یانی وادا هەندە ئازاو بلیمەت نەبم، یان سەرەتای چیرۆکێك لە بارەی کەسێکەو کۆتایی‌یەکەی لە ڕووداوێکی ترەوەیە یان خۆم تەواوم کردووە.

بە نموونە: چیرۆکی (گەڕانەوە) کتومت (ع) عەبدوڵلا سەراجە ڕوو لە شار دەکات کەچی کۆتایی چیرۆکەکەم لە ڕووداوێکی ترەوە ساند کە بەسەر کەسێکی دیکەدا هات. هەروەها چیرۆکی (شیوژاڵە) تۆمارێکی دەقاودەقی سەردەمێکی ژیانمە. (کانی پڵنگان)و (١/٢، ٨ بەیانی)و (برایم شۆراوی) خۆم و کەسانی دیکەن کەچی چیرۆکی تریشم نووسیوە نە خۆم دیومە وڵە بیستومەو نە ڕووی‌داوە. ئەی ناڵێین نووسەر دروستکەری (خالق) ئەو ژیانەیە کە مەبەستی‌یەتی. کەسانێك دێنێتە ناو کە ڕەنگدانەوەی کەسەکانی ناو ناخین یانیش گۆڕانێکی ئەوتۆ بەرپا دەکات کە خەبات و کۆششی لەپێناو دەکات. بەلای منەوە ئەو نووسەرەی وەکو وێنەگر گێلانە فۆتوگراف دەگرێت، هەر دیمەنی دەرەوە نیشان دەدات بەڵام گفتوگۆی ناخ و خەوو زیندەخەوی کەسانی ناو چیرۆکەکە وەکو شەپۆلێکی ئازاد لە وزەی ئەودا نی‌یە ڕاویان بکات. چیرۆکەکانم سرکن و وەکو ماسی‌ی زیوین بە گوێلیّ ئاو خۆیان بە دەستەوە نادەن، قەت نەمان ژنەوتووە ئەوەی لە مرواری بگەڕێت هەر لە ڕۆخی دەریاکاندا بخولێتەوە. خوێنەری ئازیز ئەگەر لە چیرۆکێکم حاڵی نابێت با جارێك و دووان بیخوێنێتەوە وەك چۆن منیش شاکارە جیهانی‌یەکان دەخوێنمەوە یان چیرۆکم نی‌یە سێ جارو پێنج جارو بگرە هەشت جار دام نەڕژتبێتەوە. گومانیش لەوەدا نی‌یە بەو لەتە چاوەی کە ماومە، دەیان ڕیشە دەماری لەشم جەڕ دەدەم. ئەی ناڵێین وێژە سێ سوچکەیی‌یە! ئیتر بۆ ئۆباڵی هەموو دەخرێتە ئەستۆی سوچکەیێك و دوو سوچکەکەی تر هەر وەك مووی ناو ماست، لووس و بارێك لێوەی دەردەچن! مەبەستم لە ڕەخنەگرو خوێنەری سەدەی بیستە.

**پ: ناوی هەندێ لە چیرۆکەکانت ـ گەڕانەوە ـ بازنەکان ـ نەمام ـ ن. ئەگەر بێتو هەریەکەیان بە چەند ڕستەیێك باس بکەیت یان لێکیان بدەیتەوە، چۆنیان لێك دەدەیتەوە؟...**

و: هیچ کاتێك کورتکراوەو خەستکراو جێگای ئەسڵەکە ناگرێتەوە، بام بەم ئەزموونەشدا تێپەڕم.

گەڕانەوە: ـ گەڕانەوەی کەسێکی شەیدا بۆ کۆشی خێزانەکەی بەڵام تەگدرێکی دەستکرد دەبێتە سنوورو هۆی شێواندنی شیرازەی ئەو یەك گرتنە پیرۆزەو ژن و منداڵ و مێرد چاوەڕوانی دیدارێکی دیکە دەبن.

بازنەکان: ـ هەر شتێکی بازنەیی، هەر ڕووداوێکی بازنەیی، هەر هەژانێکی بازنەیی خۆ ڕادەگرێت بەرانبەر، بە ڕۆژگار. بازنە هێمای جوانیو مەزنیو نەمری‌یە.

نەمام: ـ مرۆڤی هوشمەند بە خاکەکەیەوە مرۆڤە. هەژ بەسەر ئەو گومرایەی کە پشت لە مستیّ خۆڵی وڵات دەکات. خاك ئەوەندەی بەسە کە نەمام دەڕوێنێ.

*** تێبنی: ئێمە پرسیار ئاراستە دەکەین... ئەگەر نووسەر (لەوەڵامدا) مەبەستی پێکا یان نەیپێکا خاوەنی ڕاو بۆچوونەکانی خۆیەتی نەك ئێمە..**

# کاڤافی و
# کەلەپورێ ئەغریقی

○ پەخشان عەلی ○

یا دیارە کو «کونستانتین کاڤافی» یێ ل أسکندریە ل سالا ١٨٦٣ ژ دایك بوی و ل ویرێ ل سالا ١٩٣٣ زڤەستا دلوڤانیا خودێ کر، خۆ هێلابو دویر ژ بزاڤاو شەهرستانیا سەردەمێ خۆ، بەلکی خۆ هاڤێتبو ناڤ دەریا شەهرستانیا سەردەمێ ئەغریقی ئەڤە ژ لایەکی و ژلایەکێ دیڤە نیشانەك بۆ بۆ تۆرو هونەرێت گەلەك چیناو شەهرستانیا یێت کو ژین و هزرێت وا تێك هەلبوین لێ باژەرێ أسکندریە.

کاڤافی تێتە دانان رەوشتەکا تایبەت کە مرووڤ و هۆزانڤان، دەراڤێت ژینا وی ئەو پالدا کو دەستێ خۆ ژ ژیانا سەردەمێ خۆ بکێشینت ویێوەندیا رویب روی بکەت دگەل کەلەپورو شەهرستانیا جارا..

ئەو یونـانیبـە یێکـوب ئەزمـانێ خو دئاخفت بەلێ ل وەلاتێ خۆ نەژیایەو ژینا خۆ برەسەر ل أسکندریێ ڤیجا نڤیسینا هۆزانێ ل دەڤ کاڤاڤی دیارکرنەکا گرنك بو خەم و کوڤـانێت دویـریێ، دویـری ژ ژینـا وەلاتێ ژ سامـان و کەلەپورێ خۆیی مللی. کاڤاڤی خۆب سەردەمێ خو ڤە گرێ نەدا بەلکی قەستا ژین و شەنگستێت جارا کر.

بو وێ جیهـانێ یاکـو چۆژی نزانت ژبلی ئەوا کو د پەرتۆك و کتێبادا خاندی بەلێ ئەو جیهان بۆ وی راست دیار بۆ هەتـاکـو وێ چەنـدێ بخـو دحـەسیا کو یێ دژیت دناڤ کەس و کارێ خۆ.

ب رشتیو چەلـەنگیـا خو کاڤـاڤی هیڤیو داخـاز ئینـانە گورێ دوێ جیهانێدا یاکو بەرچاڤ بەزرویێ شینەوار بەلێ کاڤاڤی جارەکا دی ڤەژاندەڤەو پر بزاڤ کر ڤە ب چەلەکیو تیگەهشتنا خۆ.

ژ بـەر راوەستـانـا کاڤـاڤی دەرفـەی چارچیڤـا کەلەپورێ ئەوریی، بەلێ تێتـە دانـان گرنکتـرین نینـەربو ڤنیاتا نوی د ڤەهاندنا هۆزانێ دا ژبەر گەلەك ئەگەرا..

کاڤـاڤی هوزانڤـانـەك بۆ تایێ راستیێ گرتبـۆب دلـەکێ پاقژو زەلال، هەرچەند ئەو ژیانا ئەو تێدا ژیایی یا تەنگ و تەسـك بۆ بەلێ دەنگێ راستیـەی کاروانێ وێ ژیـانێ بۆ کاڤاڤی چو جارا نەڤیایە خوب خەون و خەیالا بخەملینت دا هۆزانـا ژبـەر ڤەهینت بەلکی داخـازا وی هەردەم ئەوبـۆ سەروکـانێیت جارا جارەکـا دی ڤەهینـەڤـە ل دیف بیـرو هزرێت سەردەمێ وییو ژلایەکێ دی هوزانڤانیا کاڤاڤی یا ئیـك سەرو راست بێژ بۆ، کاڤـاڤی رێو ریـدانێت بۆری بکـار دئینـان داکـو ئاستـەنـگ و گرفتـارێت سەردەمێ خۆ چارەسـەر بکـەت چونکـە ئەڤ رێو ریـدانە بەردەوام بەرپا دبن د ژیانا مروڤیدا.

هۆزانـا کاڤـاڤی هۆزانـەکـا تەناو مەندە هۆزانەکا راست بێژە، دەستێ سەردەمێ خۆ گرتیـە بـهـەمی رەخ و لایاڤە، هۆزانەکا پاقژو زەلالە ودبیرا مروڤیدا تێتە چقاندن، هۆزانا کاڤـاڤی ب دارێتنـا خۆیا درامی شیـا گەلەك قولاچکێت

تاری دژیانا مروڤایەتێدا روهن بکەت و دەستێ خو دانایە سەر گەلەك راستێت سەرەکی دژیانا رۆژانە دا.

هوزانەك ژ هوزانێت کاڤاڤی... تو دبێژیە خۆ.. دێ بارکەم

بۆ وەلاتێت دی.. بۆ دەریایێت دی
بۆ باژەرەکێ جوانتر ژڤی باژەری
جوانتر ژجانیا دەمێ بۆری.... یێ من ناس
هەڤالێ من.. ل وارا
چو ئەردێ نی نیە
دەریایەکا نی نیە
باژەرێ تە دێ هەر ل دیف تە بت
ل وا جادا دێ مەندەهوشبی
هەتا هەتا..
شەنگستێت ڤنیاتێ بخۆ
دێ تەحسن
ژتولازیێ .

بەرف پیریێ.. پیرەکالیێ
د وێ مالێدا
دێ ڤەوەریی و مری
ل وارا چو پاپور نینە
تە ژ بیرهاتنا دوێر بێخن
ئاخ! ما تو نابینی
دەمێ تە ژیارا خو ل ڤی جهی
هەرێڤاندی
تە بەهایێ وێ ژیارێ
لەهەمی جها
سەر ریمەنێ ئەردی بژێکاندی

# سنوقی ژیان

● طاهر عثمان محمد ●

باوەشی بە سنوقەکەدا وەرێنابوو تەنیا چاوەکانی بسپی ئەچوونەوە هەمووگیانی لە بۆیەدا ڕەش ئەچوو سەریەنجەو نینۆکەکانی قرێژو چلکیان لەسەر بووا دەم تا دەمێك ئەیووت

خاڵە بۆیاغ کەم؟

لەناکاو پیاوێك بێ بەزەییانە پێلاوەکەی خستە بەردەمی و بەلالووتێکەوە وتی! بۆیاغی کە. منالەکە لەخۆشیا لێوی ئەتەلەی ئەکرد پەڕۆو فلچەکەی لێ وون بوو، دەسەبچووکەکانی لەسەر پێلاوی کابرا نەئەبینرا، ساتێکی پێچوو بەخەندەیەکەوە وتی!! تەواو

کابرا هەر لە جل وبەرگی ڕا بەدەوڵەمەندێك ئەچوو پێی زیاتر دائەگرت و لەمناڵەکەی نزیك ئەخستەوە وتی، هەتیو کوا چ بۆیاغت لێ نەدا؟

منالەکە بەترسەوە! گەورەم بەقورئان زۆرم بۆیاغ پیا کردوە سەیری کە پێلاوەکەتم کردۆتە گوڵ.

- چەنەبازی، (پیاوەکەوتی).

دەسی کردە گیرفانی سەروی سەفتەیەك پێنجی و دەیی دەرهێنا چەنی گەڕا، ڕوبعێکی تیا نەبووا؟ تەنگاوبوو دەسی بۆ گیرفانی خوارەوەی برد تاکە سەد فلسیەکی دەرهێناو فڕەیدا یەسەر سنوقەکە، زرنگەیەکی لێوەهات منالەکە لەگەڵیا دڵی خوریەی کرد،

گەورەم ١٥٠ فلس ئەکا، سەیرێکە پێلاوەکەتم چەند پاك کردۆتەوە،.. ئەبریقێتەوە.. و

وردەم لانی یە...

بۆیە بەناکامی سەد فلسەکەی لەناو قوڕەکەی سەرشۆستەکە دەرهێناو، بە فانیلە مۆرەکەی بەری داهێنا تا پاکی کردەوەو خستی بە گیرفانی و وتی

ڕۆژانەکەمان بووا!

چەند کەس بەسەر شەقامەکە ڕەت بانایە منالەکە هەر ئەیووت بۆیاغ کەم؟ چونکی بە زاری گرتبوو، ئەوەی پلاوی لاستیکیشی لەپێ با هەر ئەیووت

خاڵ بۆیاغی کەم.

تاوەکو نیوەڕۆیەکی درەنگ بەتاکە فانیلەیەك بەم سەرماتووشەوە سەرشۆستەی شەقامەکەی بەرنەدا بۆیە، کاتی قوتابخانەی هات سنوقەکەی هەڵ گرت و فلچەو قوتیەکانی خستە کیسەیەکەوەو دایە شانی دا و بەرەومال گەڕایەوە.

# کێ دەزانێ...!

● مەریوان فتحي كريم ●



مەل دەزانێ....
لقی کام داری دارستان
لە ژێر چەقۆی دەمی کرما،
شەهید بووە!.
دارو بەردو بنکە گیا و....
شۆڕە بیێکانیش دەزانن:
چاوی دەریا....
بەلێلایی... کامە ڕووباری سەرە ڕۆ،
تاریك بووە!.
کە «جیرنیکا»[1] یان سوتان،
جگە لە شاعیری مەرگ[2] ....،
کێ بە (ڕم)ی وشەکانی..
دوگمەی سینگی پڕ لە کینەی زۆردارانی....
دادەپچڕان؟!.
کێ بوو سوتا...؟
کێ بوو لەناو گڕی خوێنی....
عیشقی ئاڵی سەری خۆیا،
هەڵپڕوکا..؟!
کێ بوو؟؟.... کێ بوو؟؟....
لە شەوەکەی جیرنیکادا؟!.

＊＊＊ ———

(۱) جیرنیکا/ گوندێکی دەلال بوو لە ئیسپانیا، لە شەڕی ناو خۆی ئیسپانیادا، بەدەست کۆماریستەکانەوە بوو، لەلایەن کۆنەپەرستەکانەوە داگیرکراو سوتاندیان،
هەرچی تیاشی دابوو شەهیدکرا.
(۲) ئیشارەیە بۆ «لۆرکا»ی مەرگ بەزێن.

＊＊＊

# ژبیرکە گولێت ئەڤینێ

صابر یوسف

هیڤیدارم ژ دلێ هەژار
بژڤرینەڤە وەکی بەرێ
ئەو گوتنێت هاتین گوتن
تو ژبیربکەی ئەی دیلبەرێ
جانا منێ تو بزانە
ڤین ژ دلێ مە ناچیت دەرێ

ڕۆژ بو ڕۆژێ ئەڤینا خو
دێ نیکەین ئەی گەردەن زەرێ
دەستێت خو تو بدەڤە جانێ
دا ئەم بڕەڤینین کەسەرێ
چەندی ئەز گەرام ژ ڤێ دنێ
من نەدیت وەك تە ئەسمەرێ
دەما چاڤێت رەش دبینم
دل گەش دبیت وەك فەنەرێ
ئومێدا من ل ژیانێ
ئەم بگەینە ئێك ژوێ دەڤەرێ

# خەندەی تەفر

موفق بابان

نازدارەکەم
ڕاستە کاتێ دڵدارێ بووی
ژانی خەمی بە تەنیاییت
ئەخواردەوە
گڕی هەڵبووی دڵنیاییت
لە دەروونما ئەکوژاندمەوە
لەنێو ئاخی تاوانم دا
ئاسمانێ بووی
شایەتمانت بۆ ئەستێرەی پرشنگداری
خۆشەویستی پێ ئەهێنام
بەڵام کاتێ بێ وەفاییت
کانیی بەڵێنی هەڵێنجا
هیواو ئاواتی لێ ڕەنجا



# خەوی سوور

○ دڵشادی عومەر کاکی ○

شەوێکی درێژ نەخەوتم
وەکو نمەی سەر پەلکە گیا. .
وەکو هەوری دەم ڕەشەبا. .
نە ئەکەوتم، . .
نە ئەسرەوتم.
تۆ ڕێگا بوویت. .
من هەنگاوی کورت و درێژ
تۆ هیوا بویت. .
من برینی پڕ سوێ و سارێژ
من لەنێو زیندە خەوا بووم. .
تۆ لوتکە بوویت، . .
من دەوەنێکی بن چیا
بەفرێکی ڕوو لە کوێستان بوویت. .
من درەختێکی بێ گەڵا.

★ ★ ★

کاتێ کە بەئاگا هاتم. . ،
لە سوچی ژوورەکەی خۆمدا. .
لێی کەوتبووم
بەدەم ئاسۆی خەوێکەوە
نە بەئاگام و، نە خەوتووم.
لەودەمەدا، وەنەوزێکی. . عومری شەوبووم
لەوشەوەدا، بەندێکی نێو. . زیندە خەوی. .
عومری ئەوبووم.

★ ★ ★

ئا ئەوەتا. . !!
کورتەی تەمەنی خۆشویستن
ئا ئەوەتا. . !!
ئەوپەڕی هانا بۆ بردن
تۆ خۆت لەخەوی شیرین دای
دەزوولەیەك. . لە خوێنی چاوی ئەستێرەت. .
ڕژاندوتە هەردوو چاوم
تۆ خۆت پەنای
هێشتا تۆ ڕوو دەکەیتە من
شەوانە وەك بارانێك وای. .
تك. . تك، دەتکێتە هەناوم. .

★ ★ ★

ئەگەر خورپەیەکی بۆ من. . !
ئەگەر دووری. .
تۆ هەمیشە. . ،
باڵایەکی بۆ شەوی من. . ،
هاودەمێکی خەووی سووری
بەڵام ئاخۆ. . !؟
هەتاکەی بۆ. . !!
لای تۆ من چیم. . ؟
ئاخۆ لە نیگای شەوێکتا. . ؟
یان لە دیدەنێی خەوێکتا
من هەم یان نیم. . . !!!

# هەناسەیەك

● نەوزاد عەلی حەسەن ●



ئەی پەری خان
لە بیرت دێ کە منداڵ بووین؟
لە کاروانی تەمەنی پڕ
گڕو گاڵ بووین.

لەگەڵ تیشکی گەرمی خۆرا
کولێك نان و
شەکرو چایان دەدا پێمان
تاکو بیبەین
بۆ سەر خەرمان
ئاخۆ ئێستا
بە کاروانی ئەندێشەتدا گوزەر دەکا
ئێستاش گەڵای پایزی یاد
دەوەرێتە تەختی گومان
یاخۆ تاکە هەناسەیەك
ئەم تاسەیەت لەبەر دەکا.

لە بیرت دێ لە ڕێگادا دەڕۆیشتین؟
یابە قسە... یا ڕاکردن
هەندێ جاریش
بە ناکۆکیو جوێن ڕشتن
تا دەگەیشتینە ئامێزی خەرمان
هەر وەك جاران
تۆ ڕات دەکرد...
بۆ سوار بوونی جەنجەڕەکە
منیش بۆ ئاو لە (کوندە) کە
پاش چەند سائێك
بە ڕێ دەخراین بۆ ماڵەوە
بڵێسەی هاتنەوەیەکی تر
بۆ بەیانی
دەبووە سووزی
چرای ئەشکی خەیاڵێك و
تاسەی دووری چاوەڕوانی.

# چرۆگیان



هیوا عبدالرحمن بزاز

گرنگ نی‌یە بەرەو کوێ بێ بەرەو چی‌بێ
ئاوەدانی بێ یا سەرگەردانی
گرنگ ئەوەیە لەگەڵتابم لە ناختابم
هەست بەگەرمی ئەو لەشە ئەڤیناویەت بکەم
هاوسەری ئەو ئەنگوستە ناسکانەت بم
کاتێك لەگەڵ شنەیا هەردوو بەجووتە
تاڵ تاڵ ئەو قژە خاوەت دائەهێنن
ئەی گوڵی باخی بەهەشتم
ئەی فریشتە نەرم و نیانەکەم
بمکەرە قەدپاڵی شاخی ئەڤیناوی خۆت و
لە تاریکی شەوەزەنگی ژیانم دوورخەرەوە
بمخەرە کۆشی گەرمی پڕ ئارامت و
لە زیندانی پڕ ترس و لەرزم دوورخەرەوە
ئەی شۆخە هێمن و نیگا جوانەکەم
بۆ تۆیە ژین و جەستەو سۆزی دڵ
بۆ تۆیە زام و ناڵەو ئێشی دڵ
چاوەڕوانم زۆر لە مێژە گوێ ڕایەڵی دەنگی پێتم
زۆر لە مێژە چاوەڕوانی ڕۆژهەڵاتتم
چاوەڕێتم، تکایە بێیت و بێ‌هیوام نەکەی چی‌تر
چڵی سیس نەکەی داری ئومێدم هیچ لەوە زیاتر

* * *

ئەی پەری‌یە خنجیلانەکەم
ئەی یەزدانە بچکۆلانەکەم
داوات دەکا جەستەی بەسۆم
لێوەکانم هاوارێکی پڕ بەدەنگیانە
بۆ ئەو لێوە ناسك و نازدارانەت
تا بی مژن پڕ بەئارەزوو بەهەڵمەت
ئەی مایەی بووژانەوەی دەروون
ئەی بێ‌هاوتا لە گشت گەردوون
توند بگرە ئامێزم بەو باسکە نەرمەت
بیکە بەلانەم ئەو سنگە گەرمەت
بگرە ئامێزم بەهەموو هێزت
جەستەم تێکەڵ کە لەگەڵ جەستەی خۆت
بەو بۆنە وەنەوشەیی‌یە یەزدانی‌یەت
سەرخۆشی جیهانێکی پڕ تەلیسم کە
بم بە لەگەڵ خۆت هەتا ئەتوانی

# ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری بەیان

## ڕاپۆرتی ڕۆشنبیریی هەولێر

○ شێرزاد عبدالرحمن ○

● ڕۆژی هەولێر، تەنیا کەرنەڤالێکی جەماوەریی نەبوو، بەڵکو چەندان جموجوڵ و چالاکی هەمە ڕەنگی ڕۆشنبیری تێدا پێش کەش کرا کە بریتی بوو لە کردنەوەی پیشانگاو بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەری‌و کتێب و گەلێك چالاکی‌تر. . .

لە سەرووی هەموو ئەو چالاکی‌یانە، دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕازاوە بوو بەناونیشانی «گردەمەند» بە هەر دوو زمانی کوردی‌و عەرەبی لە لایەن لێژنەی باڵای میهرەجانی ڕۆژی هەولێر کە لە نێوان ئاهەنگی ڕۆژی هەولێر پەخش - کراو گەلێك بابەتی ڕەنگینی مێژوویی‌و ڕۆشنبیری گرتبووە - خۆی. . . لەو بابەتانە، وتاری بەڕێز پارێزگاری هەولێرو، شاری هەولێر لە ڕووی جوگرافی‌و کارگێڕیەوەو چمکێك لە مێژووی دێرین و سەردەمی سومەری‌و ئاشووری‌و ساسانی‌و. تاد، تێکڕای ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە بیناکاری‌و پێشکەوتنی هەولێری نوێ باوەشی بۆ کردوتەوەو چەند لێ کۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامە نووسی‌ی دەربارەی دیارترین ڕووە پێشکەوتووەکانی شارەکە. . . هەروەها ئەو کۆمپانیاو کارگە بەرهەم دارانەی لە شارەکە کراونەتەوەو باری شارستانیەتی ئەم شارە دێرینە ئەنوێنێ. . .

ئەم ڕۆژنامەیە کە بەدوو ژمارەی ئۆفسێت دەرچوو، سەر نووسەری بەڕێز ابراهیم زەنگەنەو جێگری سەرنووسەری



بەڕێز مجید علیوی بوو، لەگەڵ دەستەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی شارەکە، کە هەر یەکەیان بەشداربوونی نووسینی گرتبووە ئەستۆ لە ڕوویێکی سارشتانی شارەکەوە لە هەمان کات، هەر لەم میهرەجانەدا، کتێبێکی سەربەخۆ بە ناونیشانی - هەولێر لە کۆن ونوێ - دا بڵاوکرایەوە، کە بەقەد ڕۆژەکە ڕەنگین و قەشەنگ بوو. ئەم کتێبە بریتی بوو لە ١٤٤ لاپەڕەو لە وتارە هەرە دیارەکا نیشی. . ناوی هەموو پارێزگارانی هەولێر، هەولێر لە ڕووی جوگرافی‌و

# گردەمەند

بەڕێوەبردنەوە، هەولێرو نویشکێکی مێژوویی، هەولێر لە کتێبی مێژووناساندا، ڕۆژنامەگەری هەولێر، چەند لایەنێك لە فۆلکلۆری شارەکە، دام و دەزگاو ڕێکخراوە میللی و پیشەییەکان. . . لیژنەی ئامادەکردنی کتێبەکە لەم بەڕێزانە پێك هاتبوو: زبیر بلال اسماعیل، حسین عارف، سعید یحیێ، محمود زامدار، طارق ابراهیم، حسین ڕەشوانی،

بەڵام نەخشەی بەرگ و جێ بەجێ کردنی بە هونەرمەند محمد زادە سپێردرا، شایانی باسە کە کتێبەکە بەچەند وێنەیەکی هەمە ڕەنگ ڕازاوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە، میهرەجانەکە چەند چالاکی یەکی تری ڕۆشنبیری و هەمە جۆری بەخۆیەوە بینی، لەوانە کردنەوەی پیشانگایەکی ڕازاوەی کتێب لەلایەن دەزگای کتێبەوە، کە چەندان سەرچاوەی زانیاری و ڕۆشنبیری تێدا نیشان درا، وە بەدرێژایی هەفتە بەردەوام بوو، جگە لە کردنەوەی پیشانگایەکی خنجیلانەی گول و سازکردنی ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی کە چەندان پارچە سروودو گۆرانی تێدا پیش کەش کرا

● چالاکی ڕۆشنبیری لە کۆیە بەردەوامە، بەورادەیە کە مانگ نی یە لەم شارە خۆشەویستەدا چەند چالاکی یەك پێش کەش نەکرێ کە مژدەی پێ گەیشتن و بەردەوام بوون ئەنوێنێ، ئەوەبو لەم چەندانەدا دوو پیشانگای یەك بەدوای یەك لە قوتابخانەی کۆیەی سەرەتایی کرایەوە. . .

پیشانگای یەکەم بریتی بوو لە نیشاندانی دەیان کەرەستەو کەل و پەلی فۆلکلۆری کوردی لەلایەن کاك ـ فاضل حمد ـ ەوە، کە ژمارەیان گەیشتبووە ـ ١٤٥ ـ کاری



فۆلکلۆری کە بەپەنجە ناسکەکانی دروستی کردبوون، بەشێوەیەك کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا. . . بەتایبەتی لە ڕووی وردەکارییەوە.

بەڵام لە پیشانگای دووەم، بەخاتوو ـ پەرژین جلال ـ گەیشتینەوە کە هەر لەم ساڵەدا پیشانگایەکی تری بۆ بەرهەمە تابلۆییەکانی خۆی کردەوە. . .

خاتوو پەرژین لەم پیشانگایەدا، توانی ـ ٣٥ ـ تابلۆی تر لە بەرهەمەکانی پێش کەش بکات. . . دیارترین بابەت لە تابلۆکانی خاتوو پەرژین بریتی یە لە ڕەنگدانەوەی سرووشت و تێ ڕامانی مرۆڤانە بەرامبەر بە دەورووبەر. . .

هەروەها جێی سەرنجە، کە چالاکی بەردەوامە، نەك هەر لە ناو هۆڵی پیشانگای تایبەتی خۆی، بەڵکو وەك قوتابی یەکی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و وەك ـ مامۆستایەك ـ کە لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کۆیە پەنجەی ناسکی قوتابیان لە پەرەموچ و هونەر ڕائەهێنێ. . .

# پارێزگای سلێمانی

## «میهرەجانێکی شیعریی فراوان»

باوکی شنە
ئامادەی کردووە

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣ - ٥ - ١٩٨٦ لەهۆڵی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر ؛ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی کۆڕێکی شیعری فراوانی سازکرد.. ئەم کۆڕەش کە لە چوارچێوەی چالاکی یەکانی دەزگای ناوبراودا بوو بەبۆنەی یادی لەدایك بوونی سەرۆکی فەرماندەوە سازکرا.. لەم کۆڕەدا کە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بوون جگە لەبەڕێز مامۆستا - جەعفەرعبدالکریم



بەرزنجی - پارێزگاری سلێمانی و مامۆستا - مصلح جەلالی - بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو - کردنەوەی کوردی ئامادەی کۆڕەکە بوون.

سەرەتا کاك - ئازاد - مەحمود مستەفا - کە سەرپەرشتی کۆڕەکەی دەکرد بەناوی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی‌یەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی ئامادەبووانی کرد.. پاش ئەوە داوای لەمیوانەکانی کرد کە پێش کۆڕەکە دەقیقەیەك بوەستن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی مەزن.. دوای ئەوە ووتی: میهرەجانی شیعری ئەمجارەمان بە بۆنەی یادی



لەدایك بوونی سەرۆکی فەرماندە - صدام حسین - ەوەیە چونکە ئەم ڕۆژ و یادە پیرۆزە بیرەوەری‌یەکی مەزنە لەدڵی هەموو عێراقی‌یەکدا.. ئینجا نۆرەهاتە سەر بەشداربووان و شیعرەکانیان سەرەتا مامۆستا - مەغدید سۆران - بەناونیشانی «نامەی عشیقی گۆران و تشیکی ڕۆژێکی بێ‌پایان» ەوە وتی:

تاڤگەی گوڵلەی سوور لە ئاسۆ
لەگەڵ شیعری بەسۆزوسۆ
پێکەوە بەرەو سەرکەوتن
بەرەولوتکە نامە بردن
بەگۆرانی هیواو بەڵێن
بەخواوەندی شیعر بڵێن
زەر دەخەنەی لێوەی هەتاو
خاڵی جوانی گۆنای کەنداو

کاتێ کوڕی که بۆ بەسرا
بیکا بەملوانکەی بەسرا

هەروەها له بەشی دووەمی شیعرەکەیدا که «تیشکی ڕۆژێکی بێپایان» بوو وتی:

لەو ڕۆژەوە فرمێسکی چاو
ژانی سەر بازێکی بێناو
لەپێناوی تیشکی هەتاو
له ـ وێل ستریت ـ مەزات دەکرا
لەو ڕۆژەوە..
مەلۆتکەی منداڵانی ساوا
بۆ گۆشەی شاری ڕۆژئاوا
بەدیل دەبرا..

پاشان کاك ـ مەغدید ـ بەم کۆپلەیه کۆتایی به شیعرەکەی هێنا:

لەو ڕۆژەوە..
هەزار تفەنگی بەرزی چیا
دو ئەوەندەی ئاوی دەریا
زیاتر له فرمێسکی باران
خۆشمان دەوێ ئەی صدام گیان

ئینجا نۆره هاته سەر کاك «محەمەد سعید سەلیم جاف که به پارچه شیعرێك بەشداری کرد:

ئینجا له شکرتان لای ژوروی وڵات
تا نزیك شاری شاربازێرمان هات
که هەواڵ گەیشت له شکری عێراق
لەگەڵ کوردەکان هەر به ئیتیفاق
ڕوبەڕوی دوژمن بوونەوه بۆ جەنگ
گشت شەڕکەر وێنەی کوژەك و پڵەنگ

دوای ئەو کاك «جەمال خۆشناو» شیعری «ئەم خاکە»ی پێشکەش کرد:

کوردستانه شیرینەکەم
شاخ و کێوو دوڵ و دەشتت
وەك خۆی ماوه
نەگۆڕاوه
ڕۆڵەکانت شورەو پۆڵان
لەمەیدانی سەربەرزیتا
وەکو پڵنگ
لەبەرەی جەنگ
دەست به تفەنگ
له پێناوی ئەم وڵاته
گیان و ماڵیان لا خەڵاته

دوای شاعیری لاوی دهۆکی «کامەران بەرواری» پارچه شیعرێکی خوێندەوە بەناونیشانی «هۆ دوژمنۆ تۆچتڤێتن بۆکی دچیت» بەداخەوە دەقه شیعرییەکەیمان دەستت نەکەوت و نەشمان ویست تەنیا پشت به کاسێته



تۆمارکراوەکه ببەستین بۆ ئەوەی لەڕوی ڕێنوسەوە تووشی هەڵه نەبین ئینجا نۆره هاته سەر برایەکی تر له سلێمانی ئەویش پارچه شیعرێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی «بەهاری سەرکەوتن» وا له خوارەوە دوو کۆپله دەنووسینەوە:

گوڵاڵە سورەی ئەمساڵ
دەمخاتە دەریای خەیاڵ
تاراندی سەرمای زستان
ڕازاندیەوە کوردستان

دەشت و لا پاڵ و سەرگرد
تێی ڕژا درشت و ورد
گۆرانی شادی دەڵێن
بۆ سەرکردە دەدەن بەڵێن

ئینجـا نۆرە هاتـە سەر کاك «جـەلال بەرزنجی» کە لە هەولێرەوە هاتبوو ئەویش لە سەرەتای شیعرەکەیدا وتی:

ئەی شارەکەی سلێمانی
شاری هەڵمەت و قوربانی

شاری کاك ئەحمەدی شێخی
شاری تەکیەو گەورە شێخی

تۆ مەشخەڵی عیراقی
تۆ لە نشیتمان داستانی

تۆ خاوەن گردی سەیوانی
تۆ بە سەرچنار چەند جوانی

بەوجـۆرە کۆتـایی بە میهـرەجـانـە شیعری هێژا دوای ئەوەی نزیکە سەعاتێکی خایاند.

# ڕاپۆرتێ دهوك

○ هەکار دوسکی ○

بهەلکەتنا چەژنێد تیرمەها پیروز دەزگەها رەوشەنبیری و وەشانێد کوردی کورەکا بەرفرەهـ دانا ژ کاك [کریم جمیل بیانی]را لبن ناڤ و نیشانێد [سەنکاندا چیروکێد مەیرو]یێد هێژا محمـد أمـین بوز ئەرسلان ل روژا ١٥/٧ ل هولا چالاکێد ڤێرگەهی ل دهوك.

هێژا کریم بیانی گوت: ئەڤ چیروکە تێکدا د «واقعی» نەو چ «رەمز» تێدا بکار نە ئانینە.

هەر وەسا د دورن ژ خەیالیَ و دەم و جهـ تێدا نە هاتینە خویاکرن ب رەنگەکیَ تەکنیکا نو یا چیروکیَ.

هەر وسـا ل هەمی چیروکـا قەهـرەمـانیَ وی بیَ نە سەرکەتیە. کاك «بیانی»د دەست نیشانکرنا هندەك ئالادا بیَ سەرکـەتـی بو، ب جوانـی دکـاری گوتـاریَ خو پێش کێشی گوهدارا بکەت. لێ د هندەك ئالێد دن دا نە دکاری ب جوانی دەست نیشان بکەت، دەما داوییا گوتارا خوە گوتی:



[هەکە ئەز شونا ماموستایی بام من ژ خوە نە دگرت ئەز

ڤان چیروکا بنڤیسم] ئەڤ گوتن ژی نابیت بیتە کرن، دەما مروڤ بارو زروڤێد نڤیسەری ب دروستی تەزانیت، نابیت بریارێد هو یەکجاری بدەت، ل داویێ گەلەك پسیار هاتنە کرن و کاك «سانی» کاری بەرسڤێد وان بدەت.

● جارەکا دی ژڤان دگەل هێژا «محسن قوچان» بو ل ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەرێد کورد ل روژا ١٦/٧/١٩٨٦. لێکولینەك دبن ناڤ و نیشانێد «خالد حسین و نهێنیا لیڤێد گرتی» خواندو پێدا چو پشتی دەمەکێ پاش دگەل پەیڤا «قلق» رامان و پەژنێد وێ پەیڤێ ژ گوهدێرا را راڤەکرین. چو دناڤ بابەتێ سەرەکی داو گوت:

هێژا خالد حسین چو پویتە ب موسیقا هوزانێد خوە نەکریە، هوزانێد وی مشە دلەنگن ژ ئالێ کێش و قافیێ ڤە، کێشەکا سڤك و رەڤەك ددەتە هوزانێد خوە، هەر وسا شەپلی یە ژلایێ روخسارو ناڤەروکێ ڤە، ئەڤە ژی ئەگەرا بەلاڤ بونا هزرا وی‌یە. سەیدا «خالد» هەمی دەما د «قلق»ێ دا دژیت و دبوریت ژ بەر هندێ ئەڤە هاتینە دیارکرن ل سەر هوزانێد وی ڤە. پاش دەرگەهێ گەنگەشێ هاتە ڤەکرن و هێژا عبدالرحمن مزوری ئێکەمین کەس بو جویە ژورو دەست پێ کرو گوت: کاك محسن قوجان ژ بابەتێ خوە دویرکەت چونکە خوە ل کێش و قافیا ژی‌دا. بیر دوزێد فرویدو سارتر گەلەك جارا بومە دفرەهن. ل دوی وی کاك أنور محمد طاهر ئاخڤت و گوت: دانانا پەیڤا «ئالوز» ل جهێ پەیڤا «قلق» نەیا راستە. کێش د هوزانێ‌دا چو پەیوەندی ب ئالوزی ڤە نینەو کێش سنعەتە. کاك جمال



عبدالحکیم ژی گوت هوزانێد سەیدا خالد حسین ئالوزیا بیرێ یا تێدا هەی‌و پەیوەندی ب ئالوزیا دەرونی ڤە نینەو توزانێد کانێ وی چ دڤێت. دیسان کاك «نجیب بالایی» گوت چو پەیوەندی هوزانا سەیدا «خالد حسین» دگەل بیردوزا پاڤلوڤ ڤە نەبو. کاك محسن روخسارو ناڤەروك تێکەل کرن. ل دوماهێ سەیدا خالد حسین گوت: کاك محسن نەشیا تابلوێد هوزانێد من پێکڤە گرێدەت دا بگەهتە ئامانجا هوزانێ. هەمی هوزانێد من ریا ژینێ تێدا دیارە. پێدڤی گوتنێ یە کو کاك محسن بەرسڤا ڤان هەمی گوتناداو ڤێ کورێ دو سەعتا کێشا.

× ل روژێد ٢٧ ـ هەتا ٨/٣١ ڤیستڤالەکا بەر فرەهـ و مەزن هاتە گێران ل دهوکا داستیا هوزان، لێکولین. پیشانگەهـ، کەریان بو وارگەهێد شوینوارێد ئامێدی‌و زاخو تێدا هەبون. یا هەژی گوتنێ یە ئەڤ ئاهەنگە لبن چاڤدێریا هەڤال «محمد حمزه الزبیدی» رازگرێ «مکتب تنظیم الشمال» هاتە ڤەکرن و راپورتا بیت دێ ب بەرفرەهی ژ ورا دیار کەین.

## ڕاستکردنەوە

لە داوێنی ستوونی یەکەمی یەکەم لاپەڕەی وتاری «دیسانەوە لە پێناوی دۆزینەوەی خاوەنی ڕاستەقینەی پارچە شیعری (دڵاوەران)دا»ی کاك محمەدی مەلا کریمدا ، بەداخەوە ئەمەندەی لێ نەکەوتووەتە بەر چاپ:

«ئەبینین ویستوویەتی ئەم شتە لەڕاستیدا ناڕاستە بگێڕێتەوە بۆ بیرێکی [نەبوو] کە گوایە لەپشت تەقەلایەکی بەرانبەرەوە خۆی حەشارداوە، ئەویش هەوڵدانە بۆ دەربڕینی (زیاد لە پێویستی!) مامۆستا گۆران و».

# یانەی بەیان

- ئاسۆ -

## خوێنەری ئازیز

سەرجەمی ئەو بابەتانەی بەیانەکەتان سپاردرا شیعر بوون. دەستەی نووسەران پاش هەڵسەنگاندن و تاوتووکردنی شیعرەکان ڕای خۆیان دەربڕیبوو کە شیاوی بڵاوکردنەوە نین و بە شێوەیەکی گشتی کزو لاوازن، یاخود لەڕووی، هونەریەوە نارۆن، هەرچەندە کە ئێمە ویستمان بەپێی دەسەڵات و هەست کردن بە تروسکە ڕووناکی یەك لە هەر هۆنراوەیەکدا بەدیمان کردبی، وێنەیەك، کۆپلەیەك، چەند دێرێك بڵاوبکەینەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەمان نەهاتە دی، تەنیا شیعری شاعیرێك نەبێ. لێرەدا دەمانەوێ بەو براو خوشکانەی کە دەیانەوێ بەرهەمەکانیان ڕێگەی بڵاوکردنەوە بگرن، زۆر پەلەنەکەن و گیانی لە خۆبایی نەیانگرێ کە هەرچییەکی دەنووسن کەڵکی بڵاوکردنەوەیان هەیە... خۆ کارێکی ڕەواو بەجێیە ئەگەر شیعرەکانیان پیشانی یەکێك لە خۆیان شارەزاتر بدەن، بۆ ئەوەی بەر لە ناردنی بۆ «بەیان» دەستکاری بکرێن و کەموکووری و نارێکی یەکانی چارەسەر بکرێن، باهۆنراوەکەش درێژ نەبێ، هۆنراوەیەکی کورت و پوخت لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ باشترو پەسندترە بە مەرجێ شیعری ڕەسەن و هێزاو بەپێزی بێ.

جا خوێنەر ئازیز، برای شاعیر،خوشکی نووسەر تا پێت دەکرێ ئارام بگرە، کە نووسینێ دەنووسی لێی ورد بەرەوە، پێیدا بچورەوە، بە خەتێکی خۆش و ڕێنووسێکی ڕاست و ڕەوان بینووسە. تا ئێمەو تۆش ماندوو نەبین.... تا بەرهەمەکەت لەم گۆڤارەدا جێگەی ببێتەوە.

ئیتر بۆپێشەوە.

---

● برادەرێك لە هەولێرەوە لە گەرەکی مەنتکاوە، هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بە ناوی **(فریشتەی ئاسمان)**، و ا دیارە دەسەڵاتی بەسەر شیعرەکەیدا نەشکاوە، بۆیە هەستی شاعیریەتی لێی تۆراوە، هیواداریین ئەم برایە لە جەوهەری شیعر بگات ئەوسا دەست بداتە قەڵەم و پەلە نەکات.

● «کاك ر.م. خدر» شیرینەکەم کە هۆنراوەکەی تۆیە تا رادەیەك بەهرەی شیعری تێدایە، بەڵام بە داخەوە هێشتا ماویەتی ببێ بە شیعر، دەبێ ئاگات لە ئیقاعی شیعر بێ و لەنگەری تەرازووی کێش و سەروا چاك رابگری، تاکو نەبێ بە پەخشانێکی ڕووت و چیتر.

● «کاکی خاوەن هۆنراوەی گفتوگۆی گەشتێك» وەك خۆت دەرت بڕیوە تۆو دڵبەر بۆ یەك نابن، شیعرەکەشت بۆ «بەیان» دەست نادات، چونکە بیرەکەت لێ ئاڵۆز بووەو سەرت لەمەسەلەکە دەرنەچووە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئەوەی ناردووتە زۆری ماوە ببێ بە شیعر. داوای

لێبوردن دەکەین.

● کاک «ی. دڵگیر» دوو هۆنراوەی بۆ ناردووین کە لە سنووری سەروا ڕیز کردن دەرناچن، شیعریش هەر تەنیا سەروا نیە، ئەی کوا هەستی بەسۆزو ناسك و ئەندیشەو ئیقاعێکی هۆرمۆنی، ببورە... چاوەڕوانی بەرهەمی ترت دەکەین کە شیعر بن... شیعر.

● «یەکەم خاڵی بادانەوە» کە لە بۆتەی کورتە چیرۆکێکی، پەخشانێکی خەست و خووڵ دایە، شیاوی بڵاوکردنەوە نەبوو... لەناو تەم و مژ و ڕەمزدا خنکاوە... داوای لێبوردن دەکەین.

● «شەڤ یار» ئەڤ چیرۆکا کورت ل سەر گوتنا کەوایە گەلەکا لاوازە... بۆ بەلاڤکرنێ دەست نادەت. داوای لێبوردن دەکەین...

● «هیڤی ێن دلەکێ سنجری» ئەڤە هوزانەکا لاوازەو دەست نادەت... کاکێ برا ببوورە...

● برایان: «ڤ. زیباری و م. مەردان و ص. ئەحمەدو دیسانەوە م. مردان» شیعرەکان لاوازن و لەڕووی ڕامیاریەوە ڕێگەیان پێنەدراوە، داوای لێبوردن دەکەین.

● «کاکی ئاوارە» نە ناونیشانت دیارە، نە ئەوەیە پەخشانەکەت و شیعرەکەت تاموبۆی شیعرو پەخشانی هونەرکاریان لێبێت... کاکێ برا ببوورە..

● خاوەن شیعری «خەبات» هێشتا خەباتی شیعرەکەت نەبووە بە خەباتێکی ڕاستەقینەو ڕووی شیعری هەبێ... زۆر پەلە مەکە هێشتا تەمەنێکی دوورو درێژت لەپێشەو باپشووت درێژ بێ...

● خاوەن هۆنراوەی «سەرکەوتوو ئەبین» شیعرەکەت لەڕووی ڕێنووس و دارشتنەوە ناتەواوە، بە زۆرە ملی سەروات داناوە، سەرەرای ئەمەش نیشانەت نە پێکاوە. زۆر بخوێنەوە ئەوسا دەست بکە بە شیعر دانان. با زمانەکەشت سفت وسۆو ڕەوان بێ...

● «گومان» شیعرێکی درێژی کاك ع.م. خدرە، ئیقاعەکەی تێك چووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەهرەی شیعری تیایە، ئەگەر شاعیر بە خۆی دابچێتەوەو دەستکاریێکی باشی بکات، ئەوە ڕێگەی خۆی بەرەو بڵاوکردنەوە دەگرێ... وا بۆ هاندانی کۆپلەیەکی لێبڵاودەکەینەوە:

**شۆخ و شەنگم**
**چاك بزانە... هەموو شەوێ**
**یادت دەبێتە مەلەوان،**
**لە دەریای خەیاڵی مەنگم**
**تیشکی چاوە گەشەکانت دەبنە مەشخەڵ**
**بۆ ڕووناکی شەوە زەنگم**
**جا کەواتە ئەی دولبەرم**
**گومان نەکەی بەرامبەرم**
**تا بمێنم لەم دونیایە**
**ئەوینی تۆم لەدڵدایە**

● «خوایە چیم دی» شیعرێکی کاك س.ح. هیوایە. ئێمەش شتێکمان بەدی نەکرد ناوی شیعر بێ، ئیتر کاکی شاعیریش هەقی خۆیەتی بڵێ خوایە چیم دی... ئێمە دەمانەوێ شیعری ڕەسەن بە چاوی خۆمان ببینین. دیارە جارێ ماویەتی...

● «دووبارە دەگەڕێینەوە» شیعرێکی وەرگێردراوە ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە سەریو وەری بگێڕینەوە، شتێکی تری لێ دەردەچێ... جا پێویست بە لێدوان ناکات.

● «ڕێبوارێکم» هێشتا هەر ڕێبواریو زۆرت ماوە بگەیتە هەوار، هەنگاوەکانت زیاتر گورج بکە، تا شیعرەکەت لە مۆرکی ڕاپۆرتیو شێوازی خیتابی دەرچێت و ڕووی ڕاستەقینەو ڕەسەن بە خۆیەوە بگری.

● «بویارەکەی کاك ص. ئەحمەد وەك یارەکەی بێ زەوقەو مەیلی دڵداری نیە... ئەو کاتە یارەکەی زەوقی دەبێ کە شیعرەکەی شاعیر لەو ئاستە نزم و لاوازەدا دەرچێ و هەنگاوی تر هەڵێنێ... ئێمەش چاوەڕوانین.

● «شیعری گرەو» گرەوی شیعری نەبردۆتەوە، هیواداریین جارێکی تر بیباتەوەو بەبڵاوکردنەوەی‌دا شاد بێ.

# گەف و گوڕی ناگەهنە چ درا . . !!

مللەتێ مە یێ عیراقیێ مەزن بکوردو عەرەب ڤە جوانترین نموونێت پاڵەوانیێو مێرینیێ دیارکرن دوان شەش ساڵێت چۆییدا ژشەڕی دژی دەستەکا زۆردار ل ئیرانێ.

لڤێرە تشتەکێ پێتڤیێ هەی دڤێت مروڤ خویا بکەت کو ئەگەر نە مللەتێ عیراقیباو ئەگەر نە ئەو پێك هاتن و ئێك دلیبا لناڤ بەرا کورێت عیراقێداو نە ئەو قوماندارییا پاڵەوانا سەرۆکێ قوماندار صدام حسێن با دەمێ سەرکێشیا ڤی مللەتێ مەزن دکەت . . ئەگەر ئەڤە هەمی نەبا . . رەنگە هەر مللەتەکێ دیبا . . نەدشیا خۆ لبەر ڤی شەڕێ قورس و گران راگریت بۆ دەمێ شەش ساڵێت رەبەق، نەدشیا خۆ بگریت لبەرانبەر پێنجەم لەشکر دجیهانێدا . . رەنگە هەر مللەتەکێ دیبادا گرفتاریو نەکامیو جودایی پەیدا بیت لناڤ بەرا وان داو هێزوشیانا ویدا هەر بەرەڤ کێمیێ چیت ودا هەر لاواز بن . .

بەلێ مللەتێ عیراقیێ پاڵەوان بکوردو عەرەب ڤە، بلەشکرو مللەت ڤە، بژن و مێرڤە، بقومانداری ڤە . . رۆژ بۆ رۆژێ هێزوو شیانا مەیا زێدە دبیت و مکوم تر دبیت و هێزێت مەیێت چەکدارێت پاڵەوان هندی وێڤە ترە هەرێ ریکێت نویترو پێشکەفتیتر بکار دئینن دکارو بارێت عەسکەریداو لەشکرێ مە چەکێ نویترو پێش کەفتیتر پێ بکار دئینیت دشەڕیداو دربێت وەسا پێ ددانە دوژمنی کو چو جاران وان دربا ژبیر نەکەن . .

ئەڤجا بلا هەر خومەینیو رەفسەنجانیو دویڤەلانگێت وان خۆ بهەلکێشن و گەف و گوڕیا لمیراقیێو عیراقیا بکەن بەلێ وێڤەو کویڤە . . ئەو نەشێن قەت ئنیەتێت خۆ یێت چەپەڵ بسەرێ عیراقێدا بجهـ بینن . . ئو ئەو کت و ماتێت ساروخا یێت کو رژێیا سوریو لیبیو قەوارێ زایۆنی ددەتە وان داکو گوندو باژێرو گەرەکێت مە پێ تۆپ باران بکەن و زاروك و ئافرەت و پیرو کالا پێ بکوژن . .

بەلێ بلا ئەو باش بزانن کو ئەم ڤێ چەندێ بۆ ناهێلین . . وەکو سەرۆکێ مەیێ قوماندار صدام حسێن خودێ بهێلیت دیارکری دوێ نامەیا خۆدا بۆ مللەتێ عیراقی کو ئەم هەر دێ بەرسڤا وان دەین بەلێ ئەم دزانین کا دێ چەواو کەنگی دێ بەرسڤا وان دەین و چەوا دێ تۆلێت خۆ ژوان ڤەکەین و ب چ رەنگی . .

ئەڤەژی نەکو ژ بێهێزیو لاوازییە . . بەلکو ژجهێ هێزوشیانێیەو ژرەنگێ کارێت مێرخازایەو خورت وژ زیرەکا . . .

● مختار فائق ●

بەیان

مجلة ادبية شهرية

تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية

وزارة الثقافة والاعلام

بغداد

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير

مصلح مصطفى الجلالى





**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publishing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

دار الحرية للطباعة

نرخی (200) فلسە